www.pertwk.com

# بنەماکانی دارِشتن
# لە میدیاکاندا

www.pertwk.com

www.pertwk.com


نووسینی

**ئومێد مەسعودی**


وەرگێڕانی لە فارسییەوە

**مەجید ساڵح**

2002

بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان

www.pertwk.com

*بنەماكانی دارشتن لە مێدیاكاندا

*نووسینی: ئومێد مەسعودی

* بلاوكراوەكانی بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران زنجیرە (3)

*وەرگێرانی لە فارسییەوە: مەجید ساڵح

*تایپ و نەخشەسازیی: سەلاحەدین عوسمان/كۆمپیوتەری داریاس

* فەرزی بەرگ: جەلیل حسێن

*چاپخانەی: تیشك

* تیراژ: 750

* ژمارەی سپاردن: ( 157 )

www.pertwk.com

www.pertwk.com

دەزانم رۆژنامەنووسی شتێك نییە فێری خەڵك بكرێت، پێویستە مرۆڤ تێیدا قاڵبێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەشێ هەندێك لەئەزمونەكانی خۆمتان بۆ بگێڕمەوە.

هیچ تیۆرییەك لەم بارەیەوە نییە، چونكە راستیەكان تیۆرییان نییە، خۆیان شتەكان دەگێڕنەوە، پێویست دەكات لەو گێڕانەوەوە فێربین.

**گابریل گارسیا ماركیز**

www.pertwk.com

www.pertwk.com

# پێشەکی

خوێنەری خۆشەویست ئەم کتێبەی کە لەبەردەستتدایە, باس لە یەکێك لە گرنگترین ئەرکەکانی رۆژنامەنووس دەکات کە چۆنیەتیی دارشتنی پەیامەکەیەتی بۆجەماوەر. ئەو زمانە دەبێتە پردێکی پەیوەندیی چالاك لە نیوان رۆژنامەوانی وەك ئینستتیۆتە کومەڵایەتی و کۆمەلانی خەلك. زمانی رۆژنامەوانیش وەك هەر دەقێکی‌تر تایبەتمەندێتیی خۆی هەیە. هەر لەو چواچێوەیەشدا لایەنە پۆزەتیفو نێگەتیڤەکانی دەقی رۆژنامەوانی هەڵدەسەنگێندریت. گومانی تێدانییە وەرگێرانی کارێکی وا سادەو ئاسان نییە, چونکە هەلومەرجی رۆژنامەوانی هەر ولاتێك خاوەنی خەسلەتو تایبەتمەنێتیی خۆیەتی، بەلاّم لە خاڵێکدا یەك دەگرنەوە, ئەویش بریتییە لەوەی بە کام شێوە رۆژنامەوانی دەبێت لە کاتی ئامادەکردنی دەقەکەی هەڵسوکەوت لەگەڵ نووسسیندا بکاتو کام شێوە بەکاربهێنێت؟ خودی ئەمەش ئەرکی سەرەکیو یەکەمی رۆژنامەوانە لە هەر کونجێکی ئەم دونیایەدا. نووسەری ئەم کتێبە سودی زۆری لە ئەزموونی رۆژنامەوانانی دونیا وەرگرتووە, نموونەی دەقی سەرکەوتووی خستووەتە بەردەستمان, ئامۆژگاریی بە پێزی کردووین, بێ هیچ گومانو دوو دڵییەك ئەم کتێبە بۆ رۆژنامەوانی‌کورد بە کەڵك دەبێت, دەتوانن وەك دەلیلێکی رۆژنامەوانی لە کاتی نووسیندا بەکاری‌بهێنن, ئامۆژگارییەکانی لە بەرچاو بگرنو سوودی لێ وەربگرن. لە کۆتاییدا دەستخۆشی لە وەرگێر دەکەمو بە دڵنیاییەوە دەڵێم وەرگێرانی لەم جۆرە بەرهەمانەکتێبخانەی کوردی دەوڵەمەندتر دەکات.

د.موەفەق دەرگەلەیی

سەرۆکی بەشی راگەیاندن

زانکۆی سلێمانی

www.pertwk.com

□ **پێشـــــــــــــــــــــــــــــــەکی**
.......................................................
7...............
**ڕەچـــــــاوکردنی ســـــــــادەیی لـــــــــە دارِشــــــــــتنی چاپەمەنییەکاندا**.........................10
□ **شــــــێوازی دارِشـــــــتن لـــــــە چـــــا پەمەنییەکاندا-( فەســـــــڵی یەکەم )**..................14
*شـــــــــــــــێوازی دارِشـــــــــــــــتن لـــــــــــــە چاپەمەنییەکاندا.......................................17
*گرنگیـــــــــــــی شـــــــــــێوازی دارِشـــــــــتن لــــــــــە چاپەمەنییەکاندا................................19
*پەیـــــــــدابوونی شـــــــــێوازی دارِشـــــــــتن لـــــــــە چاپەمەنییەکاندا.........................20
*تایبەتمەندییـــــــــــــــــەکانی دەقـــــــــــــــــــــــی ڕۆژنامەوانی.......................................22
*مینـــــــــی مـــــــــالیزم لـــــــــە بەرامبـــــــــەر پۆســــــــــت مۆدێرنیزمدا...........................29
*مینـــــــــــــی مالیســــــــــــــتەکان چـــــــــــــی دەڵێن؟..............................................31
□ **ســــــــــــادە نووســـــــــــین-( فەســـــــــــڵی دووەم )**..........................................38
*گۆشــــــــــــــە نیگـــــــــــــای باشـــــــــــــتر هەڵبژێرن..............................................40
*پشـــــــــــــت بـــــــــــــە بـــــــــــــەدیهیات مەبەستن..............................................41

www.pertwk.com

*خۆتـــــــــــان لـــــــــــه درێـــــــــــــژ دادرِی دووربخەنەوە......................................42
*خۆتـــــــــان لـــــــــه کەڵەکـــــــــەکردنو زیـــــــــادەرِۆیی بپارێزن................................43
*بەرِاشـــــــــــــکاوەیی قســـــــــــــەی خۆتـــــــــــان بکەن........................................44
*دەســــــــــــــــتەواژە زیادەکـــــــــــــــان فرِێبدەن.........................................45
*وشـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــه رِەنگینـــەکان.................................................47
*وشـــــــــــــــــــــه رِەنگـــــــــــــــــــاوی کراوەکان.....................................................49
*زاراوه بـــــــــــــــــــــــــــــــــــــێ رِەنگەکان.....................................................51...
( **فەسڵی سێیەم** ).
❑ **ئاشنایی لەگەڵ شێوازی ( ئارنست هەمنگوای، گارسیا مارکیزو تۆم وۆڵف )**...53
*شـــــــــــــێوازی دارِشـــــــــــــتنی ئارنســـــــــــت هەمنگوای.................................53
*شـــــــــــێوازی دارِشـــــــــــتن لای گارســــــــــــیا مارکیز.....................................55
*شـــــــــــێوازی دارِشـــــــــــتن لای تـــــــــــۆم وۆڵف........................................57

www.pertwk.com

*تایبەتمەندییەکانی شێوازی ڕۆژنامەوانی..................................59
□ **دەقی ڕۆژنامەوانی لە ناڕوونییەوە تا ئاشکرایی-( فەسڵی چوارەم )..61**
*پێناسەی دارشتنی ڕۆژنامەوانی.........................................62
*شیکردنەوەی ناوەرۆکی (10)پێناسە بۆ وەڵامدانەوەی هەشت پرسیار.65
*ڕەوتی مێژوویی دەقی ڕۆژنامەوانی.....................................66
*شێوەی هەرەمی سەرەوژێر کراو.........................................66
*پێناسەی هەواڵو زمانی پێوانە..........................................69
*زمانی پێوانەو ڕەگەزەکانی بەدبینی......................................71
*جیاوازی دەقی ئەدەبیو دەقی ڕۆژنامەوانی.............................73
*ڕەگی بەدبینی لە دەقی ڕۆژنامەوانیدا....................................73
□ **سەرچاوەکان لای ڕۆژنامەکەیە-( فەسڵی پێنجەم )**.....................75
□ **خراپ نووسینو مەجهول نووسین-( فەسڵی شەشەم )**....................78

www.pertwk.com


❑ **چـۆنییەتی دارشـتنی بابەتـە زانسـتییەکان لەمێدیاکانـدا-( فەسـڵی حەوتـــەم )**..............................................82.....................

*چـــوار بنــــەما بــــۆ دارشــــتنی مێـــــدیایی بابەتـــــە زانستییەکان..................83

❑ **کــــــــــورت نووســـــــــین-( فەســـــــــڵی هەشتەم )**..........................................99

*بـــــــــــــــــۆ بـــــــــــــــــەکورتی دەنووسـین؟..................................................100

*چـــــــــــۆن بـــــــــــــــە کـــــــــــــورتی بنووســـین؟...................................................101

❑ **چۆنییەتی دارشتن لە رۆژنامەوانیی ئەلکترۆنیدا-( فەسڵی نۆیەم )**.104

*ئەنــــــــدازیاریێتیی پـــــــەیام لــــــــە رۆژنامـــــــــەوانیی دیجیتاڵدا.........................105

*بــــــاش نووســــــین لــــــــە رۆژنامــــــــــەوانیی دیجیتاڵیدا..............................107

*نووســــــــــینی هـــــــــەواڵ لــــــــە راگەیانــــــــدنی ئەلکترۆنیدا...........................108

*ســــــــــتایلی نووســـــــــــینی هـــــــــــــەواڵی ئەلکترۆنی....................................110

*سەرچـــاوەکان..............................................113.................

www.pertwk.com

## ▫ڕەچاوکردنی سادەیی لە داڕشتنی چاپەمەنییەکاندا

نووسینی: فیلیپ گایار

شێوازی ڕۆژنامەوانی (ژۆرنالیستی)، لە پێش هەر شتێکدا ئامانجی ئەوەیە کاری خوێندنەوەو تێگەیشتن لای خوێنەرە ئاساییەکان ئاسان بکاتەوە. ئامانجێکی تری ئەوەیە پرۆسەی خوێندنەوە لای خوێنەر دڵگیر بکاو وای لێبکات ببێتە شاهیدێکی ناڕاستەوخۆی ڕووداوەکان. بابەتێکی هەواڵی بە گشتیو ڕیپۆرتاژێك بە تایبەت، نابێت گێڕانەوەیەکی وشكو بێگیان بێت، بەڵکو دەبێت ئەو بابەتانە خوێنەران ببەنە ناخی ڕووداوەکانەوە. هەر لەبەر ئەمەشە لە هەندێ گۆڤاردا نەبێت، ئەگینا شێوازێکی ڕۆژنامەوانیی یەکسانو یەکگرتوو نییە. هەر بابەتێك بە شێوازێکی تایبەت دەنووسرێتەوە. دۆزینەوەیەکی پزیشکیی نوێ وەك بابەتی کێبڕکێیەکی فوتباڵ نانووسرێتەوەو حەتمەن نابێت هەواڵی شەڕوشۆڕی دانیشتنێکی پەرلەمان، بە هەمان شێوازی گێڕانەوەی ژیانی ئەستێرەیەکی سینەمایی بنووسرێتەوە.

www.pertwk.com

تەنانــەت لــە مەســـەلەیەکی تایبەتیشــدا، دەبێــت شــێوازەکان هێنــدە جیاوازو فرە چەشن بن کە ڕۆژنامەنووسێك بتوانێت کەسایەتیی خۆی بەو شێوازەی کە خۆی هەڵیبژاردووە بیخاتە ڕوو، بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەم جیاوازییانە نابنە هۆی ئەوەی کە هەندێك ڕێساو یاسای گشتی هەیە، ڕەچاو نەکرێن. وەك ڕاسین[1] و کورنیل[2] لەکاتی نوسینی شانۆ کلاســیکییەکانیاندا ســێ بنەماکــەیان[3] ڕەچــاوکردووەو شــێوازو بلیمەتیی خۆیان هەبووە، لە ڕۆژنامەوانیشدا دەبێت ئەم سێ بنەمایە: سادەیی، ڕاستەقینەیی و زیندوێتی ڕەچاو بکرێت.

سـادەیی، خەسـڵەتێکی دیـاری شـێوازی نووسـین و ڕۆژنامەوانییـە. هــەموو بابەتــەکان دەبێــت بــە شــێوازێك بنووســرێنەوە کــە کۆڵکــە خوێندەوارێکیش لێیان تێبگات، تەنانەت با خوێنـەرەکانی ڕۆژنامەیـەك خـەڵکی خوێنـدەوار یـان ئەوانـە بـن کـە ئاسـتی ڕۆشـنبیرییان بـەرزترە لەناوەنـد، بـەڵام نابێـت ئـەوە لـە یـاد بکـەین کـە ئـەوانیش لـە کـاتی پشـوودان و دەسـت بەتاڵیـدا ڕۆژنامـە دەخوێننـەوە، بۆیـە ناکرێـت ئـەو کاتەیان بە خوێندنەوەی بابەتی قورس بکوژن. ئاساییە ئاسان نووسین لـە هـەمان کاتـدا شـێوازێکی سـەختەو بـەزۆری لـە ئـەنجامی ئـەزموونی شەخسـی دێتـە بەرهـەم و ناتوانرێت ڕێسـایەکی بـۆ دابنرێت. لە هـەمان کاتـدا دەبێـت لـە بـارەی ئـەو زاراوانـەی کـە نووسـەر لـە بابەتەکەیـدا بەکاریان دەهێنێت، هەندێك خاڵ دەستنیشان بکرێت. نـەك هـەر دەبێت زاراوەی نامۆو نەناسراو بەکار نـەهێنرێت، بـەڵکو لـە کاتی ناچاربوونی

---

1-(Racine)-(1639-1699) شاعیرو تراژیدیا نووسی فەرەنسایی.

2-(Corneile)-(1606-1684) شاعیرو دراما نووسی فەرەنسایی.

3-شانۆی کلاسیك لەسەر سێ بنەما (کات، شوێن، بابەت) بینا دەکرێت.

www.pertwk.com

بەكارهێنانی زاراوەیەكدا، پێویستە لە پاڵیدا ڕوونكردنەوەی پێویست بنووسین و هێندە دووبارەی بكەینەوە تا بە لای خوێنەرە ئاساییەكانەوە ئاشنا دەبێت و نابێتە جێگەی گومان.

خوێنەرێك ئەگەر لە مانای شتێك نەگات، یان باش لێی حاڵی نەبێت، ئەگەر لە كاتی بەكارهێنانیدا ڕوونكردنەوەی پێویست دابنرێت، ئەوا بە باشی لە ماناكانی دەگات. ڕەچاوكردنی سادەیی، لە یاساكانی شێوەی ڕستە بەندییشدا گرنگەو دەبێت لە بەكارهێنانی ڕستەی دوورو درێژو ئاڵۆز، كە زۆر بە زەحمەت پێكەوە گرێ دەدرێن، خۆمان بپارێزین. بەكارهێنانی ڕستەی كورت و سادە، هۆكارێكی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە بابەتەكەو ڕۆژنامەوانێكی بە ئەزموون هەردەم بەكارهێنانی سێ ڕستەی كورت و جیا جیا بەباشتر دەزانێت، لە ڕستەیەكی دوورو درێژ كە دەبێت سێ چوار جار بخوێنرێتەوە، تا لە ماناكەی دەگەیت. لێكۆڵینەوەكان دەریانخستووە كە وشەی كورت و ڕوون بە لای خوێنەرانەوە زۆر دڵنشینترە لە زاراوەی قورس و درێژ.

خەسڵەتی ڕاستەقینەیی و وردبینی لە تایبەتمەندییەكانی شێوازی ڕۆژنامەنووسییەو دەبێت لە كاتی دارشتنی هەواڵدا زۆر بە وردی ڕەچاو بكرێن. نابێت ئەوەمان لە بیربچێت كە ئامانجی ڕۆژنامەنووسی ئەوەیە، ئەوەی لە بارەی ڕووداوێكەوە دیویەتی یان دەیزانێت یان بیستوویەتی، وەكو خۆی بیخاتە پێش چاوی خوێنەر یان گوێگرەكەی.

دووركەوتنەوەو ئاخنین و زیادەڕۆیی، بابەتەكان دەكاتە ڕاپۆرتی كۆبوونەوەو خوێنەران گێژو گومڕا دەكات. لە جیاتی ئەوەی بیباتە ناو ڕووداوەكەوە، دووری دەخاتەوە. دەبێت هەر وشەو ڕستەیەك بۆ خۆی ڕەگەزێكی تەواوی هەواڵ بێت. لێرەدایە گرنگیی هەڵبژاردنی وشەكان و وردبینی لە بەكارهێنانیاندا، ڕوون دەبێتەوە، دەبێت تا بۆمان دەكرێت

خۆمان لە بەکارهێنانی وشە بە تایبەت ئەو وشانەی کە ماناکانیان ڕوونو ئاشکرانین، بپارێزین.

سادەییو یەکلایی، نووسینەکان دەباتە ئاستێکەوە کە دەکرێت پێی بوترێت زیندوێتی لە شێوازدا، بەڵام تەنیا ئەمە بەس نییە بۆ ئەوەی شێوازێك بە تەواوەتی زیندووبێتو سەرنجی خوێنەران بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، دەبێت شان بە شانی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕووداوەکە، کەڵك لە هەندێ شتی تریش وەربگیرێت. بۆ نموونە دەتوانرێت باسی ڕووداوەکە بە کاتی ئێستا بنووسرێت یان هەندێ جار لەڕێگەی ڕستەی لا بە لاوە گۆڕەپانی ڕووداوەکە دیاری بکرێتو بە بەکارهێنانی هەندێ پێوانە، حاڵەتێکی زیندووتری پێ ببەخشرێت.

ئەم کارانە لە کاتێکدا کاریگەر دەبن کە لە ئاستی خۆیان دەرنەچن. ئەگەر نووسەرێك بیەوێت نووسینەکەی بکاتە قوربانی شتی لاوەکییەوەو قەد بکاتە قوربانی گەڵاو لاسك، ئەنجامێکی پێچەوانەی دەست دەکەوێت. ڕۆژانێك وا باو بوو کە شەرحی ڕووداوی بابەتێك دەبوو بە سیفەی کەسی یەکەمی تاك بنوسرێتەوە، بەم جۆرە خوێنەر شوێنی پەیامنێرەکەی گرتەوە.

بەڵام ئەمڕۆ ئەم شێوازە جگە لە هەندێ ڕیپۆرتاژی درێژو کەم تا زۆر وروژێنەردا نەبێت، بەکارناهێنرێت. لێرەدا ماوەمان نییە باس لە تایبەتمەندییەکانی شێوازەکانی هەر "ڕۆژنامەنووسێك" بکەین، بەڵام ئاشکرایە کە هیچ ڕۆژنامەنووسێك لە کاتی ڕێکخستنو داڕشتنی بابەتەکەیدا، ئامانجی ئەوەنییە شاکارێکی ئەدەبی بنووسێتەوە. بە پێچەوانەوە لە قوتابخانەی نوێی ڕۆژنامەوانیدا زۆرترین ئازادی دەدەن بە پەیامنێرە ناودارەکان، تاکو بە شێوازی تایبەتیی خۆیان بنووسنو کەسایەتیی خۆیان وەك نووسەر ئاشکرا بکەن.

www.pertwk.com

## ▫ شێوازی داڕشتن لە چاپەمەنییەکاندا

**دەکرێت تێکڕایی مەبەستەکانی ئەم نووسینە، لەم بەیتە شیعرەی شاعیری ناوداری ئێرانی (نزامی گەنجەوی)دا کورت بکرێتەوە:**

**کم گوی و گزیدە گوی چوون دُرّ — تاز أندك تو جهان شود پُر**

بۆ ئەوەی بە دروستی لە مانای شێوازی داڕشتن لە چاپەمەنییەکاندا بگەین، پێویستە سەرەتا بە هۆشیارییەکی تەواوەوە لە مانای "شێواز"[1] بگەین تاکو ئاسانتر لە واتای شێوازی چاپەمەنییەکان حاڵی ببین.

پێناسەی شێواز (سبک):

---

1-(STYLE)-بە فارسی (سبك) بەکارهاتووە.

www.pertwk.com

وشەی (سبك) عەرەبییەو بە فتحی (س)و سکونی (ب). وشەی (سبك) لە فەرهەنگی فارسی (عمید) بە مانای تواندنەوەی کانزا لە قاڵبداو کانزای تواوە لە قاڵب خستن‌و ڕازاندنەوەو ڕێکخستنی وشەی باش هاتووە. لە فارسیدا جگە لەوە وشەی (ریخت، طرزو روش) بەکار دەهێنرێت[2]. (حسین عماد ئەفشار) ئوستادی دروست نووسین لە چاپەمەنییەکاندا بەم جۆرە وەڵامی پرسیاری (شێواز–سبك) چییە؟ دەداتەوە:

(سبك) لە مانادا بە واتای تواندنەوەو ورژاندنی کانزاو سیمە بۆ ناو قاڵب‌و لە مانا ئەدەبییەکەیدا بریتییە لە ڕەوشێکی تایبەت کە لە هەڵبژاردنی وشەو لێکدانی وشەو شێوەی تەعبیری خستنە ڕووی ئەندێشەدا بەکاردێت‌و لە مەیاندا بەرامبەر وشەی (Style)ی زمانە ئەوروپاییەکانەو لەوێشدا دەڵێت" وشەی (ئستێل) لە (Stilus)ی یۆنانییەوە هاتووە کە واتاکەی (ستوون)[1]ە. دکتور (محەمەد تەقی غیاثی) ئوستادی ئەدەبیات بە ئیشارەت بۆ شێوازو شێواز ناسی، دەنووسێت" "یەکەمین کەس کە گیانێکی تازەی دایە شێواز ناسی، (شارل بارلی) بوو. ئەو لەوە تێگەیشت کە لە کەرەستەکانی بەیاندا دەبێت بە دوای شێوازدا بگەڕێین. بۆیە لە ناو زاراوەکاندا لێکۆڵینەوەی کردو ناوی نا زانستی هۆکارەکانی دەربڕین"[2]. بە بڕوای دکتور (غیاثی)، "هۆکاری سەرەکی لە شێوازدا چۆنییەتیی قسەکردنە".

---

2-**فەرهەنگی عەمید-جلد دو.**

1-**شێوە نگارش فارسی در** مطبوعات-**حسین عماد افشار.**

2-د.محمد تقی غیاثی، در آمدی بر سبك شناسی ساختاری-انتشارات **شعلە، ندیشە،** ص6.

www.pertwk.com

له دیدی کۆمەڵناسی ئەدەبییەوە "چۆنییەتی قسەکردن" لەئەنجامی پەیوەندیی قاڵبە فکرییەکانی نووسەر لەگەڵ بونیادە گشتییەکانی ژینگەکەی دێتە بوونەوە. شێوازی کاری هەر نووسەرێك، گرێدراوە بە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی سەردەمەکەیەوە. ئەندێشەکانی نووسەر خۆی لە هەناوی زمانەکەیدا دەبینێتەوە، سیستمی دەسەڵاتدارو خواستەکانی هاووڵاتیانی هاوچەرخی و بەرژەوەندییە چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندیی گرنگی نووسەرو خوێنەر کارێکی وا دەکەنە سەری کە (شێوان)ەکەی جیاوازبێت لە شێوازەکانی تر. بەم جۆرە دەبێتە خاوەنی شێوازی خۆی.

دکتور (مرتضی کـُتبي) لەپێشەکیی کتێبی "کۆمەڵناسیی ئەدەبیات" کە لە نووسینی "روبرا سکارپیت"[1]ە، بەمجۆرە باس لە خواستەکانی دارشتن و شێوازی نووسەرێك دەکات:

> "بەرهەم هێنانی ئەدەبی دەگەڕێتەوە بۆ نووسەر، دەگەڕێتەوە بۆ پێگەی کۆمەڵایەتی و جۆری کارەکەی و تێڕوانینی ئەو بۆ چینە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو نەتەوانەی کە بەرهەمەکەی دەخوێننەوەو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاریگەرییەی کە ئەو نەتەوانە بە خوێندنەوەی بابەتەکە لە سەریان جێدەمێنێت. دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان تاقمە جیاجیاکانی خوێنەران لەگەڵ لایەنە جیاوازە فیکری و فەلسەفی و دەروونی و سۆزدارییەکانی ئەودا هەیەتی. لێرەدا ڕەهەندی مێژوویی و جوگرافیای نووسەرەکەش لەبەر چاو دەگیرێت. پەیوەندیی نووسەر لەگەڵ خەڵکی ئێستا و داهاتوو، جا چی لە وڵاتەکەی خۆیدا

1- Robert Escarpit

www.pertwk.com

بێت یان دوور لە کولتوری زمان و فەرهەنگی سیاسی و نەتەوەیی نووسەرەکەوە بێت، هەر هەموویان لە چوارچێوەی کاری بەرهەم هێناندان"[2].

کەواتە هەر شێوازێکی نووسین هەڵقوڵاوی بونیادە کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژگاری نووسەرەکەیەتی. دکتور "محمد رضا باطني"، ئوستادی زمانناسی زانکۆی تاران لە پێناسەی شێوازدا دەڵێت:

"زمان بەپێی ئەو هەلومەرجە گۆڕاوانەی کە تێیدا بەکاردێت و بەپێی ئەو ئەرکە جیاجیایانەی کە لە ئەستۆیدایە، چەندین جۆری لێدەکەوێتەوە.. بەو (جۆرانە) کە لە جیاوازیی بەکارهێناندا سەرهەڵدەدەن، دەوترێت "شێواز" لە شیکردنەوەیەکی وردتردا دەگەینە ئەو قەناعەتە کە زمان بەستراوە بە سێ هۆکاری گرنگەوە: بابەت، هۆکاری دەربڕین، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بێژەر و بیسەر"[1].

*شێوازی دارشتن لە چاپەمەنییەکاندا:

ئێستا کە تا ڕاددەیەك ئاشنایەتیمان لەسەر مانای (شێواز) پەیداکردووە و زانیمان کە شێوازی نووسەرێك بەند و بەستراوەتەوە بە پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا دەژی، لێرەدا دەست دەکەین بە شیکردنەوەیەکی کورتی شێواز لە چاپەمەنییەکاندا، ئەگەر بەوە بزانین کە شێواز جۆری وتن یان نووسینی نووسەر یان شاعیرە، ئەوا خاوەن شێواز "لە هەموو قۆناغەکاندا، هەر لە هەڵبژاردنی بابەتەوە بگرە تا

---

2-رۆبرت اسکارپیت-جامعه شناسی ادبیات، مترجم: مرتضی کتبی، ص5.

1-محمد رضا باطني/جامعه شناسی زبان، فصلنامه فرهنگ و زندگی، ش22،21، ص25.

www.pertwk.com

دەگاتە جۆری وشەو ئاوازو سیاقی نووسین، کاریگەریی خۆی لە سەریان بەجێدەهێڵێت"[2].

بۆ ئەوەی یەك لایەنە نەچووبێتینە لای دادوەر، لێرەدا دوو جۆر لە شێوازی دارشتنی لە چاپەمەنییەکانی ئێران دەخەینە ڕوو. یەکەمیان لە ڕۆژنامەی (کاغذ اخبار)ە کە یەکەمین بڵاوکراوەی دەوری شای ئێرانەو لە ساڵی (1252ك.هـ-1873ز) چاپ بووە، ئاگاداری نامەیەکە بۆ دانیشتووانی مەملەکەتی پارێزراوی ئێران.

**اعلام نامه ایست که به جهت استحضار ساکنین ممالك محروسه در ایران قلمیو تذکره می نماید**

**"بر رای صوابنمای ساکنین ممالك محروسه فخمی نما ناد که هِمَّت ملوکانه اولیای دولت علیه معروف براین گشته است که ساکنین ممالك محروسه تربیت شوند و أز آغا که اعظم تربیت آگاه ساختن از کار جهان است لهذا به حسب حکم شاهنشاهی کاغذ اخباری مشتمل به اخبار شرقیه وغربیه در دار الطباعه بستاد به اطراف و أکناف فرنستاده خواهد شد اما اخبار شرقیه عبارت است از عربستان، آنا تولی وارمن زمین وایران وخوارزم وتوران وکبیر فعلستان وتبت وچین وماچین وهندوستان سند وکامل قندهار وگیجو مکران واخبار غربیه عبارت است از بروپ یا فرنگستان وفریقا وامریکا یانیکی دنیا وجزایر متعلقه به أنها مختصراً هر آنچه طُرفة بوده وتازگی داشته باشد واستماع آنها مورپ آگاهی ودانستن وعبرت اهانی این مملکت خواهد بود ماهی یك مرتبه در دار الطباعه پیت وبهمه ممالك انتشار خواهد نمود".**

**"شاراوە نیە بەلای رای سەوابی دانیشتووانی مەملەکەتی پارێزراو کە هیمەتی شاهانەی ئەولیای دەوڵەت لە وەدایە کە دانیشتووانی مەملەکەتی پارێزراو پەروەردە بکرێن، لەبەر ئەوەی گەورەترین پەروەردەش ئاگادار**

---

2-**سیماداد-فرهنگ** اصطلاحات **ادبی، تهران انتشارات مروارید، ص**164.

www.pertwk.com

> کردنەوەیانە لە کاروباری دنیا، بۆیە بەفەرمانێکی شاهەنشاهی (کاغز اخبار) ێك کە تێیدا هەواڵەکانی شەرق و غەربی تێدا بڵاو دەکرێتەوە لە (دار الطباعة) چاپ دەکرێت و بۆ هەموو لایەك ڕەوانە بکرێت. هەواڵی شەرقی بریتییە لە عەرەبستان، ئانتاتۆلی و ئەرمەن و ئێران، خوارەزم و توران و سیبریا و مەغولستان و تبت و چین و ماچین و هندوستان و سندو کابول و قەندەهار و گیج و مکران و هەواڵی غەربیش بریتییە لە ئەوروپا یان فەرەنگستان و ئەفریقیا و ئەمریکا یان بانگی دونیا و دورگەکانی سەر بەوان، بە کورتی هەر شتێك سەیرو تازەبێت و مایەی ئاگایی و زانیاری و عیبرەت بێت بۆ خەڵکی ئەم مەملەکەتە، مانگانە لە (دار الطباعة) دەنووسرێت و لە تەواوی مەملەکەتدا بڵاودەکرێتەوە"[1].

ئەوەی ئەو داڕشتنەی "کاغز اخبار" لە داڕشتنی ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆی ئێران جیادەکاتەوە، تەقەلای ئەوە بۆ ئەوەی سادەو ڕەوان بنووسێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش لەبەر تێکەڵاوبوونی زمانەکانی عەرەبی و تورکی و لاتینی لەگەڵ زمانی فارسیدا نووسین بە شێوازی سادەو ساکار، کارێکی دژوارو پڕ زەحمەت بووە بۆ پێشەنگەکانی چاپەمەنیی ئێرانی. دەکرێ ئەمڕۆ هەموو ئەو ئاگاداری نامەیەی سەرەوە بە چەند دێڕێك و بەم جۆرەی خوارەوە بنووسرێتەوە:

ئاگادارییەک بۆ هاووڵاتیان:

> "بە لای هەموو هاووڵاتیانەوە شاراوە نییە کە حکومەت، هەردەم لە تەقەلای ئەوەدا بووە کە هاووڵاتیان پەروەردە بکات، بەو پێیەی کە ئاگاداربوون لە هەواڵە جیهانییەکان ڕۆڵێکی کاریگەر لە پەروەردەکردنی خەڵکدا دەبینن، بە پێی فەرمانی شا، ڕۆژنامەی (کاغز اخبار) مانگی جارێك هەواڵەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی خەڵك بڵاودەکاتەوە".

---

1-نخستین کوشش، به اهتمام سید فرید قاسمی-خانه ومطبوعات، ص10.

www.pertwk.com

بە تێڕامان لەو دوو دەقەی سەرەوە جیاوازیی نێوان داڕشتن لە سەردەمی قاجاریو ئێستامان لە ڕۆژنامەکانی ئێراندا بۆ دەردەکەوێت. نزیکیی (بکەر)و (کردار) لە ڕستەکانو وەلا نانی وشە زیادەکان، دەکرێت لە ڕیزی ئەو جیاوازییانەدا دابنرێن کە لە نێوان هەر دوو شێوازەکەدا هەیە. دەکرێت تۆش لە ڕێگەی بەراوردکردنی دوو دەقی کۆنو نوێدا، جیاوازیی نێوان شێوازەکانت بۆ دەربکەوێت. بۆ ئەوەی بتوانین دوو شێواز لە یەکتری جیا بکەینەوە، دەبێت ئاشنای "شێواز نووسین" بین، شێواز ناسین ئێستا ئاوێتەی "زمانناسی" بووە.

*گرنگیی شێوازی داڕشتن لە چاپەمەنییەکاندا:

لەبارەی گرنگیی شێوازی داڕشتن لە چاپەمەنییەکاندا هێندە بەسە کە دەڵێین شێواز روخسارو پاسەوانی "زمانی پیوانەیە-ستاندارد" لەکۆمەڵگەدا. لە ڕاستیدا داڕشتنی ڕۆژنامەکان داڕشتنێکی (ستاندارد)ەو هەمان داڕشتنە کە لە ڕادیۆو (T.V)و کتێبەکانی خوێندنو بەکارهێنانی ڕۆژنامەی خەڵکدا بەکار دێت. دکتۆر (علی اشرف صادقی) ئوستادی ئەدەبیاتو زمانناسی بەم جۆرە باس لە "زمانی پێوانە-ستاندارد" دەکات:

> "زمانی پێوانە-ستاندارد، ئەو زمانەیە کە لە پشت دیالێکتە ناوچەییو کۆمەڵایەتییەکانەوە لە وڵاتێکدا بووەو بۆی هەیە، هۆکارێکی پەیوەندییو کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئەدەبییە، بۆ ئەو کەسانەی کە لەوانەیە لە هەلومەرجی تردا بە دیالێکتێکی ناوچەیی یان کۆمەڵایەتیی خۆیان ئاخاوتنی پێ بکەن. بە گشتی ئەم زمانە هەمان زمانی خوێندەوارانەو بە زۆری لەگەڵ زمانی نووسیندا یەکێکن، هەر ئەم زمانەشە کە لە ڕادیۆو تەلەفزیۆنو ڕۆژنامەکاندا بەکاردەهێنرێتو لە کاتی فێرکردنی زمان بۆ بیانییەکان کەڵکی لێ وەردەگیرێت. زمانی پێوانە، زمانێکە چەسپاوەو خاوەن بنەماو ڕێسازی

www.pertwk.com

خۆیەتیو دەبێت ئەوانەی قسەی پێدەکەن پەیرەویی لێ بکەن. ئەو بنەمایانە لە ڕێزمانەکاندا تۆمارکراوەو لە فوتابخانەکاندا دەوترێتەوە. مانی پێوانە، ڕاستیو نا ڕاستییەکانی زمان دەردەخات"[1].

کەواتە زانیمان "زمانی پێوانە–ستاندارد" زمانی ڕادیۆو (T.V)و ڕۆژنامەکان، پێوانەو سەنگی مەحەکە بۆ زمانەکانی ترو دوورو نزیکیان لە ڕێبازەکانی دەسەڵاتدار بەسەر زمانو کۆمەڵدا ئەم خاڵەش بۆ خۆی گرنگیی دەقەکانی ڕۆژنامەو شێوازی داڕشتن لە چاپەمەنیو ڕادیۆو (T.V)یەکانی هەر وڵاتێکمان بۆ ئاشکرا دەکات.

*پەیدابوونی شێوازی داڕشتن لە چاپەمەنییەکاندا:

لە سەرەتادا ڕۆژنامەکان بە کەڵك وەرگرتن لە نووسینی ئەدیبو شاعیرو تەنانەت ئەو فەیلەسووفانەی کە بڕواکانی خۆیانیان بڵاو دەکردەوە، دەستیان بە کار کرد، بگرە تاکو نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم، دەنگو باسو هەواڵو ڕووداوە زانستیو فەرهەنگیو سیاسییەکانیان لە شێوەی چیرۆكو گێڕانەوەی مێژووییدا بڵاو دەکردەوەو بە وردی ڕەچاوی باڵابوونی زمانەوانییان دەکرد.

دکتور "مارتین ئال گیبسن–Martin L. Gibson" ئوستادی ڕۆژنامەوانی لە زانکۆی تەکساس لەم بارەیەوە دەنووسێت" "کاتێك هەواڵی بەرەکانی جەنگ بڵاو دەکرایەوە، بە شێوەیەکی گشتی بە دیاریکردنی شوێنی ئۆردوگا سەربازییەکە هەر لە خۆر کەوتنەوە دەستی پێدەکردو بارودۆخی کەشو هەوا شی دەکرایەوەو باس لە دووکەڵی ئەو ئاگرەش دەکرا کە بەیانی زوو کرابووەوەو، هەر چوار لای چادرەکان وەسف دەکراو ئەنجا باس لە چۆنییەتی دەستپێکردنی شەڕەکە دەکرا.

---

1-دکتور علی اشرف صادقی-زبان معیار، ص48.

www.pertwk.com

دواتر باس لە بریندارو خوێن ڕشتن دەکراو لە کۆتاییدا ئاشکرای دەکرد کە ئێمە لە جەنگەکەدا شکستمان خواردووەو دەبێت سبەی لە پشتی مێزی وتووێژ دابنیشینو بە زمانی دوژمنەکانمان قسە بکەین[1].

بەلاّم بە هۆی پێشوازی کردنی خەڵك لە ڕۆژنامەو گرنگیی بلاّو بوونەوەی هەواڵەکان لە کاتی خۆیانداو هاتنە مەیدانی هۆکاری خێرایی لە گواستنەوەی هەواڵەکاندا، کەشێکی وا ڕەخسا تا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا جۆری داڕشتن لە چاپەمەنییەکاندا گۆڕانی تێ کەوت.

> "لە ساڵەکانی دەیەی 1860دا لە کاتی شەڕی ناوخۆی ئەمریکادا، پەیامنێرەکان بۆ پێشبڕکێ لەگەڵ کاتدا، هەواڵەکانیان لە ڕێگەی هێڵی تەلگرافەوە ڕەوانەی ڕۆژنامەکانیان دەکرد، بەلاّم زۆر جار بە هۆی بچڕانی ئەو هێڵانە لە ناوچەکانی شەڕدا، ئەو کارەیان سەری نەدەگرت. زۆر جار ڕۆژنامەکان لە کاتی وەرگرتنی هەواڵەکاندا یان ڕێك لەو کاتەی کە سەرکەوتوو یان ژێر کەوتوو دیاری دەکرا، هێڵی تەلگرافەکان دەپچڕا. زەرەر لەوە گەورەتر چییە؟
>
> سەر ئەنجام، ڕێکخەرەکانی هەواڵ داوایان لە پەیامنێرەکان دەکرد کە لە پێشدا کورتەیەکی هەواڵەکە بنێرنو لایەنی سەرکەوتوو دیاری بکەن. بەم جۆرە ڕێکخەرەکان لە ڕێگەی خوێندنەوەی لید (پێشەکی)یەوە دەیانزانی کە بابەتەکە بە شێوازی سەرکەوتن بنووسنەوە یان لەپرسەی شکستدا بن"[1].

پەیدابوونو سەر هەڵدانی شێوازی هەرەمی سەروژێر کراو کە تێیدا هەواڵە گرنگەکان لەسەرەوە دادەنرێنو کەم بایەخەکانیش لە ژێرەوە لە ئەنجامی هەلومەرجێکی وادا هاتە ئاراوە، هەرچەندە هێشتا کە لە داڕشتنی هەواڵی ڕووداوە کۆمەلاّیەتییەکاندا زیاتر کار بە شێوازی

---

1-دکتور "Martin L. Gibson" روزنامە نگاری در عصر الکترونیك، ص 109.

1-هەمان سەرچاوە.

www.pertwk.com

مێـژوویی دەکرێـتو بـە پێـی کـاتی ڕووداوەکـە نـەك گرنگییەکـەی هەواڵەکان دادەڕێژن، بەڵام ئاژانسەکانی دەنگو باس لە کاتی داڕشتنی هەواڵەکانیانـدا بـە زۆری کـەڵك لـە شـێوازی هـەرەمی سـەرەوژێرکراو وەردەگـرنو نووسـەرەکان هەوڵـدەدەن وەڵامـی هـەر شەشـە ڕەگەزەکـەی هـەواڵ کـە بـریتین لـە کـێ؟ کـەی؟ لـە کـوێ؟ چـی؟ بـۆ؟ چـۆن؟ بـە پێـی گرنگیی هەواڵەکە بدەنەوە.

*تایبەتمەندییەکانی دەقی ڕۆژنامەوانی:

ڕۆژنامـەش وەك ڕادیـۆو تەلەفزیۆنـەکان، ئـەرکێکی مێـدیایی هەیـە. واتە ئەرکی سەر شانی ئەوەیە پەیامێك لە سەرچاوەیەکەوە (پەیامنێر) بگەیـەنێت بـە (وەرگرێـك)، کەواتـە دەبێـت ڕۆژنامـەکان لـە ڕیـزی مـاس مێدیاکانـدا حسـابیان بـۆ بکرێـت، بـەڵام لێـرەدا خـاڵی سـەرنجڕاکێش لەوەدایە کە پـەیام وەرگرەکان (خوێنـەران) ژمارەیـان زۆرەو لـە خـەڵکی هەمەچەشن پێکهـاتوونو هـەر یەکـەیان تایبەتمەنـدیی خـۆی هەیـە. جا چی لە ڕووی ئاستی خوێندنەوەوە بێت یان لـە ڕووی تەمـەنو ڕەگـەزو پێگـەی چینایەتییەوە بێـت. جگـە لـە وانـەش هـەر یەکـەیان نیـازێکی جیایان هەیەو بە پێی خواستو نیازەکەیان بە دوای ماس مێدیاکاندا دەگـەڕێن، بـەڵام ئـەوەی حاشـا هەڵنـەگرە ئەوەیـە کـە هـەر هـەموویان دەیانـەوێت بابـەتی سـادەو ڕەوانو ورد بخوێننـەوە کـە دەبێـت بـە خێراتـرین کـات بگاتـە دەسـتیان. لەسـەر ئـەم بناغەیـە، ئەگەرچـی لـە شـێوازەکانی نووسـینی چاپەمەنییەکاندا هەنـدێ جیـاوازی دەبینرێـت، بۆ نموونە جیاوازی هەیە لە نێوان داڕشتنی بابەتێکی وەرزشـی لەگـەڵ بابەتێکی ئەدەبی، بەڵام جیاوازیی جۆری داڕشتنی بەو مانایـە نییـە کـە جۆرەکـانی تـر بـە گشـتی لەگـەڵ یـەکتردا نـاگونجێن، بـەڵام سـەرەڕای

www.pertwk.com

داڕشـتنی جیـاواز لـە ڕۆژنامەکانـدا، هەنـدێ تایبەتمەنـدیی هاوبـەش هەیە:

"ئـەو تایبەتمەندییانـەی کـە دەبێـت هـەردەم لەبـەر چـاو بگیرێـت، بـریتین لـە: گوتـاری ڕاسـتەوخۆ، سـادەیی، وردبینـی، کـورتی، ڕەنگـدار بوون[1] و زیندویێتی[2]".

شـێوازی داڕشـتن لـە چـاپەمەنییەکاندا، بـە تایبـەتی لـە نووسـینی ڕاپۆرتە هەواڵداو ئەو ڕاپۆرتانەی کە وەسفین لە ڕێگـەی تایبەتمەندیی "ڕەنگـدار"ی و "زینـدوێتی"یـەوە هێنـدەی تـر سـەرنج ڕاکـێش دەبنو خوێنــەر بــۆ لای خۆیــان ڕادەکێشــێ. بــەلام لــە نووســینی هەواڵــدا "ڕەنگدار" بوون هێندە گرنگ نییەو لە جێگەیدا "تازەیی"و "ڕاستی" ڕۆڵی سەرەکی دەبینن.

ڕەنگو وەسفکردن واتە خستنەڕووی پانتایی لە ڕێگـەی وشـەوە، واتە:

> "بەشــە بچــووکەکانی شــێوازی نووســەرێك کــە هــەموو دڵــە ڕاوکــێو جوانییەکانی دیمەنێك بۆ خوێنەر دەگێڕێتەوە، دەتوانێ ڕەنـگو درەوشـاوەیی بدات بە ڕاپۆرتەکەو زیاتر سەرنج ڕاکێشی بکات"[1].

لـە نووسـینی ڕاپـۆرتدا، ئـەوەی بابەتەکـە لـە سـادەیی و کـورتی دوور دەخاتەوە، بریتییە لەم هەشت هۆکارانەی خوارەوە کە بونیادی ڕاپۆرت پێك دەهێنن[2]:

1–گێڕانەوەیەکی کورت–Ance dotes

---

1–Colour

2-روزنامه نگاری خبر-قربانعلی پور مرادیان-بیژن نفیسی، ص51.

1-بنیاد ئامسون-گزارش نوسی، ص97.

2-هەمان سەرچاوە، ص 95.

www.pertwk.com

2–ڕەنگ و وەسف–Colour/ description
3–پێشینەی مێژوویی–History/ Backround
4–بەراوردکردن و پێوانەکردن–Contrasts/ Comparison
5–وێنە–Ellustrations
6–بەڵگە هێنانەوە–Argument
7–گێڕانەوەی قسە–Quotes
8–بەهاکانی هەواڵ–News values

لە بەرامبەردا هەواڵی ڕۆژنامەکان بە هۆی سادە نووسینی و ڕەچاوکردنی کورتیانەوە لەسەر بناغەی ئەم حەوت خاڵە: گشتگیری، ناوداری، بەرخود، گەورەیی و زۆری، ژمارەی تازەیی و سەرنج ڕاکێشی، لە لایەن ڕۆژنامەنووس یان لێپرساوی بەشەوە دەبرێتە لای سەرنووسەرو پاش ڕێکخستن و دانانی مانشێت، دەبرێتە بەشی ماکێت سازییەوە.

*جیاوازییەکانی شێوازی چاپەمەنی و ئەدەبی:

پرۆسەی گەیاندنی پەیام لە چاپەمەنییەکاندا لە کەشێکی خێراو ئاڵۆزدا بەڕێوە دەچێ. دژوارییی مەسەلەکەش لەوە دایە کە پەیامنێرو سەرنووسەرو ئەوانەی هەواڵەکان ڕێکدەخەن، دەبێت لە پاڵ "خێرایی"دا ئاگاداری "ڕاستی" بابەتەکان بن و وردبین بن، بەڵام ئەدیبەکان لە کەشێکی ئارام و ڕۆمانتیکیداو بە خەیاڵ دەست دەکەن بە نووسین، لە ڕۆژنامەکان و هەندێ جیاوازیی هەیە لەگەڵ دەقە ئەدەبییەکاندا. لێرەدا هەندێکیان دەخەینە ڕوو:

**1- پەیام نووسەکانی ڕۆژنامە:**

بە پێچەوانەی ئەدیبەکان، بۆ ئەو کەسانە نانووسن کە ئاشنای دەقی ئەدەبین و ژمارەیان کەمە. ئەوان ڕووبەڕووی ژمارەیەکی یەکجار زۆری خەڵك دەبنەوە کە بە لێشاو بەرەو ڕووی ڕۆژنامەکان دێن و بابەتەکانیان دەخوێننەوەو چاوەڕێی ئەوەش دەکەن لە مانای هەموو

www.pertwk.com

بابەتەکان بگەن. لە ناو ئەو لێشاوەدا خەڵکی کۆڵکە خوێنەر، خوێندکار، تەنانەت ئوستادی زانکۆش هەیە.

کەواتە گەورەترین تایبەتمەندی داڕشتنی چاپەمەنییەکان ئەوەیە کە لە ڕێگەی "زمانی پێوانە"وە ئەو لێشاوە لە دەوری زمانێکی هاوبەشدا کۆبکاتەوە، سادە نووسین یەکەم بنەمایە بۆ دروستکردنی ئەو هاوبەندییە لە نێوان خوێنەراندا.

**2-ڕەگەزی زمان لە داڕشتنی چاپەمەنییەکاندا:**

ڕۆڵێکی چارەنووس ساز دەگێڕێو دەبێت بە سادەیی و کورت و پوخت و بە خێرایی بخرێتە پێش چاوی خوێنەرانەوە.

**3-خێرایی:**

ڕەگەزێکی تری چارەنووس ساز کە مەسەلەی وەڵامدانەوەی پرسیارو هێنانە گۆڕی بەهاکانی هەواڵ دەخاتە ڕوو، ئەم ڕەگەزەش لە داڕشتنی چاپەمەنییەکان و چڕکردنەوەی ڕستەکاندا ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت.

**4-نووسەری شێوازی داڕشتنی چاپەمەنییەکان:**

بە پێچەوانەی ئەدیبەکان، خۆی لە دەربڕینی ڕای تایبەت دەپارێزێت، ڕۆژنامەنووس لە گەیاندنی هەواڵ و ڕاپۆرتە هەواڵییەکاندا، ڕای تایبەتیی خۆی نانووسێتەوە.

زۆربەی خوێنەران زیاتر بە دوای هەواڵەکاندا دەگەڕێن نەك بیروڕا تایبەتییەکانی نووسەر.

**5-بۆنکردنی هەواڵ** ( Nose for News )

www.pertwk.com

یان توانای جیاکردنەوەی هەواڵ، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەنووسێکی سەرکەوتوو ئەوەیە کە لە کاتی هەڵبژاردن و دیاریکردنی هەواڵەکاندا، وەڵام بۆ ئەم چوار پرسیارە دەدۆزرێتەوە:

1-هەستکردن بەوەی ئایا ئەو هەواڵەی کە ئامادەکراوە نیازو داخوازییەکانی زۆربەی خوێنەران بەدی دەهێنێت.

2-ناسینەوەی ئەو بەڵگەنامەو ئامارانەی کە بۆ ئامادەکردنی هەواڵەکە پێویستن.

3-توانای ڕیزبەند کردنی بەشەکانی هەواڵەکە بە پێی گرنگییان.

4-توانای جیاکردنەوەی هەواڵە ئامادەکراوەکە لەگەڵ ئەو هەوالانەی تر کە هاوکات لە بلاوکراوەکەیدا ئامادەکراوە.

نووسەری بابەتە ئەدەبییەکان پێویستیان بە بۆنکردنی هەواڵ نییە، ئەوەی کە زیاتر بە لایانەوە گرنگە، داڕشتنی بابەتەکەیانە بە باشترین شێوەی هونەری "بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر بۆ لای بابەتەکەیان".

*داڕشتنی چاپەمەنی لە (سونەتییەوە) تا (مۆدێرنیزم):

چاپەمەنییەکان لە دەسکەوتە گرنگەکانی سەردەمی مۆدێرنێتە دێتە ژماردن و کەرەستەیەکی ڕۆشنگەرین لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا، هەر لەبەر ئەوەشە کاتێك بۆ یەکەم جار ئێرانییەکان چوونە ئەورووپاوەو ئاشنایەتییان لەگەڵ ئەم هۆکارە گرنگەی پەیوەندیدا پەیدا کرد، یەکسەر لە دەربارەی قاجارەکاندا دەستیاندایە چاپکردنی ڕۆژنامە.

لە چەرخی سیازدەی کۆچی ئەو مسافرانەی لە هەندەران دەگەڕانەوە، لەگەڵ خۆیاندا کولتوری ڕەسەنی کۆمەڵگای مۆدێرنی ئەوێیان دەهێنایەوە. "عەباس میرزا" کوڕی "فەتح عەلی شا" یەکەمین کەس بوو ئاشنایەتیی لەگەڵ پێشکەوتنە زانستییەکانی ڕۆژئاوادا

www.pertwk.com

پەیداکردو بەهێنانی چاپخانەو دانانی لە "تەورێز" ڕێگەی بۆ لە چاپدانی کتێبو ڕۆژنامە خۆشکرد. لە لایەکی ترەوە هاتنە مەیدانی کەسێکی نوێخوازی وەك "میرزا تەقی خان أمیر کبیر" و دامەزراندنی (مدرسە الفنون) لە لایەن ئەوەوە، گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی بەرچاوی لە ئێراندا هەبوو. لە ئێراندا ڕۆژنامەنووسی بە دەرچوونی ڕۆژنامەی (کاغز اخبار)ی "میرزا صالحی شیرازی" دەستی پێکرد. ئەم پیاوە لە سەردەمی "فتح علی شا"دا چوو بۆ ئەوروپا.

کاریگەریی کولتورو ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا لەسەر ئەدەبیاتی سونەتی ئێران لە قۆناغی هاتنە ناوەوەی مۆدێرنێتە بۆ ئێرانی قاجاری گەیشتبووە ئەو ڕادەیەی کە "میرزا فتحعلی ئاخوندزا"وە لە نامەیەکیدا بۆ "میرزا ئاقا تەورێزی"بنووسێت: "سەردەمی گوڵستانو ڕازاندنەوەی مەجلیس تێپەڕیوە، ئەمڕۆکە چیتر ئەو بابەتانە بەکار نایەن، ئێستا هونەری دراماو ڕۆمان لە لایەن خەڵکەوە بە کەڵك دەزانرێت"[1].

ئەوانەی کە ڕۆڵی کاریگەریان لە شێوازی سادە نووسیو داڕشتنی ڕۆژنامەوانی دا هەبوو لەم قۆناغەدا، بریتی بوون لە: ئەو ڕووناکبیرانەی کە لە دەرەوەدا دەژیان، وەك "ئاخون زادە، طالبوف، میرزا حبیب(اصفهانی)" بازرگانە گەڕۆکەکانی وەك (زین العابدین مراغەیی)و دوور خراوە سیاسییەکانی وەك (میرزا ئاقاخان کرمانی). نووسینەوەی سەفەرنامە شێوازێکی زاڵبوو بەسەر کۆمەڵگەی سونەتی ئێرانی سەردەمی قاجارییەکاندا. بۆ یەکەم جار میرزا صالحی شیرازی "سەفەر نامە"ی نووسی. شیرازی لە بەریتانیا خوێندکاربوو، لەو سەفەر نامەیەدا زۆر بەسەر بنەما کۆمەڵایەتییەکانی ئەو وڵاتەیدا هەڵداوە.

---

1-حسن عابدی، صد سال داستان نویسی در ایران، جلد اول، ص19.

www.pertwk.com

دوای ئـەوە دەبێـت بـاس لـە "زیـن العابـدین مراغـەیی" بکـەین، کـە بازرگـانێکی ئێرانیـی دانیشـتووی شـاری ئەسـتەنبوڵ بـوو. ئـەو بـە نووسـینی کتێبـی (سـیاحەتنامەی ابـراهیم بـەگ یـا بـلای تعصـب أو" بابـەتێکی تـازەو دەقێکـی سـادەی هێنایـە پێشـەوەو بـوو بـە مایـەی پێشوازیی ژمارەیەکی زۆری خەڵك.

مەراغەیی دەنووسێت:

"هەر چەندە ئەم سادە نووسینە لە شێوازی ئێرانییەکاندا شتێکی تازەیە، بەلام سەردەمی ئێمە سادە نووسینی دەوێت"[1].

ئـەوەی کـە زیـن العابـدین بـە ڕاسـتی لێـی تێگەیشـتووە ، یـەك گرتنەوەی سادە نووسین و دور لە مجامەلەیە لەگەڵ خواستی خەڵکی سەردەمەکەی. ئەو کارەی کە مەراغەیی و نووسەرە هاوچەرخەکانی ئەو ئەنجامیاندا، سەرەنجام لە دەقە ڕەوان و سادەکانی "علی اکبر دهخدا"، (زمانی پێوانە) نزیك بووەوە.

ئەم خواستەش پێش هەشت سەدە لە لایەن گەورەترین نووسـەری ئێرانی پارسی نووسی، کـە نـاوی "احمـد عروضـي سمرقنـدي" یـەوە باسی لێوە کراوە. ئەو بابەتانەی کە (دهخدا) هاوکات لەگەڵ شۆڕشی مەشروتە لـە ڕۆژنامـەی "صـور اسـرافیل"دا دەینووسـین، لەگـەڵ سـادە نووسینەکەیدا زۆر بـە وردی ڕەچاوی کـورت نووسـین و چـڕ نووسـینی دەکـرد. پارسـی نـووس و خـاوەنی کتێبـی "چـهار مقالـە"، "احمـد عروضي"یەکێکە لە شاعیرو نووسـەرەکانی سـەدەی شەشـەمی کۆچی و لە پەخشان نووسیندا پایەیەکی بەرزی هەبووە، بە ڕای "ملك الشعرای بهار" کتێبی (چهار مقالە)، باشترین نموونەکانی پەخشانی پارسییە.

---

1-زین العابدین مراغەیی، سیاحت نامە ابراهیم بیگ..ص257.

www.pertwk.com

ملك الشعراى بهار لەم بارەیەوە دەنووسێت:

**"لە شێوازی دارشتن و کورت نووسین و پڕ مانایی و ڕەوانیی وشەو بەکار نەهێنانی سەجعەی قورسی وشەی ساردو بێ گیاندا، سەر مەشقی نووسین بوو لە ئێراندا"[1].**

خاوەنی کتێبی "چهار مقالە" لە بارەی نووسەری یەوە بە جوانی دەنووسێت:

لەسیاقی قسەکانیدا دەبێت ئەو ڕێگەیە بگرێ کە دەربڕینەکان لەگەڵ ماناکاندا وەك یەك بن و فرەوێژی نەکات. عەرەب دەڵێت: (خیر الکلام ماقل ودل) جێگەی سەر سوڕمانە ئەو قسانەی کە پێش هەشت سەدە "سمرقندی) لەبارەی کورت نووسینەوە وتوویەتی: نووسەرە ڕۆژئاواییەکان لەم (150) ساڵەی دواییدا جێ بەجێی دەکەن و لە ڕێگەی نووسینی سادەو ڕەوانەوە پەیامی مۆدێرنیزمی خۆیان لە ناو کۆمەڵگە سونەتیەکاندا بڵاو دەکەنەوە.

*(امینی مالیزم–Minimalism) لە بەرامبەر پۆست مۆدێرنیزمدا– Post Modernism:

شێوازی دارشتنی پۆست مۆدێرنیزمەکان شێوازێکە پڕ لە ئاڵۆزی و داخراوییە. پۆست مۆدێرنیزمەکان دەیانەوێت لە ڕێگەی ئاڵۆز نووسینەوە، گا بەردێك لە سەرڕێی گرنگترین دەستکەوتەکانی مۆدێرنیزم لەئەدەبیاتدا دابنێن. پۆست مۆدێرنیزمەکان دەڵێن:

**"باشترین و دڵنیاترین ڕێگە بۆ ئەوەی وەك بیریارێکی قووڵ و دووربین دەربکەوێت، دەبێت ئەوەی دەینووسێت یان دەیڵێت ئاڵۆزو داخراو بێت و**

---

1-**محمد تقی بهار ملك الشعراو بهار، سیك شناسی تأریخ** تطور نثر **فارسی، ص د.**

www.pertwk.com

هەموو کەسێك نەتوانێت لێی تێبگات. ئەم شێوازی نووسینە ئەوەت بۆ پەن کوێر دەکاتو دەتپارێزێت لەوەی تۆ هیچت بۆ وتن نییە"[1].

تەنانەت ئەگەر بڕوا بەو قسانەش نەکەین کە لە بارەی دەقی پۆست مۆدێرنیزمی کردمان، بەڵام ئارەزووی نووسەرانی پۆست مۆدێرنیزم بۆ دوورکەوتنەوە لە سادە نووسیو حەزکردنیان لە ئاڵۆزکردنی دەقو هیلاککردنی خوێنەر لە تێگەیشتن لە پەیامی نووسەر، ڕاستیی قسەکانی سەرەوەمان دەسەلمێنێ، (ستیڤن کاتس–Stephen Katz)ی ئینگلیزی بە ڕاشکاوی باس لە نا هەماهەنگیی نێوان دەقی پۆست مۆدێرنیزمیو دەقی مۆدێرن دەکاتو دەنووسێت:

"بەر لە هەر شتێك دەبێت ئەوە بزانین کە زمانی سادەو ڕەوان کە پەیامەکانی بە ئاسانی خۆیان دەدەن بە دەستەوەو ناوەڕۆکە کەیان ئاشکراو دیارە، بە هیچ جۆرێك لای ئێمە پەسەند نییە، ئەو جۆرە زمانە لای بیرکردنەوەی پۆست مۆدێرنیزمەکاندا جێگەی نابێتەوە، چونکە زیاد لە پێویست واقعیو مۆدێرنیزمو ئاشکرایە.

زمانی پۆست مۆدێرنیزم دەبێت شاراوە، ئایدیالیستی، وشكو ئاڵۆزو خەیاڵی بێت، زمانێکی نا ڕاشکاوو پێچاو پێچ بێتو پەیامەکانی بە ئاسانی نەدۆزرێتەوەو بونیاد شکێنو هیمایی بەسەریدا زاڵ بێتو پەیام وەرگر نەتوانێت بە ئاسانی لە ناوەڕۆکەکەی بگات "[2].

نووسەرانی پۆست مۆدێرنیزم بە پەیڕەوی کردنو دانانی شێوازێکی لەم جۆرە، خۆیان لە (زمانی پێوانە)و شێوازی نووسینی چاپەمەنییەکان، کە بە لای زۆربەی خەڵکەوە پەسەندە، دوور دەگرن.

---

1-ستیڤن کاتس-چگونە پست مودرن حرف بزنم و پست مدرن بنوسیم، مترجمو تەونیگر حسنی حاجی نوذری، ص 108.

2-هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص109.

www.pertwk.com

وەك بڵێیت ئەوان حەزیان لە گۆشەگیریو دوورە پەرێزی هەیە. شێوازی داڕشتنی پۆست مۆدێرنیزمەکان وەك شێوازە ئاڵۆزەکانی ساڵانی (600-1200)ی کۆچییە لە ئێران، شێوازێکە پڕ لە بەدیع، شێوازێکە لاسایی دەقە جوانەکانی گوڵستانی سەعدی دەکاتەوە.

*مینی مالیستەکان چی دەڵێن؟

مینی مالیستەکان ئەو کەسانەن کە لە ڕێگەی جۆرە ئەدەبێکەوە بە ناوی (چیرۆکی مینی مال)کەوتوونەتە پێشبڕکێ لەگەڵ پۆست مۆدێرنیستەکان. چیرۆکی مینی مال چیرۆکێکی یەکجار زۆر کورتە، وەکو کورتە چیرۆکە ئاساییەکان نییە، بەڵکو لە ڕووی پێکهاتەو تەکنیكو زمانو شێوەی دەربڕینی ڕووداوو گفتوگۆ کانییەوە جیاوازییان هەیە.

"لە چیرۆکێکی مینی مال دا، نووسەر بە ئاگاییو هوشیارییەوە دەست دەکات بە لادانی زاراوەی زیادەو وێنەی کورت دەخاتە ڕوو، ڕستەکان کورتو سادەن و تەنانەت کاراکتەرەکانی چیرۆکەکەش کەمن.."[1].

چیرۆکی مینی مال ئەم تاوانانەی خوارەوەی دەدرێتە پاڵ:

1-لادانی لە بۆچوونە فەلسەفییەکان.
2-نەخستنە ڕووی چەمکە مێژووییەکان.
3-لایەنگری سیاسی نییە.
4-قووڵ نەبوونەوەی کاراکتەرەکان بە گوێرەی پێویست.
5-وەسفی سادەو دواکەوتووە.
6-شێوازێکی یەك ڕیتمییە.

---

[1]-کاوە گوهرین، بحثی در مینی مالیزم وتطبیق آن باحکیانی در ادب فارسی آنیدە رمان- روزنامە ایار، س424.

www.pertwk.com

7-لانەکردنەوە بەلای بوارە ئەخلاقییەکاندا.

وەڵامی یەکێك لە لایەنگرانی چیرۆکە مینی مالەکان بەم جۆرەیە:

"زۆر سەیرە چیرۆکێك هەموو ئەم شتانەی نەبێتو هێندە باش بێت وەك ئەوان دەڵێن، کەواتە ئەم هاتو هاوارو تاوانبار کردنانەیان لە چی؟"[1].

نووسەری ئێرانی "کاوە گوهرین"لە بارەی گرنگیی سادەو کورتو ڕەوان نووسین لە سەردەمی تەقینەوەی زانیارییەکاندا دەنووسێتو دەڵێت:

"لە دیاردەکانی دونیای مۆدێرنی هونەری ئەم ڕۆژگارە، جێگەیەك وەك بۆ وەعز نووسین نەماوە. هەروەها دەنووسێت:

"ئەم دونیایەی ئێستا، سەدەی تەقینەوەی زانیاریو خێراییەو ئاوێتەبوونی کولتورە جیاوازەکانە. سەمای مانگە دەستکردەکان بە دەوری زەویدا، بووەتە مەسەلەیەك کە ناکرێت خۆمانی لێ گێل بکەین. دەسەلاتی ئامێرەکان بەسەر ژیانی ئەمرۆدا گەیشتووەتە ڕادەیەك کە مەترسیی ئەوەی لێ دەکرێت، تەنانەت لە ولاتێکی جیهانی سێدا نەتوانرێت ڕووناکبیرێك بدۆزرێتەوە کە کاتی هەبێت بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانێکی چەند بەرگی. کەواتە ئایا پێ داگرتن لەسەر نووسینی چیرۆکێکی دوورو درێژ کە لە ئاییندەدا کەس نەدۆزێتەوە، کاتی ئەوەی هەبێت بۆ خوێندنەوەی، زەنگێکی مەترسیدار نییە بۆ ئەم ژانەرە ئەدەبییە؟

هەندێ لە نووسەرانی مینی مال، وەك (ستیڤ تۆماس-Stev Tomass) بۆ گەیاندنی بیرو ڕاکانیانو ڕەچاوکردنی (کەم بەکارهێنانی وشە) دەستیان داوەتە نووسینی چیرۆکی (55) وشەیی. لێرەدا هەندێ لە چیرۆکە مینی مالەکان دەخوێنینەوە. سەرەتا یەکێك لەو چیرۆکە مینی مالانە دەخەینە ڕوو کە لە پێشبڕکێی چیرۆکە مینی مالەکاندا لە ئێران هەڵبژێردرا. دوای ئەوە چیرۆکە (55) وشەییەکان دەخەینە بەردەست.

---

1-هەمان سەرچاوەی پێشوو.

www.pertwk.com

سادەیی، کورتی و ڕاشکاویی وتاری نووسەر وایان لەم چیرۆکە مینی ماڵە کردووە کە لە دەروازەیەك بچێت بۆ ڕاپۆرتە هەواڵێکی وەسفیی ناو ڕۆژنامەیەك و ئەمانەش پێشاندەری نزیکیی شێوازی مینی ماڵ و شێوازی چاپەمەنییەکانە.

### *مۆمەکان ناکوژێنەوە

وتیان: نەء

وتم: ئای لەوە، بێ خەیاڵ، تا حەزییان لێیەتی..

وتت: ئەمەیان پێنجەمین جاربوو. پێنج جار "نەء"

وتم: ئێستا چی بوو، ئیماندار؟ وادیارە زۆر بە پەلەی؟

وتت: دەزانی تەمەنم چەندە؟

سەرم داخست. ڕاستت دەوت، چیتر نابێت مەسەلەکە بە گاڵتە بگرم، حاڵت لەو قسانە خراپتر بوو.

وتت: ئاخرپیاوی خوا، ئێمەش دڵمان هەیە، ئێمەش..

قسەکانی ترت قووتدا. وەک ئەو کاتەی لە تەنیشتم دانیشتبوویت و لەگەڵ دایکی بووکەکەدا قسەت دەکرد. دەستەکانت وەک ئەوە وابوون کە هی خۆت نەبن. بێدەنگ بوویت. هێندە سەرت داخستبوو پیاو پێکەنینی پێدەهات.

زۆر حەزم دەکردشتێک بڵێم، بەڵام پێم نەدەکرا. ئاخر ڕاستی دەکرد. حەقی خۆی بوو. هیچ گرنتییەک نەبوو؟

وتت: بەڵێ تۆ ڕاست دەکەیت، بەڵام پشت بە خوا، دایکە، ئێمە نازانین لە داهاتوودا چی ڕوودەدات.

وتیان: ئێوە دەزانن کە هەر ئەو تاقە کچەیە و هەزار ئومێدو ئارەزوو.

منداڵیش کە.. بە هەر حاڵ.. باشە، کچەکەی دراوسێمان لەگەڵ کابرایەکی کیمیاییدا زەماوەندی کردووە، ڕاست دەکەن..

www.pertwk.com

کۆکەکەت نەیهێشت قسەکانت بکەیت.

وتم: پشت بە خوا ببەستە. انشاواللە کاتێک باش بوویتەوە خۆم کچێکی وەک گوڵت بۆ دەدۆزمەوە.

سەرت داخست. بەینی خۆمان بێت. تەنانەت لە پێش منیشدا شەرمت دەکرد.

کەواتە باشە، دەبێت بڕۆین. چەپکە گوڵەکە دەخەمەوە سەر سەرت.

وێنەکەتیشم بە گوڵاو شۆردووتەوە، ئاگاداربە مۆمەکان نەکوژێنەوە.

یا عەلی، تا جارێکی تر[1].

*چیرۆکە (55) وشەییەکان:

**یەکەمین یاسای نووسینی چیرۆکی (55) وشەیی ئەوەیە کە نووسەر ئەوە لە بیر نەکات کە ئەو چیرۆك دەنووسێت نەك شیعرو بابەتی تر. بۆیە دەبێت وەك چیرۆك و ڕۆمان ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکات:**

1-یەکەی کات و شوێن.

2-یەکەی کاراکتەر یان کاراکتەرەکانی چیرۆکەکە.

3-یەکەی بابەت، هەبوونی دەرگیری یان گرێ.

4-ئەنجامگیری یان گرێکردنەوە.

**ستیڤ تۆماس بۆ نووسینی چیرۆکی (55) وشەیی ئەم خاڵە گرنگانە دەخاتە ڕوو:**

> ***دەتوانی هەر بابەتێك کە ئارەزووی لێ دەکەیت هەڵبژێریت، بەڵام نابێت لە (55) وشە تێپەڕ بکات. هەڵبەت دەتوانێ لەو ژمارەیە کەمتر بەکار بهێنێت. بە ڕاستی وشەیەك چییە؟ ئەگەر تۆ لە فەرهەنگی زاراوەکاندا بیدۆزیتەوە سادەیە. ئەو زاراوەیەش تەنیا یەك وشەیە.**

---

1-کامران محمدی، (شمع ها خاموش نمو شوند)، ص 908.

www.pertwk.com

*لە یادت نەچێت ناوی چیرۆکەکە لـە ڕیـزی ژمـارەی وشـەکاندا نایەتـە ژماردن، ئەویش نابێت لە حەوت وشە تێپەڕ بکات.
*ژمارەکانیش وەك وشەکان حسابیان بۆ دەکرێت، بەڵام ئەگەر بـە وشـە بنووسرێنەوە، دیسانەوە بە وشـە دەژمێـردرێن. (28) بـە یـەك وشـە حسـێب دەکرێت، (بیست و هەشت) بە سێ وشە.
*خاڵبەندی ڕێگەی پێدراوە، بـەڵام بـە وشـە نـاژمێردرێن، بۆیـە سـڵ لـە بەکارهێنانی مەکەنەوە.

وادیارە نووسینەوەی چیرۆکی (55) وشەیی ڕێنوێنییەکی باشە بۆ پەیامنێران لە چاپەمەنی و ڕادیۆ و (T.V) و ئاژانسەکانی دەنگوباسەکاندا، چونکە نووسەرەکان فێری ئەوە دەبن کە چۆن بەکەمترین وشە و ڕەچاوکردنی سادەیی، پەیامی خۆیان بۆ پەیام وەرگرەکانیان بگەیەنن. ئێستا داواتان لێدەکەین دوو نموونەی چیرۆکی (55) وشەیی بخوێننەوە.

**زێوان:**

کابرا کورتە باڵاکە هاواری کرد: بەسەر چیمەنەکەدا مەڕۆ!

کابرای کەتە وەڵامی دایەوە: بێ مێشک مەبە، چیمەنەکە هەست بە هیچ ناکات.

-دەبێ چاودێریی بکەین. ئەوانە جوانیمان پێ دەبەخشن، بەڵام زوو سیس دەبن.

-ئێستا هەرچی..

ساڵ هات و ساڵ چوو، تەنیا دوو پیاوەکە مابوونەوە.

چیمەنی گۆڕستانەکە، هەردوو کیانی داپۆشیبوو.

***ستیڤن مك لو**

کاتی خەو ژنەکە هاتە ناو ژوورەکەوە:

-ئاگاداربە فیشەک لەسەر پێیە.

ژنەکەی تر وتی:

www.pertwk.com

-ئەم چەکە هی مێردەکەتە؟

ژنەکە پێکەنی:

-کێ دەتوانێ هێندە گێل بێتو ژنێک بۆ کوشتن هەڵبژێرێت!؟

ژنەکە پیاوەکەی کردە نیشانە:

-مێردەکەی تۆ!

جیڤری فیتمود *جیفری فیتمود

*بیست بنەما بۆ باش نووسین:

**جیم بیشاب–(Jim Bishop) مامۆستای ڕۆژنامەنووسی لە بەریتانیا لە کتێبی (بنەماکانی هەواڵ نووسین)، بیست خاڵی بۆ باش نووسین پێشنیار کردووەو لە خوارەوە دەیان نووسینەوە:**

**1-بە ئینساف نووسین.**

**2-بینینی سەرنج ڕاکێش.**

**3-هەبوونی پێشەکییەکی بزوێنەرو سادەو ئاشکرا.**

**4-ڕستەکان کورت بن.**

**5-گواستنەوەو چاککردنی بابەتێك، کەڵك وەرگرتن لە ناوەڕۆك.**

**6-بابەتی گرنگ پێویستیی بە بانگەوازو هاتو هاوار نییە.**

**7-دەبێت بەوردی سیفەتەکان هەڵبژێرن، زۆر سیفەت هەیە ترسناکە.**

**8-نەکەویتە ژێر کاریگەریی مەسئولەکانەوە.**

**9-بۆ هەر بابەتێك کە دەکرێت بۆی بچیت، دەبێت ڕاستەوخۆ بە دوای سەرچاوەکەیدا بچیت.**

**10-واز لە پرسیارە بێ وەڵامەکان بهێنەو ئەگەری ئەوە دامەنێ کە خوێنەر ئاگای لە پێشینەی بابەتەکە هەیە، تەنانەت لەوەش کە خوێنەر بە**

باتەكە دەزانێت، مەترسە، ئەو بابەتەی كە باشە بۆ نووسین، لەبەر ئەوەی باشە، جارێكی تر دەیخوێنیتەوە.

11-بە ئەدەبن بن.

12-وردەكارییەكان لەبەر چاو بگرێت، بۆ نموونە ئەگەر یەكێك لە ئەندامانی كۆنگرە پێڵاوی گرانبەهای لە پێدا بوو، گەورەی كەنەوە، بە وشە وێنەی بكێشێت.

13-لەوە مەترسن كە لە كتێبەكاندا هیچی لەسەر نەنووسراوە، هەوڵ بدەن لە سەری بنووسن.

14-ئەگەر ئەدیبی، قورس مەنووسە. وشەی ئاسان بەكار بهێنە.

15-ئەوە لە بیر مەكەن كە بابەتەكان لە ڕێگەی ڕەگەزەكانی زمانەوە گەشە دەكەن.

16-پاش دەستپێك (لید) پەرەگراف- پەرەگراف، بابەتەكان ببینە.

17-گاڵتە بە ڕەگەز، نەتەوە، كەمە نەتەوەییەكان و گروپە جیا خوازەكان، نەكەین. لە بیرتان بێت كە ئەوانیش پێویستیان بە زانیاری هەیە.

18-نابێت كەڵك لە بیرو ڕاكانتان بۆ شتی خراپ وەربگرن، بەڵكو وەك چەكێك بەكاریان بهێنە بۆ پیشەكەت.

19-بە ئاسانی بەسەر هەڵەكانتدا گوزەر بكەو هەوڵبدە دووبارەیان نەكەیتەوە.

20-ئەگەر پێویستی كرد سەرچاوەكان ئاشكرا بكەیت، ئەگەر سەرچاوەكەتان سەرچاوەیەكی ناسراو بوو، بە تەواوەتی بیان نووسەوە[1].

---

1- Melvin Mencher, Basic News Writing, Third Edition, Delhi: Universal Book Stall, 199-38.160

www.pertwk.com

## ❑ سادە نووسین:

دەڵێن (سوکرات)ی گەورە فەیلەسووفی یۆنانی لە بارەی بەرهەمێکی هونەریی بە نرخەوە، وتوویەتی: "شاکاری هونەری ئەو شاکارەیە کە نەتوانرێت هیچی بۆ زیاد یان کەم بکرێت" هەندێك وای بۆ دەچن کە ئەو پەندەی سوکرات تەنها بۆ تابلۆکانی وێنەکێشان دەگونجێت، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە نووسینێکی باش ئەو نووسینەیە کە نە دەتوانرێت یەك وشەی بخرێتە سەر یان یەك وشەی لێ لابدرێت. لەوانەیە چیرۆکە (55) وشەییەکان، بەڵگەیەکی باش بن بۆ نووسەرە تازە کارەکانی چاپەمەنیو تەلەفزیۆنو رادیۆو تەنانەت ئینتەرنێت-یش. بە گشتی ڕەچاوکردنی دوو بنەمای گرنگ لە

www.pertwk.com

داڕشتنی میدیایی مۆدێرن، کە "خێرایی"و "وردبینی"یە، دەتوانن ببنە مایەی ڕێنوێنی کردنمان بۆ کورت نووسیی یان باشتر بڵێین "سادە نووسین".

جاران نووسەرە کلاسیکییەکانو ئێستاش مۆدێرنیزەکان ، لەو باوەڕەدا بوون کە بۆ نووسینی ڕۆمانێکی درێژ، یان کورتە چیرۆکێك، ناتوانن خۆیان لە بەکارهێنانی وشەی ڕەنگینو زۆرو زەوەند بدزنەوە، بەڵام تێپەڕبوونی کاتو زاڵبوونی نووسینی میدیایی بەسەر شێوازو سیاقی نووسینی نووسەرە سەرکەوتووەکان، ئەوەی دەرخست کە بۆ سادە نووسین دەتوانیت (500) وشە پاشەکەوت بکەیت. زۆر جار هەندێك نووسەری لاو دێنە لامان لە ڕۆژنامەکان، دەبینم بۆ نووسینی هەواڵێك یان بابەتێك ئاسمانو ڕێسمانیان پێکەوە گرێداوە، سەرئەنجام ئەوەی دەیخەنە بەردەستی بەڕێوەبەری بەش، بریتییە لە کەڵەکە کردنی کۆمەڵێك وشەو ڕستەو پەرەگرافی دوورو درێژو لە ڕووی ماناشەوەلە کۆمەڵە دوورگەیەکی دوور لە یەكو سەرگەردانی ناو یەك دەچن. یەکەمین گرفت کە ڕوو بە ڕووی ئەم نووسەرە کەم ئەزموونانە دەبێتەوە، ئەوەیە کە ئەوان پێش نووسینی ڕستەکانو ڕێکخستنی پەرەگرافەکان، قەبارەی نووسینەکەیان لەهزری خۆیاندا داناوەو لە جیاتی ئەوەی خۆیان سەرقاڵی پەرشو بڵاویی بابەتەکە بکەن. دەبینیت خەریکی ئەو ڕستانەن کە بە شێوەیەکی نالۆژیکی دەنووسرێنەوە. لێرەدایە کە نووسەر لە جیاتی خستنە ڕووی بەڵگەی پێویستو هەڵبژاردنی گۆشە نیگای گونجاوو بەکار هێنانی زاراوەی سەرنج ڕاکێش، کۆمەڵێك زاراوەی کەڵەکە کردووەو، بابەتەکەی هەم بۆ خۆیو هەم بۆ بەرامبەرەکەی ئاڵۆزکردووە. زۆر نووسەری لاو هەن کاتێك لەگەڵ بابەتێکی نوێدا ئاشنا دەبن، بە بابەتێکی باشی نازانن

www.pertwk.com

بەتایبەتی ئەگەر ئەو بابەتە پێشتر باسی لێوە کرابێت، وەك بابەتی وەرزشی لە قوتابخانەکاندا، سوودی کتێبو هاورێو پیاوچاکی زۆر جار خراونەتە ڕوو. نووسەری لاو وا دەزانێت چیتر هیچ نەماوە لە بارەیانەوە نەوترێتو هەرچی بوترێت دووبارەیە، بەڵام ئەوە هەڵەیە هێشتا زۆر لایەنی تری ئەو بابەتانە ماون، کە دەکرێت بەخستنە ڕوویان سەرنجی خوێنەران ڕابکێشنو هەستی ئەوەیان لا دروست بکات کە ئەو بابەتە شتی نوێی تێدایە، لەوانەیە ورد بوونەوە لەم خاڵانەی کە دەیخەنە ڕوو، هەندێك ڕێنمایی تازە بخاتە پێش چاوی نووسەرە لاوەکان.

*گۆشە نیگایەکی باشتر هەڵبژێرن:

بڕۆنە گۆڕەپانێکی وەرزشییەوەو تەماشای یاریی نێوان تیپی (أ)و (ب) بکەن، پاشان ڕاپۆرتێك لەسەر بابەتەکە بنووسنەوە، بێ هیچ گومانێك لە گۆشەنیگای خۆتانەوە ڕاپۆرتەکە دەنووسن. ڕێك وەك ئەو چوار کامێرایەی کە هەر یەکەیان لە لایەکی گۆڕەپانەکەوەو لە گۆشە نیگای جیای خۆیەوە وێنەی یارییەکە دەگرنو وێنەی هەر کامێرایەك جیایە لە وێنەی کامێراکەی تر. ئەگەر کەناڵی تەلەفزیۆنێك بۆ پەخشکردنی ڕاستەوخۆی یارییەك تەنیا یەك کامێرا بەکار بهێنێت، حەتمەن جۆری ڕاپۆرتەکە زۆر خراپتر دەبێت لەوەی کە چوار یان شەش کامێرا بەکار هێنرابێت، جا ئەگەر دەرهێنەرێکی لاوازیش لە پشتی کامێراکە بێتو بە پێچەوانەوە دەرهێنەرێکی زیرەك لە پشتی کامێراکانی ترەوە بێت، ئەو کاتە دەزانین بۆ ڕاپۆرتی دوو کەناڵی تەلەفزیۆنی لەسەر یەك یاری ئەو هەموو جیاوازییەی تێدا بەدی دەکرێت؟ با وای دابنێین لەم یارییەدا گۆڵێك کرا، چەندین وێنەی جیا

www.pertwk.com

جیا دەردەکەون و دەکرێت یەك یان دوو یاخود سێ گۆشە نیگای جیاواز لە کاتی گۆڵکردنەکەدا ببینین، بەڵام ئەو وێنەیەی کە بە جوانترین شێوە ساتی گۆڵکردنەکە لەگەڵ یاریزانەکان و دەروازەی گۆڵەکەمان پێشان دەدات، سەرنج ڕاکێشترو پەسەند ترە لەوانی تر، ئەمەش هەمان گۆشەنیگای گونجاوەکە کامێراکە لە کاتی گۆڵکردنەکەدا تۆماری کردووە. نووسەرە (حیرفەییەکان-پیشەییەکان) لە سەرەتای کاری نووسیندا، هەموو تەقەلایەکی خۆیان دەخەنە گەڕ، بۆ ئەوەی گۆشە نیگایەکی گونجاوو سەرنج ڕاکێش بۆ خۆیان هەڵبژێرن. نووسەرە گەورەکانیش کاتێك دەیانەوێت چیرۆکێك بنووسن، هەمان کار ئەنجاکم دەدەن، پەیامنێرە حیرەفییەکانیش لە کاتی داڕشتنی هەواڵدا, دەزانن کام ڕەگەزی هەواڵ هەڵبژێرن بۆ "لید"، تاکو هەواڵەکانیان سەرنج ڕاکێش تر بێت لە هەواڵی پەیامنێرە ڕەقیبەکانیان لە میدیاکانی تردا. ئەگەر پەیامنێرێکی بە ئەزموون بۆی نەکرا گۆشەنیگایەکی باشتر دیاری بکات، بە لای کەمەوە هەوڵدەدات لە ڕێگەی هەڵبژاردنی مانشێتێکی باشترەوە هەواڵەکەی دەوڵەمەند بکات و ڕوخسارێکی تازە تری پێبدات. مانشێت لە ساتە وەختێکی وادا، دەبێتە دەربڕی "هەواڵ"ەکە لە گۆشەنیگای پەیامنێرەکەوە.

*پشت بە بەدیهیات مەبەستن:

لە کاتی خستنە ڕووی بابەتەکاندا، هیچ مەسەلەیەك خراپتر نییە لە دووبارە بوونەوەو ساکاری لە داڕشتندا" بۆ نموونە هەموو خەڵك دەزانن کە زیادبوونی هەڵئاوسان دەبێتە هۆی گرانی و، کەم بارانیش کاردەکاتە سە ڕێژەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و بەرهەمهێنانی کارەبا لە ڕێگەی بەربەستەکانەوە کاردانەوەی خراپی دەبێت.. بۆیە نووسینی

بابەت لەسەر ئەم مەسەلانە بە بێ لەبەر چاوگرتنی لایەنە جیاجیاکانو هۆکـارو ڕێگـە چارەسـەرەکانیانو.. جگـە لـە گرفتـاربوون بـە داوی (بەدیهیات) هیچی تری لیّ وەدەست نایەت.

ئەگەر بڕیار وابێت لەسەر هۆکاری شکست هێنانی تیپێکی تۆپی پـێ شـیکردنەوەیەك بنووسرێت، ئایا باشتر نییـە ئـەو شـیکردنەوەیە پشت بە بەڵگەو هۆکاری بەهێز ببەستێت بۆ ئەوەی یاریزانو هاندەرو ڕاهێنـەرانی ئـەو تیپـە کـەڵك لـە هۆکارەکـانی ئـەو شکسـتە ببیـنو بۆیارییەکانی ئایندەیان سەرکەوتن مسۆگەر بکەن. هەندێ لە نووسەرە لاوەکـان وا دەزانـن هەڵوێسـت وەرگرتنـی نـاڕەزایی لـە بەرامبـەر بڕێـك بابـــەتو ئەندێشـــەی جێـــی پەســـەندی کۆمەڵگـــە، دەبێتـــە هـــۆی تاوانبارکردنیـان، بـەڵام نووسـەرە بـە ئەزموونـەکان دەزانـن هەڵوێسـتە ناڕەزاییـەکانیان، ئەگـەر دووربێـت لـە بـەدیهیاتو بەڵگـەی لاواز، ئـەوا دەبێتە جێگەی پەسەندی خوێنەرەکانیان.

*خۆتان لە درێژ دادڕی دوور بخەنەوە:

ئەگەر سەیری نووسینی نووسەرێکی بە ئەزموون بکەین، دەبینین چـۆن خـۆی لـە درێـژ دادڕی دەپارێزێـتو قسـەی نابـەجێ ناکـاتو نموونـــەی ئاشـــکراو ڕوونو ئامـــارو ژمـــارە دەخاتـــە ڕوو. وێنـــەکانی سەلمێنراوو ئاشکران، بە بێهودەیی باس لە مەسەلەکان ناکات، جگە لەو کاتانەدا نەبێت کە بۆ سەلماندنی بابەتەکەی پێویست بە بەڵگەی زیاتر بکات.

نووسـەرێکی حیرفـەیی، ئەگـەر بڕیـار بێـت بابـەتێك لەسـەر لاوان بنووســێت، هـــەرگیز نانووســێت: "ئـــەو ئەنجامانـــەی مـــن پێـــی گەیشتووم"ئەوە دەردەخەن لاوان سەرکێشن. یان "بە ڕای من دەبێت

بیرێك لـە حاڵیـان بكەینـەوە". نووسـەری بـە ئـەزموون ئـەوەتان پێشـان دەدات كە لاوان سەركێشن، بۆ نموونە پێشانتان دەدات كە لە شاری (أ) سـینەماكانیان تێـكو پێـك داوەو لـە شـاری (ب)چـەقۆیانە لـە چـەند لێپرسـراوێك ڕاكێشـاوەو لـە شـاری (ج) مـاددە بێهۆشـكەرەكان بـەكار دەهێنن. نووسەری حیرفەیی، زۆر جار پلە بە پلە خۆی لە خستنەڕووی ڕێگەچارەیەك نزیك دەكاتەوە، نەك بە شێوەیەكی گشتی دەست بداتە گلەیی و شكات كردن لە لاوان. دەبێت ئەوەش لە یاد نەكەین نابێت لە ئاشـكرایی قسـەكردنیش دا درێـژ دادڕی بكـەین. دەبێـت ئاگامـان لـەوە بێـت، كاروانێك نوكتـەو قسـەی خـۆش ڕیـز نەكـەین. وەك چۆن هەندێ نووسەری ناحاڵی دەكەونە ئەم داوەوە.

مەنووسـن: "خـەڵكی شاری (أ) كچـەكانیان فێـر دەكـەن لـە ژیانیانـدا دەبێت سەنگین بن"، بەڵكو دەبێت بنووسن: "ژیـان لـە شـاری (أ) فێری كچەكانیان دەكات كـە چۆن بـە دەم چا تێكردنـەوە دەتـوانن قسـە بكـەن بـەبێ ئـەوەی چاكە بڕژێتـە ژێرپیاڵـەكـەوە". مەنووسـن: "مـن حـەزم لـە هەندێ لە بەرهەمە ئەدەبییە میللییەكانە" بەڵكو بنووسن: "هـەر كاتێك شیعرەكانی (كارل سند بەگ) بە تایبـەتی شیعری (درەختـە زەردەكـانی پاییز) دەخوێنمەوە، گیانم تاو دەگرێت".

*خۆتان لە كەڵەكە كردنو زیادەڕۆیی بپارێزن:

هەنـدێ نووسـەری تازەكـار هـەن، وا دەزانـن كاتێـك دەتـوانن لـە ڕسـتەیەكدا لـە جیـاتی "یـەك زاراوە"، "دە زاراوە" بـۆ دەربڕینـی مەبەستەكانیان بەكار بهێنن، كەواتە بە باشی دەزانن دە زاراوەكە بەكار بهێـنن، ئـەم بۆچـوونە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی نووسـەر بكەوێتـە گێـژاوی كەڵەكە كردنو ئاخنینی بابەتەكەی بەشتی زیادەوە.

www.pertwk.com

لەم ڕستەیەیان وردببنەوە کاتێك نووسەرێکی تازەکار دەنووسێت:

"بـە بـڕوای مـن، وای بـۆ دەچـم کـە پەلـەکردن لـە کـاتی لێخـوڕینی ئوتومبیلـدا مەترسـیی بەدواوەیـە" یـان دەنووسـێت: "هـەر چـەندە مـن شارەزاییم لە مەسەلە ئاڵۆزەکاندا نییە، بەڵام ڕێگـەم بدەن بە ڕاشکاوی بڵێم کە بە بڕوای من شۆفێری لە زۆر حاڵەتداو بە ئاشکرا لە زۆر بـواردا مەترسـی دارە" یـان "بـە هـەر حـاڵ ئـەوەی مـن پێـی گـەیشـتووم بریتییـە لەوە.." لە ڕووی ناوەڕۆکە بنەڕەتییەکەوە، ئایا جیاوازیی نێوان بڕگـەی یەکـەم بـە (30) وشـەو دووەم بـە (14) وشـە دەبیـنن؟ ئایـا باشـتر نییـە هـەموو ئـەو وشـە ڕیزکـردن‌و کەڵەکە کردنـە فـڕێ بـدەین‌و بابەتەکـە لـە (5)وشەدا بە ڕاست‌و ڕەوانی بڵێین: "خێرایـی لـە لێخوڕیندا مەترسـی دارە".

*بە ڕاشکاوی قسەی خۆتان بکەن:

هـەموو ئـەو کەڵەکـە بـوون‌و زیـادە ڕەوییانـەی کـە لـە نووسـینی نووسەرە تازەکارەکاندا بەرچاو دەکەون، تـەنیا لەبەر نیگـەرانیی ئـەوان نییە بۆ کەم بەکار هێنـانی زاراوەو کـورت کردنـەوەی ڕەسـتەکان، بەڵکو لەوانەیە لەبەر بێ بڕوایی نووسەرەکان بێت بە خۆیان. ئەگـەر ڕوو بـە ڕووی کەسـێکی گێـل بووبێتـەوە، بەڕاشـکاوی بڵێـت "گێلـە"و دەستەواژەی "بـە ڕای مـن"و "وا دیـارە"و "وا دێتـە پـێش چـاو"و "بـە لای کەمەوە من وای دەبینم" هیچ یارمەتییەکی بابەتەکە نادات. نابێت ڕێگە بدەن هەندێ دەستە واژەی لەو چەشنە، کە دەبێتە هـۆی کوشـتنی ڕاشـکاوەیی لـە بابەتەکانداسـەر هەڵبـدات. هۆشـیاری‌و کـەمڕۆیی لـە

www.pertwk.com

نووسیندا دەتوانن بە چەندین روخسار خۆیان دەربخەن. بۆ نموونە دەتوانێ لە شێوەی "دەربڕینی باش" دا دەربکەوێت. واتا بۆ ئەوەی دڵی کەسێك نەڕەنجێت، هەندێ وشەی گونجاو هەڵدەبژێرن. بۆ بابەتێکی نەهێندە دڵگیر یان بابەتەکە لە پشت پەردەوە دەڵێن. بۆ نموونە ئاسان نییە بڵێن "دوێنێ شەو فلان مرد" بۆیە لە جیاتی ئەوە دەنووسین "کۆچی دوایی کرد" یان "ئێمەی بەجێهێشت" یان "ئەمری خوای بەجێ هێنا" یان "بۆ هەتا هەتایە بەجێیهێشتین" یان "چووە بەر ڕەحمەتی خوا" یان "دونیای فانیی بەجێهێشت"..هتد. هەندێك جاریش هەوڵ دەدەین لە ڕێگەی بەکارهێنانی وشەی سوواوو دووبارە بوونەوە، فشارەکەی کەم بکەینەوە، بۆ نموونە: "لە بیری چوو هەناسە بدات"، "کەوتو هەڵنەسایەوە". زۆر ڕێگەی تر هەیە دەیگرینە بەر بۆ ئەوەی نەڵێین "فلان کەس شێتە" لە جیاتی ئەوە دەڵێین "ناتەواوە"، "تێکچووە"، "کەسێکی تایبەتە"، "کابرایەکی سەیرە"، "نائاساییە"، "بە ئاسماندا دەفڕێت"، "هەستیارە" لەوانەیە ئەو هەموو ڕێبازە جیاوازانە دەر ئەنجامی هاتنە مەیدانی زانستی دەروونناسیو پەیدابوونی ئەو جۆرە زاراوانەیە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێ نووسەری لاو بکەونە گێژاوی وەهمەوە. دەبێت قسەکانمان بە بێ توێکڵو بە پاککراوی بڵێین.

لە وانەیە زانینی دەروونناسی کاربکاتە سەر باشتربوونی ڕەفتارە کۆمەڵایەتیو کەسایەتییەکانمان، بەڵام بە دڵنیاییەوە فێربوونی دەروونناسی هەرگیز نامانکاتە نووسەرێکی ڕاستگۆ.

ئەگەر شکسپیری داهێنەری شاکاری (هاملێت)، دەروونناسیی خوێندبایە، هەرگیز نەیدەتوانی ڕستە بەناوبانگەکەی (بوون یان نەبوون)ی بنووسیبایە. لە وانەیە لە جیاتی ئەوە دەینووسی "ئەم

www.pertwk.com

یەکـــەی کۆمەڵایەتییـــە ئایـــا دەبێـــت بـــەردەوام بێـــت یـــان نـــا، ئەمـــە مەسەلەیەکە پەیوەستە بە کەسایەتی و ناسنامەوە" ئەگەر شکسپیر ئەم قســانەی دەخســتە ســەر زمــانی "هاملێــت"ەوە ئــەوا ئــەو شــازادە دانیمارکییـە هـە تـا هەتایـە نەیدەتوانی ئـەو ناوبانگـە لـە شانۆدا پەیدا بکـات. کـەسمان نکـۆڵی لـە بـەکارهێنانی رسـتەی جـوان ناکـەین، بـەڵام بەکارهێنانی دەستەواژەی سارد، لاواز، مردوو، دووڕوو، داماڵراوە لـە ئەدەب، قابیلی قبووڵ نییە.

ڕاشکاوی لە زماندا، بەرامبەرەکە لە گێژاوی ونبوون رزگار دەکات و پەیامەکانی نووسەر بەبێ پەردە دەخاتە ڕوو.

*دەستەواژە زیادەکان فڕێدەن:

کاتێك هەموو لایەنەکانی مەسەلەکە لێکدرایەوەو بارو دۆخەکە لە هـەموو بوارەکانـدا بەباشـی دەستنیشـانکرا، خۆتـان لـە بـەکارهێنانی رستەی وەك "ئەگەر هاتوو هەموو لایەنەکانی مەسەلەکە لێکدرایەوە، بارو دۆخەکە لە هەموو بوارەکانیدا بەباشی دەستنیشانکرا" بپارێزن.

هەندێ دەستەواژە هەن کە ڕاستەوخۆ پێکەوە دێنە خەیاڵتانەوە، وەك:" لەم بارەیەوە، بە لەبەرچاو گرتنی، بەم جۆرە، ئاشکراو ڕوونە" دڵنیـاین ئـەم دەسـتەواژانە خـراپن، ئێـوە ئـەم شـتانەتان دانـەهێناوە، هەندێ بیری رزیون و لە ناو خەڵکەوە سەریان هەڵداوە. دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی ئەم دەستەواژانە زۆر دژوارەو بە زۆری سەرناگرێ. ئەم دەسـتەواژانە بـە جۆرێـك لـە ئاخاوتنـە ڕۆژانـەکانی ئێـوەدا خۆیـان سـەپاندووە، کـە بـە ئاسـانی نـاکرێ ببینـرێن و خـۆ بپـارێزن لـە بـەکارهێنانیان، مـومکین نییـە نووسـەر لـە کـاتی نووسـیندا، نـەك پێـی نـاکرێ لێکیـان جیـا بکاتـەوە، بگـرە وا دەزانێـت هێنـدە گـرنگن هـیچ

www.pertwk.com

نووسەرێك ناتوانێت بە تەواوەتی خۆی لەو جۆرە دەستەواژانە رزگار بكات، بەڵام نووسەرە بە تواناكان پێش نووسەرە لاوازەكان دەتوانن بگەنە ئەو ئەنجامە. مەبەستمان لەو جۆرە دەستەواژانە، كۆمەڵێك دەستەواژەی وەك: "تا ئەو شوێنەی پەیوەستە بەئێمەوە، لەم بارەوە، لە ڕاستیدا، ڕاستییەكەی، ئەوەی سەلمێنراوە، هەموو خەڵكی دونیا دەبێت بزانن، بە هیچ شێوەیەك لە شێوەكان، لە ڕاستیدا دەبێت بوترێت، پێویست بە بیرخستنەوە دەكات، وەك چۆن پێشتر باسكراوە، لە چاو ترووكانێكدا، تا ئەوپەڕی دونیا، لە دووریی دەریا، بە گەورەیی دونیا، جارەهای جار، لە ژێر ناوی، پێشكەوتنی زیاتری كار، بە ناو ئازادیخواز، بە ناوی ئەو، بە ناوی ئەم، بابەتی لەو جۆرە، بە هەموو توانایەك، ڕێگەی ڕاست" ئەم دەستەواژانەی سەرەوە سەردەمانێك كاریگەریی زۆریان هەبوو، زۆریش بەكاردەهێنران، بەڵام ئەمڕۆ تەنها لەو حاڵەتانەدا بەكاریان دەهێنین كە شتی ترمان نەیەت بە خەیاڵدا.

هەندێ لەم دەستەواژانە، وەك دیوارێك لە نێوان نووسەرو فیكری نووسەر دەوەستن، زۆر دەستەواژە هەن بە لای سیاسەتمەدارەكانەوە خۆشەویستن: "خاكی پان و بەرینی ئێمە، خەڵكی سادەی سەر شەقام و كۆڵانەكان، كولتووری نەتەوایەتیمان، لە وانەیە بەو دەستە واژانە سیاسەتمەدارێك بتوانێت نیشتمان پەروەریی خۆی پێشان بدات، یان بۆچوونە سیاسییەكانی خۆی بۆ ئەملاو ئەولا بسەلمێنێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم دەستەواژانەو ئەو بابەتانەی كە دەمانەوێت بینووسین، جگە لە هەندێ زیادە ڕۆیی و زاراوە، هیچی تری بۆ زیاد ناكات.

*وشە ڕەنگینەكان

www.pertwk.com

نووسەر وەك بەننا وایەو وشە بە وشـە، خـانوو دروست دەكـات. لـە ڕاسـتیدا بەرژەوەنـدیی ئـەو لـە وشـەو زاراوەدایـە، بـەڵام هـیچ بەنایـەك بەرژەوەنـدیی نەبەسـتراوەتەوە بـە كۆمـەڵێك كەرەسـتەی لـووس و گومڕاكەری وەك وشەو زاراوەوە، كاری نووسەر ئەوەیە كە بەردەوام بە دوای زاراوەی ڕاستدا بگەڕێت و لە ڕستەدا بەكاری بهێنێت. دەبێت ئەو زاراوەیـە هەڵبـژێرێت كە مەبەسـتەكانی بـە وردی دەر دەبڕێ و خوێنـەر تووشـی سەرسـوڕمان بكات، هەڵبـەت هـیچ نووسـەرێك نییە ئەوە قبوڵ بكات كەچیی ویستووە، وشە بە وشە وەكو خۆی دەستی كـەوتووە. هەندێك جـار وا دەزانێـت سـەركەوتنی وای بـە دەسـت نـەهێناوە، بـەڵام جـاری واش هەیـە هەسـت دەكـات سـەركەوتنەكەی لـە ئاسـتی هـەوڵ و تەقـەلا كانیدایـە. هـیچ كتێبێـك نییـە ڕێبـازێكی دیـاریكراوی بـۆ ئـەم مەسەلەیە تێدابێت.

تەنیا ڕێگە بۆ سەركەوتن لەم بوارەدا، ئەوەیە مرۆڤ تا پێـی دەكرێت ئەزموون و ڕاهێنان بكات، ئەم ئەزموون و تەمرینانە تا دوا ساتی تەمەن درێژە دەكێشن و تـەواو نـابن، بـەڵام دەبنـەهۆی كەڵەكـەبوونی ئـەزموونی زیاترو قووڵبوونەوەی مرۆڤ لە ناو پرۆسەی نووسیندا.

لـە ڕاسـتیدا دەكرێـت هەنـدێ شـت لـە بـارەی ڕێنمـاییكردن بـۆ هەڵبـژاردنی وشـەو زاراوەدا بوترێت، بەڵام ئەم ڕێنماییانە لە ژمارەی پەنجـەكانی دەست تێپـەڕ ناكـەن و یـەكلا كـەرەوەش نـین. هەنـدێ وشـە هەن ئێمە ناومان ناون وشە (ڕەنگینەكان)، واتە هەڵبژاردنیان بـەجۆرێك بووە كە كار لە هەستی خوێنەر بكات. ئەوانە لە جیاتیئەوەی ڕاست و ڕەوان بن، ماكیاژ كراون. لە جیاتی ئەوەی بەربڵاوبن، دیاریكراون. لە جیاتی ئـەوەی ئارام بن، دەنگیان بـەرزە. بۆ نموونـە لـە جیاتی ئـەوەی بنووسـین، "دڵـی لێـدەدات"، دەنووسـین "دڵـی لـە سـینەیدا دەتـەپی،

www.pertwk.com

جۆرێك دەتەپی وەك بڵێی سەمای دەكرد "لە جیاتی ئەوەی بنووسین "لـە سـەر كورسـییەكە دانیشـت" دەنووسـین: "خـۆی هەڵدایـە سـەر كورسـییەكەو پـان بـووەوە" یـان "جەسـتەی هیلاكـی خـۆی سـپاردە كورسـییەكە"، لـە جیـاتی ئـەوەی بنووسـین "هەواكـە زۆر گەرمـە" دەنووسـین "هەواكـە گـەرمو سـووتێنەرە، یـان "گەرماكـە ئەشـكەنجەی لەشمانی دەدا" یان "هەواكە خنكێنەر بوو"، بەڵام نابێت وای دابنێین كە دەتوانین هـەموو كاتێك وسـەی جوانو ڕەنگین بەكاربهێنین، چونكە زۆر جـار باشـتر وایـە هـەمان "دڵـی لێـدەدا" یـان "هەواكـە گەرمـە" بنووسین.

هەر قۆناغو سەردەمێك جۆرێك پەخشو داڕشتنی تایبەت بە خۆی هەبووە، نووسەرانی سەدەی نۆزدەیەم حەزیان دەكرد وشەی پڕ ماناو تەڕ بەكاربهێنن، بەڵام نووسەرانی سەدەی بیستەم بە زۆربەیان حەزیان لـە بـەكارهێنانی وشـەی ساردتر هـەبوو، نووسـەرانی سـەدەی بیسـتەم بـەردەوام وەك نووسـەرانی سـەدە جیـا جیاكـانی تـر بـە دوای وشـەی وردترو ڕاشكاوتردا گەڕاون، بەڵام بەردەوامیش ترسیان لـەوە هـەبووە كە وەكو پەخشانەكەیان تووشـی "تا"بن. بۆیـە هـەوڵی ئەوەیان دەدا هەنـدێ سـووكتر بنووسـنو تووشـی (إحساسـات) نـەبن. ئەوەشـیان دەزانـێ كـە ئەگـەر لـە نووسـینەكەیاندا زیـاد لـە حـەد وشـەی ڕەنگین بـەكاربهێنن، خوێنـەران دەكەونـە پێكەنینـەوە، چـونكە داڕشـتنەكەیان گاڵتە ئامێز دەردەچێت.

*وشە ڕەنگاوی كراوەكان:

هەندێ وشە هەن ئێمە پێیان ناڵێین "ڕەنگین"، بەڵكو ناومان ناون "وشـە ڕەنگـاوی كراوەكـان". ئـەو وشـانە دەكـرێ بـە بـاشو خـراپ

www.pertwk.com

هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت. هەموو وشەکان مانا دەبەخشن. پێشتریش وتمان کە مانای هەر زاراوەیەك بریتییە لە کۆمەڵێك دەق کە زاراوەکەی تێدا روو دەدات. کاتێك کە بۆ یەکەم جار گوێمان لەو زاراوە بووە. بە کەڵك وەرگرتن لە مانای ڕستەکە، دەگەینە مانای زاراوەکەش. لە هەندێ زاراوەدا ڕەنگدانەوەکان بە ئاشکرا دەردەکەون. بۆ نموونە وشەی "دایك" بەلای زۆربەی خەڵکەوە ڕەنگدانەوەیەکی باشی هەیە. کاتێك گوێمان لە وشەی "دایك" دەبێت، ماڵ، ئاسایش، عیشق، خواردن، شتی جوانو پەسەند لە هزرماندا بەرجەستە دەبێت.

کاتێك یەکێك دەنووسێت: "ئەو بۆ من وەك دایك وابوو" وشەی دایك لێرەدا هەستو سنوورێك دروست دەکات کە ناکرێت لە ڕستەی "ئەو بۆ من وەك پوور وابوو" هەبێت.

لە هونەری ڕیکلامدا بۆ خستنە ڕووی کالایەك کەڵك لە ڕەنگدانەوەی وشەی دایك وەردەگیرێت، سیاسەتمەدارێك کاتێك دەیەوێت لە بارەی خۆیەوە قسە بکات، ئەم وشەیە بەکاردەهێنێت.

جگە لەوانە لە کاتی بەکارهێنانی وشەی خانوو، ئازادی، لە پاڵ ئاگر، ڕەزامەندی، گەرەك، گونجان، میهرەبانی، خۆشەویستی، فیداکاری، پاکیی منداڵان، پیاوەتی، بومەلەرزە، ساف، مرۆڤ دەوروژێت. هەموو ئەو زاراوانە لەگەڵ کۆمەڵێ مانادا دەگونجێن کە ناکرێت پێناسەیەکی ڕاستەوخۆو کورتو وردیان بۆ بکرێت. کاتێك دەنووسین: "ئەوان لە پاڵ ئاگرەکەدا کۆبوونەوە"مانایەك لە هزری ئێمەدا بەرجەستە دەبێت، کە جیاوازە لە مانای "ئەوان لە دەوری سۆپاکەدا کۆبوونەوە"، لەوانەیە ئەوانەی لە هەردوو حاڵەتەکەدا دانیشتبوون وەك یەك خۆشحاڵو خۆشبەخت تا گەرمیان ببێتەوە،

www.pertwk.com

بـەڵام "لـە پـاڵ ئاگرەکـەدا" هەسـتی تـەنیایی، ویقـار، هاوڕێیـەتیو یەکگرتوویی دروست دەکات، بەڵام سۆپا ئەوە ناگەیەنێت.

بە پێچەوانەی ئەوانـەوە هەنـدێك زاراوە هـەن کـە نـا ڕەحـەتییان لێ پەیـدا دەبێـت. وەك چۆن وشـەی "دایـك" کۆمـەڵێك شـتی باشـمان پـێ دەگەیەنێت، وشەی "باوە ژن" هەستی خراپیمان لا دروست دەکات. بە سـەرنجدان لـەوەی زۆر لـە باوەژنـەکان خـەڵکی میهرەبـانن، ئەگـەر دایکـەکان لـە منداڵـەکانیان بـدەن لـە لای خـەڵك وا دەکەوێتـەوە کـە پـەروەردەیان دەکـات، بـەڵام ئەگـەر بـاوە ژن ئـەو کـارە بکـات، بـە ئەشکەنجەو ئازار لە قەڵەم دەدرێت. بە هـەر حاڵ ئـەوە حەقیقەتێکە، کەچی لای خەڵکی بە جۆرێکی تر دەکەوێتەوە، مەسەلەکەش لەوەدایە کە وشەی "دایك" ڕەنگدانەوەی باشی هەیەو "باوە ژن" نییەتی.

زاراوەی "ڕووناکبیر" لەبەرچاو بگـرن، لـە ڕواڵەتـدا ئـەم زاراوەیـە زاراوەیـەکی موئەدەبانەیـەو زۆر جار وەکـو مجامەلـە بـەکاردێت، بـەڵام لەوانەیـە لـە حاڵـەتی تـردا وا نەکەوێتـەوە. هەنـدێك جـار وەك دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵو نا زانستی یوونو خـەیاڵ پلاوی بەکاردێت، زاراوەکانی لیبراڵ، کۆمۆنیست، سۆسیالیست، سەرمایەدار، توندڕەو، ڕادیکاڵ، شـۆفێری لـۆری، دەلال، قەساب، چەقۆ تیژکەر، عەرەبانچی، وردە بۆرژوا، کاسبو وردە فرۆش، کاریگـەریی خراپیان لەسەر هزری ئێمە هەیە. (هەڵبەت بۆ ئێرانی ئیسلامی وایە-وەرگێڕ).

ئەو وشانە گاڵتـە پێکردنیان تێدا نییـەو هـەر یەکـەیان لـە جێگـەی خۆیدا مانایەکی تایبەتیی هەیە، بەڵام ئەگەر لە جێگـەی خۆیاندا بەکار نـەهێنرێن، وەك گاڵتـە پێکـردن دەکەوێتـەوە، ئایا لـە کـاتی نووسـیندا دەبێت ئەو زاراوانە بەکار بهێنرێن یان نا؟ ئەوە پەیوەستە بەو دەقەی کـە دەمانـەوێت بینووسـینەوە، زانایـانو لێکۆڵـەرەوان هـەوڵ دەدەن

www.pertwk.com

خۆیـان لـە بـەکارهێنانی ئـەو جـۆرە زاراوانـە دوور بخەنـەوە. شـاعیرو ئاگاداری نووسەکانو وتار نووسەکان هەست دەکەن بەبێ ئەو زاراوانە لاڵن. بەڵام هەر نووسـەرێك دەبێت ئاگای لـەوە بێت کە ئەو زاراوانە لـە جێگەی خۆیدا بەکار بهێنێت، کەسێکی لیبراڵ یان کۆمۆنیست یاخود سۆسیالیست. با لەگـەڵ بیرو ڕاکانیاندابین یان نـەبین. ئەگـەر بیرمەند بێـت دەبێـت وەکـو خـۆی بیخەینـە ڕوو، بـەڵام ئەگـەر لـە بابەتێکـدا نووسـیمان: "هـەر کەسـێك بـەو جـۆرە بیربکاتـەوە، کۆمۆنیسـتە یـان سۆسیالیستە یان کاپیتالیستە". ئەوا بەو نووسینە دەریدەخەین کە ئێمە ئەو جۆرە کەسانەمان خۆش ناوێت.

ئـەو زاراوانـە تـەنیا بـەلای کۆڵکـە خوێندەوارەکانـەوە گـرنگن، هەڵەیـەکی گەورەیـە ئەگـەر ئێمـە زیـاد لـەوەی کـە هەیـە خوێنـەران بـە نەزانو ساکار لە قەڵەم بدەین.

*زاراوە بێ ڕەنگەکان (کاڵبووەکان):

ئـەوەی لـە هـەموو شـتێك زیـاتر خوێنـدکاران لـە کـاتی نووسـینی دارشتندا ڕوو بە ڕووی دەبنەوە، زاراوەی ڕەنگینو ڕەنگکراوەکان نییە، بـەڵکو ئـەو زاراوانـەن کـە هـیچ ڕەنگێکیـان نییـە. یـەکێك لـەو زاراوانـە، زاراوەی (باش)ە. لە کاتی وتووێژی ئاساییدا زۆر بە زەحمەت دەتوانین چاو پۆشی لەم وشەیە بکەین، بەڵام لە کاتی نووسیندا ناتوانین بە زۆری بەکاری بهێنین. زاراوە بێ ڕەنگەکان ئەو وشانەن کە ماناکانیان هێندە گشتگیرە کە هیچ شتێك ناخەنە سەر بابەتەکە، ئەو سیفەتانەن کـە لـە لای زۆرینـەی خـەڵکی بـاون، وەك "تێـی تەقانـد"، "پرخـەی دەهات"، "نووزەی لێوە نەهات"، ئەم دۆخە بە نیسبەت ناویش هەر وایـە، هەنـدێ نـاو هەیـە مانایـەکی بـەربڵاویان هەیـە، وەك: بـارودۆخ،

www.pertwk.com

هەلومەرج، بوارەکان، پەیوەندی، ئەنجامی لێکۆڵینەوە، بە شێوەیەکی گشتی، جێگەی ڕەزامەندی، گونجاو، بە گشتی تا پێمان دەکرێت دەیبێت خۆمان لەم جۆرە تاوانە دوور بخەینەوە. لە زۆربەی بارودۆخەکاندا بۆ تان دەردەکەوێت کە دەبێت هەندێك لایەن و هۆکار هەن لەبەر چاو بگیرێن، چونکە ئەگەر بەبێ وردبینی زاراوەی بێ ڕەنگ هەڵبژێرین، دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەران لە کاردانەوەکانیاندا هەڵسوکەوتی گونجاو ئەنجام نەدەن.

کاتێك وشەیەکی وەك "هتد" دەنووسیت، دەتەوێت بە خوێنەر بڵێیت: "بابەتەکە زۆر لەوە درێژترە کە نووسیوتە، بەڵام بە داخەوە جگە لەوە هیچت لە بیر نەماوە"[(1)].

1-هەندێ لە بابەتەکانی (سادە نووسین) ڕاپۆرتەکانی نووسەرە لەو محازەراتەی کە لەسەر ڕۆژنامە نووسی لە ساڵی (1365) لە ڕۆژنامەی (أبرار) لە لایەن بەڕێز: عەلیڕەزا فرهندەوە پێشکەش دەکرا.

www.pertwk.com

## ▫ ئاشنایی لەگەڵ شێوازی داڕشتنی:
## (هەمنگوای، مارکیز، تۆم وڵف)

1-شێوازی داڕشتنی هەمنگوای:

نەیارەکانی نووسەری بەناوبانگی ئەمریکایی (ئارنست هەمنگوای)، دەیان وت: "داڕشتنێکی "ڕۆژنامەوانی هەیە" و بەرهەمەکانی ئەویان فڕێ دەدا. ئەوان پێیان وابوو ئەم شێوازی داڕشتنە هەر لە سەردەمی لاوێتییەوەبە نووسینەکانییەوە گرێ دراوە. لە دەیەی دووەمی سەدەی بیستەمی زایینییەوە (ئەرنست هەمنگوای) هاوکاریی ڕۆژنامەی (Daily Star)ی دەکرد، کە لە شاری (کانزاس سیتی)دا دەردەچوو. هەر لەوێشدا فێری (پیشەی) نووسینی ڕۆژنامەوانی بوو:

**"هەرچەندە دواتر بە توورەییەوەئەوەی ڕەت دەکردەوەکە ئەو لە ئەنجامی پرسیارە زۆرەکانی لە هاوکارەکانی لە ڕۆژنامەی (Daily Star)، فێری (پیشەی) نووسین بووە و ئەوانیش پشتیان بە کتێبەکەی (C.G.Wlington-سی. جی. ولینگتن) دەبەست کە خاوەنی شێوازی ڕۆژنامە نووسیی خۆی بوو، بناغەی شێوازی نووسینی ولینگتن لەسەر (وردبینی)و (خوێندنەوە) داڕێژرابوو، هەرچەندە هەمنگوای تەنیا حەوت مانگ لە (Daily Star) مایەوە، بەڵام لە هەموو قۆناغەکانی نووسیندا لەو دوو بناغەیە لای نەدا"[1].**

هەندێ بنەمای تر هەبوون کە هەمنگوای لە داڕشتنی شێوازی ڕۆژنامە نووسیندا پەیڕەویی لێ دەکردن، جگە لە (وردبینی)و (خوێندنەوە)، بنەمای تر هەبوون، بۆ نموونە بنەمای سێیەم دەڵێت:

---

**1-وەك: فرناندا پوانۆ، هەمنگوای، مترجم رچا میصریە، ص112.**

www.pertwk.com

"هەرگیز زاراوەی كۆنەو عامیی بەكارمەهێنن.. ئەو زاراوە عامییانە بۆ ئەوەی جێگەی پەسەند بن، دەبێت نوێ بن" بنەمایەكی تر دەیگوت: "خۆتان لە بەكارهێنانی ئاوەڵناو دوور بخەنەوە، بە تایبەتی ئاوەڵناوی وەك "شكۆدار، خەیاڵی، مەزن، بڵندو شتی تر". (لەوانەیە ئەم بنەمایەی دوایی پایەیەك بێت بۆ كورتیی ڕستە لای هەمنگوای).

گومان لەوەدا نییە كە هەمنگوای هەردەم لە باوەڕە ئەدەبییەكاندا ئەم وتەیەی (ولینگتن)ی پەیڕەو دەكرد: "زمانی ئینگلیزی لە ڕێگەی كۆكردنەوەوە دەگاتە سادەیی". هەمنگوای لە چاوپێكەوتنێكدا وتوویەتی: لە ماوەی حەوت مانگی كاركردنی لە (Daily Star)دا هەوڵی داوە "بە شێوازێكی سادە، شتی سادە بڵێت"[1].

ئەو ڕستەیەی هەمنگوای بۆ ئەو نووسەرانەی كە دەیانەوێت لە ڕۆژنامەكاندا بابەت بنووسن، زۆر بە كەڵكە. ئەو دەیوت: "بۆ ئەوەی فێری نووسین ببیت، دەبێت بنووسیت، دەبێت ئەو شتانە بنووسیت كە لە ئەزموونە شەخسییەكانتاندا ناسیوتن[2]"، بۆ ماوەیەكی درێژ هەمنگوای پەیڕەویی لەو بنەمایانە دەكرد كە لە (Daily Star) فێریان بوو بوو، بە هەمان شێواز دەینووسی: "هەمنگوای هەموو توانایەكی دەخستە كار، تاكو ڕستەی واقعی بنووسێت تا ئەو ڕادەیە واقعی بێت كە لە توانای خەیاڵیدایە.. وەك نووسەرێك بتەوێت، ڕاشكاوەیی، وردبینی، لە ئامانجەكانی ئەو بوون"[3].

(فرناندا پێڤانۆ–Fernand Pivano) بەم شێوەیە باس لە شێوازی داڕشتن لای هەمنگوای دەكات:

---

1-سەرچاوەی پێشوو، ص113.

2-سەرچاوەی پێشوو، ص137.

3-سەرچاوەی پێشوو، ص99.

www.pertwk.com

"گومان لەوەدا نییە ئاشکرایی، ڕەوانیو سادەیی شـێوازی هـەمنگوای- یان پێك دەهێنا، ئەو شتانەش لە قۆناغی کارکردنیدا وەك ڕاپۆرت نووسێك بۆ چاپەمەنییەکان لە ساڵانی (1920-1924)تەکامولی کرد"[1].

هەرچەندە "ستاین"و "پاوەند" کە دوو نووسەرو شاعیری هاوڕێی هـەمنگوای بـوونو داوایـان لـێ دەکـرد لـە نووسـیندا واز لـە شـێوازی ڕۆژنامە نووسین بهێنێتو خۆی لە داوی زمانی "ڕۆژنامەوانی" دەرباز بکات.. بەڵام دۆخەکە نەگۆڕا:

"هـەمنگوای وەك سـەردەمی جـەنگ لـە ئیتالیـا، هـەموو شـتێکی لـە دیدگایەکی ڕۆژنا مەوانییەوە دەبینی، دیدگایەك بوو هیچ شتێکی لەبـەر چـاو ون نە دەبوو یان فەرامۆشی نە دەکرد"[2].

ئەم دیدگایەی هەمنگوای کە "هیچ شتێکی لە چاو ون نە دەبوو"، دیدگای کەسێکی داهێنەرە، چونکە: "کەسانی داهێنـەر بڕێك لە کاتی خۆیان بە تێڕامان لـە دەوروبـەری خۆیان بەسـەر دەبـەنو لـەم ڕێگەیـەوە دەروازەی تازە بۆ بیرکردنەوە پەیدا دەکەن"[3].

جگە لەوەش:

"کەسانی داهێنەر لە ڕێگـەی تێکـەڵاوکردنی "بیرکردنـەوەی قسـەیی" لەگەڵ بیرکردنەوەی بینینو بیرکردنەوەی لۆژیکی کە پشتی بـەو واقیعییـەت بەستبێت لەگەڵ بیرکردنەوەی نا لۆژیکیو خەیاڵی لە کەسانی ئاسـایی جیـا دەبنەوە"[4].

2-شێوازی داڕشتن لای گابریل گارسیا مارکیز:

---

1-سەرچاوەی پێشوو، ص117.

2-سەرچاوەی پێشوو، ص 117.

3-حسین زارعی، افراد خلاق چەویژ گیهایی دارند، همشهری، ش2164.

4-هەمان سەرچاوە.

www.pertwk.com

(ریفاتیر–M.Riffateerre) کە مامۆستای شێواز ناسینە لە زانکۆی کۆڵۆمبیا دەڵێت:

"هۆکاری سەرەکی لە ناسینی شێوازدا، چۆنییەتی قسەکردنە، ئەوەی لای وایە دیاردە بە هەمان ڕادە "شێوازە" کە چاوەڕوانیی ناکام بوونی هەبێت، بەڵام ئەم چاوەڕوانییە هەموو جارێک بە جۆرێکی تر بەرهەم دێتەوە"[1].

یەکێك لە ڕێگەکانی ناسینەوەی شێوازە ئەدەبییەکان، بەراورد کردنییەتی لەگەڵ شێوازەکانی داڕشتن لە ڕۆژنامەکاندا، ئەو ڕێگەیەش پێی دەوترێت "زمانی پێوانە–ستاندارد"، چونکە لە زمانی پێوانەدا، سادەیی، ڕاستگۆیی و تازەگەرێتی مەرجن و زمانی پێوانەش زمانی باوی ناو کۆمەڵگە یان میللەتێکە. شێوازی داڕشتن لە ڕۆژنامەکاندا، داڕشتنی ڕاستییەکانە، هەرچەندە لە هەندێ حاڵەتدا لەبەر چاوەڕوان نەبوونی ڕووداوێك، ئەگەری ئەوە هەیە ڕووداوەکان بە خەیاڵی لە قەڵەم بدەین، گابریل گارسیا مارکیزی نووسەرو ڕۆژنامە نووسی کۆڵۆمبیا و ئەمریکای لاتین دەڵێت:

"لە ئەمریکای لاتین و هەرێمی کاریبی، هونەرمەندەکان هێندە پێویستییان بە داهێنان و خەیاڵاوی کردنی چیرۆکەکانیان نییە، بە پێچەوانەوە کێشەی سەرەکیی ئەوان لەوەدایە چۆن بتوانن حەقیقەتەکانی ژیان وا لێبکەن بە لای خەڵکەوە پەسەند بن"[2].

گابریل گارسیا مارکیز، لە بارەی تەکنیکەکانی گێڕانەوەی ڕاپۆرتی ڕۆژنامە نووسییەوە دەنووسێت:

"شێوازی (کارگی تالی)، (نۆرمن میکر)و (ترومن کاپوت) بە باش دەزانێت، چونکە شێوازی ڕۆژنامەوانیی نوێیان گرتووەتە بەر، تەنیا لایەنی

---

1-محمد تقی غیاثی، در آمدی بر سبك شناسی، ص177.

2-گابریل گارسیا مارکیز، واقعت باور نکردنی، ص2.

www.pertwk.com

ئەدەبیی ڕۆژنامەوانیی نوێ، شێوازە ئەدەبییەکەیەتی، داهێنانی ئەدەبی تەنیا لەو کاتەدا ڕێگەی پێ دەدرێت، کە جێگەی باوەڕ بێتو لەگەڵ واقیعییەتە سەلمێنراوەکاندا یەك بگرێتەوە"[3].

ئەم پێناسەیەی مارکیز، دەمانباتەوە سەر ئەو پێناسە باوەی کە ڕۆژنامە نووسان بۆ "هەواڵ"ی دەکەنو لایان وایە کە هەواڵ ڕاپۆرتێکە لەسەر ڕووداوێك. کەواتە ناکرێت لەسەر ڕووداوێك کە هێشتا ڕووی نەداوە، هەواڵێك بنووسین، چیرۆك سنووری نێوان واقعییەتو خەیاڵ دەبەزێنێت، بەڵام هەواڵ ئەو سنوورە بە تەواوەتی لە یەك جیا دەکاتەوە.

مارکیز لە کتێبی "ڕاپۆرتی ڕفاندن"، بەم شێوەیە لە بارەی ڕەچاوکردنی شێوازی دارشتنی ڕۆژنامەوانی دەدوێت:

"ویستم بزانم ئایا دەتوانم وەك جاران، وەك ڕۆژنامەوانان بنووسم. ئەمە سەختترین کتێبمە کە تاکو ئێستا نووسیومە. نووسینی چیرۆك زۆر ئاسانترە، لەم کارەیاندا شارەزاییم هەیەو هەموو شتێکم پێ کۆنترۆڵ دەکرێت، ئەم کتێبەم وەك بڵێی بۆ ڕۆژنامە نووسرابێت. ئەم کتێبەم بە بێ کەڵك وەرگرتن لە وەسفی ئەدەبی یان ئیستیعارە نووسیوە. وەرزشێکی بە کەڵك بوو"[1].

بە پێی قسەکانی مارکیز، کە ڕۆمان نووسێکی بە ئەزموونەو خەڵاتی نۆبڵی لەبەر خاتری ڕۆمانی "سەد ساڵ تەنیایی" پێ بەخشراوەو هەم لە ڕۆژنامە نووسە ناودارەکانی کۆڵۆمبیاو ئەمریکای لاتینە، دەتوانین بڵێین، لە

شێوازی ڕۆژنامەوانیدا دەبێت لە وەسفی ئەدەبیو ئیستیعارە خۆمان دوور بخەینەوە.

---

3-سیلڤانا پاتر نوسترو (سەروز پاگابو)، ص23.

1-هەمان سەرچاوە

www.pertwk.com

3-شێوەی دارشتن لای تۆم وڵف (Tom Wolf):

تۆم وڵف، نووسەرو ڕۆژنامەوانی بە ناوبانگی ئەمریکایی، کە شێوازی ڕۆژنامەوانیی نوێی لە ئەمریکا داهێناوە، وەك ڕۆمان نووسێك لە بارەی شێوازی نووسینی خۆی دەڵێت:

"من بە تەواوەتی واقیع بینم، مـن عاشـقی دۆزینـەوەو نووسـینم لەسـەر دۆزینەوەکانم"[1].

تۆم وڵف پێشەنگی جۆرە ڕۆژنامەوانییەکە کە تایبەتمەندییەکەی لەوە دایە کە وێنەی زیندوو مەلمووس لەسەر کەسەکان دەخاتە ڕوو. تۆم وڵف لە وەڵامی ئەو کەسانەی ڕەخنەیان لە واقیع بینییەکەی هەیە دەڵێت:

"ئەگەر گومانتان لە ڕاستیی بەرهەمەکانی منە، بڕۆن ئەو کارە بکەن کە من کردوومە. لە پیلەی ئاپارتمان و تاکسییەکانتان بێنە دەرەوەو سەیری دەرەوە بکەن، تێبینییەکانتان بنووسن و وەرن تێبینییەکانمان بەراورد بکەین. گرەوتان لەگەڵدا دەکەم وێنای ئێوە بۆ نیویۆرك جیاوازییەکی وای لەگەڵ ئەوەی مندا نییە"[2].

ئەم قسانەی تۆم وڵف، زۆر نزیکە لەو ئامۆژگارییانەی کە لە ساڵی (1994) مارکیز کردوویەتی بۆ پەیامنێرەکان:

"پێویستە ڕۆژنامەوانەکان لە جیاتی پرتەو بۆڵە، بڕۆنە ناو شەقامەکانەوەو بە دوای هەواڵدا بگەڕێن و چاوەڕێ نەبن هەواڵیان لەسینیی زیویندا بۆ بێتە بەر دەست. ئەگەر سەرەك کۆمارەکان دەست ناکەون، ڕۆژنا مەنووسی باش بە هەر شێوەیەك بێت دەتوانێت هەواڵی دەستبکەوێت"[3].

---

1-بۆنی آنجیلو، (توم ولف) رۆمان نووس واقع بین، ص33.

2-هەمان سەرچاوە.

3-سلڤانا پاتر نوسترن (سێ رۆژ لەگەڵ گابۆ)، ص25.

www.pertwk.com

ڕەگــەزی واقعییــەتو پەیوەنــدی لەگــەڵ هــەواڵو ڕاپــۆرتی ڕۆژنامەوانیـدا، ڕەگـەزێکی چـارەنووس سـازە لـە شـێوازی داڕشـتنی چـاپەمەنیدا، ئــەم ڕەگــەزە نووســەرەکان لــە ژووری نووســینگەی ڕۆژنامەکانو خەیاڵ پلاوی دوور دەخاتەوەو بە زۆر ڕایان دەکێشێت بۆ بینینـی ڕووداوەکـان، بـۆ ئـەوەی وێنەیـەکی ڕاسـتەقینە لەسـەر ئـەو ڕووداوە بخەنە پێش چاوی هەزاران خوێنەری ڕۆژنامە.

*تایبەتمەندییەکانی شێوازی ڕۆژنامەوانیی نوێ:

تـۆم ولـف چـۆنییەتی ڕاپـۆرت نووسـینی نـوێو پێشـوازیی نـوێی داڕشتنی لە ساڵی (1960) لە گۆڤاری (Esquire) داڕشت، بۆیـە ئـەوەیان بە پێشەنگی ڕۆژنامەوانی داناوە.

تۆم ولف، ڕۆژنامەوانیی نوێ بەم شێوەیە پێناسە دەکات:

"بەکارهێنانی کۆمەڵێك تـەکنیکی داڕشـتنی بـاو لـە چـیرۆکە کـورتو درێـژەکان بـۆ دەربڕینـی ڕووداوە واقعییـەکان لـە پێنـاوی تێکەڵاوییـەك لـە ڕووداوێکی ڕاستەقینەی ڕۆژنامەوانی..".

تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە ڕۆژنامەوانییە لە چوار زەمینەداو بەم ڕیزبەندییەی خوارەوە دەناسێنێت:

**1-لەبەرچاو گرتنی کەسایەتیی تاك:**

دەبێت ڕۆژنامەوان ئاگای لە ناسینی ئەو کەسو کەسانە بێت کـە لـە ڕووداوەکاندا ڕۆڵیان هەیە. بۆیە دەبێت لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی یەك لە دوای یەکەوە هەستو ئەندێشەکانیان لە کاتی ڕوودانـی ڕووداوەکـە بـە باشی بزانێتو بە شێوەیەکی گشـتی ئاشـنای گەوهـەری کەسـایەتییان بێتو بە وردی وەسفیان بکات.

**2-دەرخستنی بەشە نموونەییەکان:**

www.pertwk.com

هەموو تایبەتمەندییە ئاشکراکانی کەس یان کەسەکانی جێگەی مەبەست لە ڕووداوەکاندا، وەك جۆری جلوبەرگ پۆشین، جوولە، هەڵسوکەوت، چۆنییەتی نان خواردنو ڕێکردنو شوێنی ژیانی، دەبێت لە لایەن ڕۆژنامەوانەوە شی بکرێتەوە.

**3-گفتوگۆی بەربلاو:**

ڕۆژنامەوانان، بۆ ناسینی تایبەتمەندیی کەسایەتیی تاك یان تاکە کاریگەرەکانی ناو ڕووداوەکان، دەبێت ئاگاداری وتووێژەکانی بێتو ڕاستەوخۆ وەکو خۆیان لە زمانی ئەوانەی وتووێژیان لەگەڵدا کراوە بنووسێتەوە.

**4-وەسفکردنی شوێن لە دوای شوێنیڕووداوەکان:**

دەبێت ڕوودانی ڕووداوەکە بە شێوەیەك دابڕێژرێت، کە شوێنە جیا جیاکانی ڕووداوەکە بە وردیو لە شێوەی چیرۆکێکی خەیاڵیدا وەسف بکرێت. بە جۆرێك لە شوێنێکەوە باز بدرێت بۆ شوێنێکی ترو تا بکرێت لە دەربڕینی مێژوویی و نا ڕاستەوخۆی ڕووداوەکان دوور بکەونەوە.

www.pertwk.com

□ **دەقی ڕۆژنامەوانی لە ناڕوونییەوە تا ئاشکرایی:**

"ئەگـەر بڕیـار بێـت خوێنـەر لـە مەبەسـتەکانی نووسـەر بگـات، پێویسـتە نووسـەریش لـە خواسـتەکانی خوێنـەر بگـات"-جـۆرج دی کوپن.

پێویسـتە ئـەو ڕاسـتییەمان قبـوڵ بێـت کـە سـەرەڕای تێپـەڕبوونی (150) سـاڵ بەسـەر تەمـەنی ڕۆژنامـەوانی لـە ئێرانـدا، هێشـتا هەنـدێ تایبەتمەندیی ئەدەبیاتی ڕۆژنامەوانی هەیە، کە بە پەردەیەك لە دوو دڵـی و بـەدبینی داپۆشـراوە. جـاری وا هەیـە لـە دانیشـتنێکی ڕەخنـەی ئەدەبیدا، پەنجەی تاوانبار کردن بۆ نووسەرێك درێژ دەکرێت و بەوە تاوانبـاری دەکـەن کـە نووسـینەکانی "داڕشـتنێکی ڕۆژنامەوانییـە"، گومان لەوەدا نییە ئەو تۆمەتبارکردنە لە ئەنجامی نا ئاگایی ڕەخنە گرەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە ئەگەر ئەم نووسەرە بڕوا بەوە

www.pertwk.com

بکات کە داڕشتنی ڕۆژنامەوانی تاوان بێت، ئەی کەواتە بۆ ڕۆژانە ملیۆنەها ڕۆژنامەو گۆڤار لە سەر تاسەری دونیادا بڵاو دەبێتەوەو خەڵك لە ڕێگەی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانیانەوە پێداویستییەکانیان لە هەواڵ دابین دەبێت.

ئەگەر ئەو ڕەخنە گرانە بەئاگابن لەو ڕاستییانە، چیتر ئاوا بێ ترس هێرش ناکەنە سەر ئەو نووسەرانەی کە جۆری داڕشتنەکەیان لە جۆری داڕشتنی ڕۆژنامەوانەکان دەچێت.

*پێناسەی داڕشتنی ڕۆژنامەوانی:

ئەگەر پێناسەیەکی ئاشکرامان بۆ داڕشتنی ڕۆژنامەوانی نەبێت، چۆن دەتوانین بە باش یان بە خراپی لە قەڵەم بدەین؟

بۆ دۆزینەوەی پێناسەیەکی هەمە لایەنەو پوخت، بە باشمان زانی لە جیاتی گەڕان بە دوای فەرهەنگو (دائرة المعارف)ەکاندا، بڕۆین بۆ خودی ڕۆژنامەکان، چونکە لێکۆڵینەوەو وردبوونەوە لە دەیان فەرهەنگو کتێبی ڕۆژنامەوانی، ناتوانن پێناسەیەکمان لەسەر دەقی ڕۆژنامەوانی پێ بدەن. بۆیە ئەم پرسیارەمان بردە لای دە نووسەرو ڕۆژنامەنووسو پەیامنێری کۆنترینو بەربڵاوترین ڕۆژنامەکانی ئێران "پێناسەی ئێوە بۆ دەقی ڕۆژنامەوانی چییە؟"، وەڵامەکانیش ئاوا بوون:

1-دەقی ڕۆژنامەوانی پێویستە سادەو ڕەوان بێتو هەموو لایەك لێی حاڵی بن، لەبەر ئەوەی بابەتەکانی ڕۆژنامە، ڕۆژانە دەچنە بەر دەستی ژمارەیەکی زۆری خەڵك، بۆیە دەبێت ڕەچاوی ڕێزمانو بەلاغەت بکات، لە هەمان کاتدا دەبێت لەگەڵ پێشکەوتنە زانستییەکانی ڕۆژدا، زارەوەی نوێ بەکار بهێنێت.

www.pertwk.com

2–پێویسته دەقی ڕۆژنامەوانی دەقێك بێت نازدارو پڕ لە ئاوازو دڵە ڕاوکێ و گیرۆدەیی، بۆ ئەوەی خوێنەران بەشداری لەگەڵ نەخشە دانان و پلاندانانی ڕووداوەکاندا بکەن. ئەم جۆرە دەقە لە ڕێگەی کۆمەڵێك خەسڵەت و تایبەتمەندییەوە ڕەفتارە تایبەتییەکانی خۆی دروست دەکات. زمان و پێکهاتەکەی جیاوازی لەگەڵ دەقی ئەدەبیاتی کلاسیکدا، بەڵام زۆریش دوور نین.

3–دەقی ڕۆژنامەوانی دەقێکی تایبەت بە ڕۆژنامەو لەگەڵ هیچ دەقێکی تردا بەراورد ناکرێت. دەقی ڕۆژنامەوانی دەقێکی سادەو ڕەوانە، چونکە بۆ زۆرینەی خەڵك دەنووسرێت. پێویستە ڕۆژنامەیش ڕاستییەکی تاڵ یان شیرین بە زمانی ڕۆژنامە، واتە زمانی "سادە" بنووسێت و هەموو خەڵك لێی تێبگات. بۆیە زۆر بەکەمی، جوانی و سەرنج ڕاکێشیی دەقی ئەدەبیی تێدا ڕەچاو دەکرێت.

4–ئەم جۆرە دەقە نابێت ئاڵۆز بێت و لەڕێگەی زاراوەو زمانی جیاو تایبەتەوە بابەتەکانی بخاتە ڕوو، دەبێت خوێنەر بە ئاسانی پەیوەندیی لەگەڵدا دروست بکات. جگە لەوەش لە ڕێگەی پێداچوونەوەوە، پێویستە ئەگەری زۆر ماناییەکەی کەم بکرێتەوە بۆ کەمترین مانا.

5–سادەیی، ڕەوانی، دا نەتاشین، ئاسانکردنی گەیشتنی بابەت بۆ خوێنەر، سەرنج ڕاکێش، کورت نووسین، ڕەچاوکردنی خاڵبەندی، دووبارە نەکردنەوەی بابەت، یەك لە دوای یەك هاتنی بابەتەکان و بەکارهێنانی باشترین پیتەکانی ڕۆژنامە، هەموو ئەوانە دەتوانن کاریگەریی باشیان هەبێت لەسەر چۆنێتیی دارشتنی دەقی ڕۆژنامەوانی. لەڕێگەی ڕەچاوکردنی ئەو خاڵانەی سەرەوە، دەکرێت لە گەیاندنی مانا و مەبەستەکان بە خوێنەر سەرکەوتوو بن.

www.pertwk.com

6–دەقی ڕۆژنامەوانی ئەو دەقەیە کە بتوانێت لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا (لە هەر ئاستێکدا بن) نزیکترین پەیوەندی دروست بکات. ئەگەر مەبەست لە دەقی ڕۆژنامەوانی بێت، ئەوا دەبێت دەقێك بێت بە تەواوەتی ڕەوان بێت و دووربێت لە کۆت و بەندی ئەدەبییەوە. تابۆی بکرێت زاراوە زانستی و هونەری و تەکنیکییەکان شی بکاتەوە. دەقی ڕۆژنامەوانی دەقێکی دروستەو لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا پەیوەندییەکی دۆستانە دروست دەکات.

7–ناتوانم وەڵامێکی دروستی ئەم پرسیارە بدەمەوە، بەڵام دەتوانم بڵێم دەقی ڕۆژنامەوانی پێویستە تایبەتمەندیی ڕاستگۆیی و کورتی و تا ڕادەیەکیش سادە بێت و هەموو لایەك لێی حاڵی بن.

8–دەقی ڕۆژنامەوانی دەقێکە یەك دوو سەدەیە داهێنراوەو یەکێکە لە لقەکانی ئەدەب، بەڵام شێوازو سیاقی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەم هونەرە دەتوانێت پەیوەندییەکی تەواو لە نێوان خوێنەران و ڕووداوەکاندا دروست بکات، جا ئەو خوێنەرانە لە هەر توێژێکی کۆمەڵایەتی بن. ئەم جۆرە دەقانە تایبەتمەندیی تری هەیە، بەڵام بە داخەوە زۆر بە کەمی لە لایەن بڵاوکراوەکانەوە ڕەچاو دەکرێن. دەقی ڕۆژنامەوانی بە کەڵك وەرگرتن لە ڕەگەزەکانی هەواڵ و تایبەتمەندێتیی کە خۆی لە تاکدا دەبینێتەوە، دەبێت هەڵگری زانیاری تەواو، بەڵام کورت بێت. هونەری ئەم دەقە لە سادە نووسین و کورتییەکەی دایەو هیچ خاڵێکی شاراوە بۆ خوێنەرەکەی بەجێ ناهێڵێت.

9–دەقی ڕۆژنامەوانی ڕەچاوکردنی کەم بەکارهێنانی وشەیە، لە بازاڕی ئازادە دەقی ڕۆژنامەوانیدا، ڕۆژنامەنووس وەك خەڵکی ڕژد کە پارە کەم خەرج دەکەن، ئەمانیش وشە خەرج ناکەن.

دەقی ڕۆژنامەوانی وەك زمانی تاوانبارەکان وایە، زۆر بە کەمی قسە دەکات. دەبێت جۆری ئەو کەم قسەکردنەش ڕوون بکرێتەوە. بە ڕای

www.pertwk.com

من دەقی ڕۆژنامەوانی بە پلیکانەی کورت نووسین و ڕاشکاوەییدا سەر دەکەوێت. دەقی پتەوی ڕۆژنامەوانی دەبێت وێنەی ڕووداوەکان بکێشێت، دەقی ڕۆژنامەوانی میناتۆرە نەك تابلۆ.

10-دەقی ڕۆژنامەوانی واتا دارشتنی بابەتەکان بە جۆرێك کە تێگەیشتنی بەلای خوێنەرانەوە ئاسان بێت. لە کاتی نووسینی دەقی ڕۆژنامەوانیدا نابێت پەنا بۆ ئەو زاراوەو وشانە ببەین کە خوێنەر هیلاك دەکات.

*بنەمایەکی گرنگ:

یەکێك لەو ئافەتانەی کە ڕۆژنامەکانی لای خۆمان پێوە دەناڵێنن، زۆر نووسینە-ڕۆژنامەکانی وڵاتەکەمان دەبێت تا بۆیان دەکرێت لە بەکارهێنانی زاراوەی لاتینی خۆیان بپارێزن و زیاتر لە وشەی فارسی (بۆ کورد دەبێت کوردی زیاتر بەکار بهێنێت-وەرگێڕ) کەڵك وەر بگرن.

نووسەرانی چاپەمەنییەکان دەبێت ئاگایان لەوە بێت کە بەشێك لە خوێنەرەکانیان کۆڵکە خوێندەوارن، بۆیە لە کاتی دارشتندا دەبێت ئەو بەشەیان لەبەر چاو بێت.

بەکارهێنانی وشەی سادەو ڕەوان، گرنگترین بنەمای دەقی ڕۆژنامەوانین.

*شیکردنەوەی ناوەرۆکی دە پێناسە بۆ وەڵامدانەوەی هەشت پرسیار:

شیکردنەوەی ناوەرۆکی دە پێناسەی دەقی ڕۆژنامەوانی ئەوەمان پێشان دەدات کە وەڵامی ئەم هەشت پرسیارەی خوارەوە بەم شێوەیەیە:

www.pertwk.com

1–دەقی ڕۆژنامەوانی چییە؟ لەگەڵ هیچ دەقێکی تردا بەراورد ناکرێت. زمان و پێکهاتەی جیاوازە لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا، بەڵام لە یەك دوور نین.

2–ئامانجی دەقی ڕۆژنامەوانی چییە؟ دروستکردن و ڕێ خۆشکردنی پەیوەندییە لەگەڵ پەیام وەرگرەکانداو گواستنەوەی پەیام بۆ خوێنەران.

3–دەقی ڕۆژنامەوانی چۆن دروست دەبێت؟ لە ڕێگەی بەکار نەهێنانی وشەی دوورو درێژو ڕەچاوکردنی کەم بەکارهێنانی وشە، زانیارییەکان دەبێت پڕ ماناو کورت بن و ڕاشکاوو مایەی تێگەیشتنی هەموو لایەك بێت.

4–ناوەرۆکی دەقی ڕۆژنامەوانی چییە؟ سادەو ساکارو دوور لە گرێ و ئاڵۆزی.

5–دەقی ڕۆژنامەوانی بە کام ڕێگە دەگوێزرێتەوە؟ لە ڕێگەی داڕشتنی بابەتەکانەوە.

6–پەیام وەرگرەکانی دەقی ڕۆژنامەوانی کێن؟ هەموو خەڵك، ئەو کەسانەی کە بڵاوکراوە دەخوێننەوە لە هەر ئاستێکدا بن.

7–مەرجەکانی دەقی ڕۆژنامەوانی چین؟ دەقی خۆماڵی و ڕیالیزمی بێت، هیچ شتێکی شاراوە بۆ خوێنەر بەجێ نەهێڵێت و زاراوە زانستی و هونەرییەکان ڕوون بکاتەوەو بابەتەکان دووبارە نەکاتەوە، داڕشتنێکی دروستی هەبێت. هەموو خەڵك لێی حاڵی بن.

8–کێ دەقی ڕۆژنامەوانی بەکار دەهێنێت؟ ڕۆژنامەنووس (ژورنالیست).

*ڕەوتی مێژوویی دەقی ڕۆژنامەوانی:

www.pertwk.com

ئێستاکە لە ڕێگەی شیکردنەوەی ناوەرۆکی دە پێناسەی ڕۆژنامەنووس و نووسەرە ناودارەکانبووینەوەو تا ڕادەیەك ئاشنایەتیمان لەگەڵ دەقی ڕۆژنامەوانیدا پەیداکرد، پێویستە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی ڕەوتی ڕۆژنامەوانیلە ئێران و جیهاندا، پەیدابوونی دەقی ڕۆژنامەوانی بدۆزینەوە، چونکە زانینی ڕەوتی مێژوویی دروست بوونی ڕۆژنامە لە جیهان و ئێران، دەتوانێت ڕێنماییەکی گونجاومان بکات بۆ زیاتر ناسینی دەقی ڕۆژنامەوانی.

*شێوەی هەرەمی سەروژێر کراو:

هەرچەندە لە نێوان ئەو شارستانییەتانەی کە چاپیان نە ناسیووە، دەکرێت هەندێك کەرەستە بدۆزینەوە کە لە چاپەوە نزیك بن، بەلام پێداویستییە هەواڵییەکان، تەنیا بە دۆزینەوەی چاپخانە لە ساڵی (1438) لە شاری (ستراس بۆرگ)ی ئەڵمانیادا پڕکرایەوەو لە ڕێگەی ئەویشەوە هەواڵەکان کە پێشتر تەنیا لە دەرباری شازادەکاندا بوون، چوونە ناو خەڵکە سادەکەوە.

لە دەوروبەری سەرەتاکانی سەدەی پازدەیەمدا، پیشەسازیی چاپ، گۆڕانێکی مەزنی لە مەسەلەی گەیاندنی زانیاری هێنایە ناوەوەو بووە بناغەیەکیش بۆ پێشکەوتنی ڕۆژنامەگەری لە سەدەکانی حەڤدەو هەژدەی زایینی[1].

لە ڕۆژنامەکانی سەدەی هەژدەیەمدا، هەواڵ ڕۆڵی سەرەکییان دەگێڕا، بەلام لەبەر ئەوەی ئەدەبیاتی کلاسیکییان بڵاو دەکردەوە، توانای پێشبڕکێ کردنیان لەگەڵ کتێب و نامیلکەدا نەبوو، لە ئەنجامدا

---

1-رەك-پیر-تاریخ مطبوعات جهان، ص21.

www.pertwk.com

نوخبـه کۆمەڵایـەتی و فیکرییـەکان، لەبـەر ئـەوەی ڕۆژنامـەکان وردە ئەدەبیاتیان بڵاو دەکردەوە، بۆیە بە بی نرخ و بەهایان لە قەڵەم دەدان.

تـا ئـەو کاتـەی ڕۆژنامـە سیاسـییە گرێـدراوەکان بـە دام و دەزگـا چەوسێنەرەکان لە ئەنجامی گۆڕانی باری ئابووری و کۆمەڵایـەتی، بـوون بە چاپەمەنیی بازرگانی و بە قسەی د.کازمی موعتەمەد نەژاد:

"ڕۆژنامـەوانیی کلاسـیکیی ڕۆژئـاوا، لـە دەیـەی چـوارەمی سـەدەی نۆزدەیەمدا، لـە ئـەنجامی بـە بازرگـانی بـوونی چاپەمەنییەکانی ئـەوروپا و ئەمریکادا، چوار چێوەیەکی یاسایی و ئازادی خوازی و پیشەیی هەڵبـژاردبوو، وردە وردە لە ڕووی شێوە و ناوەڕۆکیشەوە گۆڕانی تێکەوت"[2].

لوتکەی ئەم گۆڕانکارییانـە لـە شـێوەی هـەواڵ نووسـیندا لـە نیـوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیـەم دەرکـەوت، لـەو دەمـەدا، ڕۆژنامـە نووسـەکان لەبـەر هەلومـەرج و داخـوازی و کـەڵك وەرگـرتن لـە ئیمتیازەکـانی هـەواڵ نووسـین، ڕوویـان لـە شـێوەیەکی تـری هـەواڵ نووسـین کـرد، ئـەم شێوەیەش پێی دەوترێت هەرەمی سەرەو ژێر کراو:

"شێوەی هەرەمی سەرەو ژێر کراو، بۆ یەکەم جار لـە سـاڵی (1860)و لە کاتی شەڕی نـاوخۆی ئـەمریکا هاتـە ئـاراوە، ئـەویش بـە هـۆی بچـڕانی هێڵەکانی تەلیگراف لـە لایـەن هێـزە دژ بـە یەکەکانـەوە. پاشـان بـە هـۆی باشییەکانییەوە هەم لە لای خەڵك و هەم بۆ ڕۆژنامە نووسەکان بوو بە باشترین شێوازی هەواڵ نووسین"[1].

وەك دەزانـین لـە شـێوەی هـەرەمی سـەرەو ژێـر کـراودا، بەشـە گرنگـەکانی هـەواڵ دەکەونـە پـەرەگرافی یەکـەمی داڕشـتنەکەوە، بـۆ ئەوەی خوێنەر ڕاستەوخۆ ئاگاداری ڕەگەزە گرنگەکانی هەواڵەکە بێت.

---

2-روزنامە نگاری-کاظم معتمد نژاد، ص482.

1-هەمان سەرچاوە، ص483.

www.pertwk.com

له پەرەگرافی یەکەم، یا خود (لیدی هەواڵ) له شێوازی هەرەمی سەرەو ژێر کراودا، هەوڵ دەدرێت وەڵامی شەش ڕەگەزەکەی هەواڵ (مەرج نییه هەموویان) بدرێتەوە. واته کێ چ کەسێك)، کەی (چ کاتێك)، کوێ (له کوێ)، چی، بۆ، چۆن؟ له بەشەکانی تری شێوازی هەرەمی سەرەو ژێر کراو، ئەوەیە کە ڕووداوەکان بە سروشتی بڵاو دەبنەوەو بە ئاسانی مانشێت دیاری دەکرێتو دەتوانین بابەتە زیادەکان لە کۆتایی هەواڵەوە لا بدەین.

خوێنەر زۆر بە خێرایی ناوەرۆکە گرنگەکانی هەواڵەکەی پێ دەگات، هەرچەندە ئەم شێوازەی هەواڵ نووسین هەندێ کەمو کووڕیی تێدایە، بەڵام لە بەرامبەر شێوازی مێژوویی کە زیاتر بۆ باسکردنی هەواڵی ڕووداوەکان بە پێی مێژووییان بەکاردێت، زۆرتر بەکاردێت.

دکتۆر "نعیم بدیعی" مامۆستای ڕۆژنامەوانی دەنووسێت:

"بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەم بیست ساڵەی دواییدا ئەنجام دراوە، گونجاو ترین شێواز بۆ نووسینی هەواڵەکانی ڕۆژ، شێوازی هەرەمی سەرەو ژێر کراوە"[1].

بینیمان کە هەواڵ بنەڕەتی ئەو بابەتانە پێك دەهێنێت، کە بە درێژایی چوار سەدە لە دونیادا بڵاو دەبنەوەو شێوازی هەرەمی سەرەو ژێر کراویش بنەڕەتی ترین شێوازی هەواڵ نووسینەو ڕۆژانە لە لایەن هەر چوار ئاژانسە گەورەکەی جیهان (ئەسیۆشێتد پریس–AP، یونایتد پریس ئینتەر ناشیناڵ–UPI، فرانس پریس–AFPو ڕۆیتەر–Reuter)و سەدان هەزار بڵاوکراوەی ترەوە لە سەر تاسەری دونیادا بەکار دێت.

*پێناسەی هەواڵو زمانی پێوانە (ستاندارد):

---

1-دکتۆر نعیم بدیعی، معیار های گزینش خبر، رسانه، ص96.

www.pertwk.com

زانایـــانی بـــواری مـــاس میـــدیاکانو نووســـەرانی کتێبـــە ڕۆژنامەوانییەکان لەبەر گرنگیی شێوەی هەواڵ نووسین، بەم جۆرەی خوارەوە پێناسەی هەواڵیان کردووە:

"نووسـینەوەی ڕاسـتگۆیانەی ڕووداوەکـان" یـان "نووسـینەوەی سـادەی ڕووداوەکـان"و یـاخود "بـە بـێ ڕتووشـکردنی ئـەدەبی". هـەر لەبەر ئەمەشە ڕۆژنامەوانی بە ناوبانگی ئەمریکای لاتین "مارکیز" کە ئێستا بووەتە ڕۆمان نووسێکی بە ناوبانگی هاوچەرخ لەو بڕوایەدایە:

"لە ڕۆژنامەوانیدا هەڵبەستنی ڕووداوێکی درۆینە، بەسە بۆ ئـەوەی هـەموو بابەتەکە لە هێڵی خۆی لا بدات"[2].

کەواتـــە هـــەواڵ، گێڕانـــەوەی ڕووداوێکـــی ڕاســـتەقینەیە، نـــەك ڕووداوێکی خەیاڵی "جمیر زوستون" نووسەری کتێبی "ئۆڵتیماتۆ"و سەرنووســەری پێشــووی ڕۆژنامــەی بــە ناوبــانگی "نیویــۆرك تــایمز" دەنووسێت:

"بابەتی ڕۆژنامە دەبێت بـە سـادەیی بنووسـێت بـۆ ئـەوەی بـە ئاسـانی دەرکی پـێ بکرێتو ڕۆژنامـە نووسیش بـەو کـارە بابەتەکـەی دەوڵەمەنـد دەکات"[1].

"ڕۆژە کلـــوس" مامۆســـتای ســـەنتەری لێکۆڵینـــەوەی هونـــەرو بڵاوکراوە گشتییەکان لە زانکۆی "برۆکسل" لـە کتێبـی "هـەواڵ"دا بـەم شێوەیە باس لە هەواڵ دەکات:

"نووسینەوەی سادەو ڕەوانی ڕووداوەکانە". لـە نووسینی هەواڵدا پـەرەگرافی یەکـەم گرنگییـەکی زۆری هەیـە. "والـتر مـیرز" لـە کتێبـی "ڕۆژنامــەوانی"دا لــە پــاڵ جــەخت کردنــە ســەر ئــەوەی کــە دەبێــت پەرەگرافی یەکەم خاڵە گرنگەکانی هەواڵی تێدا بێت، دەنووسێت:

---

2-گابریل گارسیا مارکیز، ساعت شوم، ص6.

[1] -رەك خاگرات سرد بیر پیشین، نیویورك تایمز، ایران-شمارە 772.

www.pertwk.com

"خەڵکی لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا تاقەتی خوێندنەوە یان بیستنی بابەتی دوورو درێژیان نییە. بابەتە درێژەکان دەبێت لە شێوەی چەند بەشێکدا ڕێك بخرێن و بە جیا چاپ بکرێن لە سەرەوەی بەشی یەکەمدا کە خاڵە سەرەکییەکانی تێدایە، بنووسرێن و ئەوەش دیاری بکرێت کە پاشماوەکەی لە کوێ و لە ژێر چ مانشێتێکدا بڵاو دەکرێتەوە. نابێت بە ڕیزبەند کردنی هەموو بابەتەکان خوێنەر بتۆقێنن"[2].

کەواتە سادە نووسین و دوور کەوتنەوە لە ڕازاندنەوەو زیادە ڕەوی بێهودەیی بابەتەکان، خاڵە سەرەکییەکانی دەقی ڕۆژنامەوانی پێك دەهێنن، دەقی ڕۆژنامەوانی لە زمانی پێوانەوە سەرچاوە دەگرێت یان ڕاستتر بڵێین بۆ خۆی زمانی پێوانەییە، چونکە لەو کۆمەڵگایانەی کە چەندین دیالەکتیك و شێوە زمانی جیا جیایان تێدایە، کاری گەیاندنی زانیاری دژوار دەبێت و تەنیا لە ڕێگەی زمانی پێوانەوە دەکرێت ئەو دیالەکتیکانە لەگەڵ یەکدا ئاوێتە بکرێن. "دکتۆر علی اشرف صادقی" مامۆستای زانکۆو نووسەری بە ئەزموون، لەم بارەیەوە دەڵێت:

"ئەم زمانە، زمانێکە لە کتێبەکانی خوێندنگاکاندا دەخوێندرێن و لە نووسینی بابەتی زانستی و ئایینی و ئەدەبی و ڕۆژنامەکاندا بەکار دەهێنرێت و لە هەواڵی ڕادیۆو تەلەفزیۆنەکاندا کەڵکی لێ وەردەگیرێت و لە قوتابخانەو زانکۆو پەیمانگاکاندا خوێندکارانی پێ فێر دەکرێت. ئەم جۆرە زمانە هەمان ئەو زمانەیە کە زمان ناسەکان پێی دەڵێن زمانی پێوانە (ستاندارد)" [1].

دکتۆر صادقی ئەم جۆرە زمانی پێوانانەی جیا کردووەتەوە:

1-زمانی پێوانەی زانستی.

2-زمانی پێوانەی ئەدەبی.

3-زمانی پێوانەی ماس مێدیاکان.

دەڵێت:

---

2 -د.علی اشرف صادقی، زبان معیار، ص38-39.

1 -هەمان سەرچاوە، ص38-39.

www.pertwk.com

"مەرجی زمانی پێوانەیی زانستی ئەوەیە کە وشەکانی بەدەر بێت لە سۆزو ئاشکرایی و وێنەکەی بگاتە لوتکە. لە زمانی پێوانەی ئەدەبیدا، مەرجی نەبوونی سۆزو هەست دانانرێت. لە زمانی مێدیاکاندا دەتوانرێت هەندێك سۆزی تێکەڵ بکرێت، بەڵام ڕاستو ڕوونی مەرجێکی پێویستە"[2].

*زمانی پێوانە (ستاندارد)و ڕەگەکانی بەدبینی:

لەوانەیە هەر لەبەر ئەم هۆیە بێت چاپەمەنییەکانی لای ئێمە لە ڕەوتی گۆڕانکارییەکانیاندا، وازیان لە قورس نووسین هێناوەو ڕوویان کردووەتە سادە نووسین-ئوستاد "حسین عماد افشار" کە چەندین ساڵە سەرقاڵی وتنەوەی وانەی زمانو ڕێزمانو چۆنییەتی داڕشتنە لە چاپەمەنییەکاندا، لەو بڕوایەدایە کە:

"لە سەردەمی شۆڕشی مەشروتەدا، ڕۆژنامەوانی لە شێوەی هونەرییانەدا بوو، ڕۆژنامەکان هۆکارێك بوون بۆ دەرخستنی شانو شەوکەتی خانەدانەکان، ئەوان هەوڵیان دەدا لە ڕێگەی بەکارهێنانی وشەی نامۆو قورسەوە خۆیان بە ئەدیبی بە توانا پیشان بدەن.

پاش شۆڕشی مەشروتە، بە تێپەڕبوونی کات، ڕۆژنامەکان دەستیان دادایە گەیاندنی زانیاری، هەر بۆیە لەم پەنجا ساڵەی دواییدا، سادە نووسین جێگەی دەستەواژە قورسو نا باوەکانی گرتەوەو ئێستا بۆ ئەوەی بابەتەکان تێگەیشتنیان ئاسان بێت، ڕۆژنامەکان وشەی فارسیی سادە بەکار دەهێنن"[1].

هەروەها لە کتێبی "شێوازی داڕشتنی فارسی لە چاپەمەنییەکاندا" لە ڕێگەی باسکردنی هەواڵێك لە ڕۆژنامەی "خلاصه الحوادپ"کە لە سەردەمی مڤفرالدین شای قاجاردا بە شێوەیەکی ڕەسمی دەردەچوو،

---

[2] -هەمان سەرچاوە.

[1] -حسین افشار، ایران-شماره 362.

www.pertwk.com

دەست دەکات بە ڕەخنەگرتن لێی. پێش ئەوەی ڕەخنەکانی بڵاو بکەینەوە، دەقی هەواڵەکە دەخەینە ڕوو:

"لە شارەزایان شاراوە نییە کە دوای جەنگی ساڵی پێشوو کە لە نێوان دەوڵەتی عوسمانیو یۆنانیدا لەسەر دورگەی "کریت" روویدا، دەوڵەتەکانی ئەوروپا ڕێکەوتن، وەلی عەهدی یۆنان بۆ ماوەی ساڵێك هەڵبژێرنو لەبەر ئەوەی ماوەی حکومەتی پایە بڵندی ناوبراو تەواو بوو، باس لەوە دەکرێت جارێکی تر خاوەن شکۆ هەمان پۆستی بدرێتەوە، بێ ئەوەی دورگەی "کریت" بخرێنە سەر یۆنان وەك چۆن هەندێك لە ڕۆژنامەکانی ئەوروپا باسیان کردووە".

عماد افشار دەنووسێت:

"نووسەری هەواڵ نووسینەکەی خۆی وەك بابەتێكو لەسەر شێوازی کۆنو بەرستەی "لە شارەزایان شاراوە نییە" دەست پێدەکاتو لە هەواڵێکی سیاسی لەسەر ئەوروپا مجاملەی وەك "پایە بڵند"و "خاوەن شکۆ" بەکار دەهێنێت.

ڕستەکان شێواوو ناڕاستنو بە هیچ جۆرێك ڕەچاوی بنەماکانی هەواڵ نووسین، وەك خاڵبەندیو دیاریکردنی سەرچاوە ڕەچاو نەکراوە"[2].

لە ڕاستیدا ئەوەی کە "دەقی ڕۆژنامەوانی" سەردەمی قاجار لە سەردەمی ئێستا جیادەکاتەوە، دوور کەوتنەوەی ڕۆژنامەکانی ئێستایە لە زمانی ئەدەبیو بەکارنەهێنانی مجاملەو نزیك کەوتنەوەیان لە زمانی پێوانە. هەروەها لە ساڵی (1350) بەم لاوە سادە نووسینو ڕەچاوکردنی شێوازی هەواڵ نووسین گەیشتە لوتکەو ئەگەر بە خێرایی چاو بە ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆدا بخشێنین، ئەو گۆڕانکارییانەمان بۆ دەردەکەوێت.

*جیاوازیی دەقی ئەدەبیو دەقی ڕۆژنامەوانی:

---

[2] -حسین عماد افشار، شیوە نگارش فارسی، ص15.

www.pertwk.com

جیاوازیی سەرەکی لە نێوان دەقی ئەدەبی و دەقی ڕۆژنامەوانی، لە شەفافییەت و نەبوونی شەفافییەت لە نێوان هەردوو دەقەکەدا، ڕاشکاوەیی و ڕوونی و دوورکەوتنەوە لە داهێنراوە ئەدەبییەکانی وەك: استعارة، کنایة و خەیاڵ دەقی ڕۆژنامەوانی لە دەقی ئەدەبی جیا دەکاتەوە. لە ڕاستیدا نووسەری هەواڵی ڕۆژنامە، مەبەستی نییە لە ڕێگەی خەیاڵەوە وێنەی ڕووداوێك بکێشێت. گابریل گارسیا مارکیز بۆ داهێنانی دەقێکی ئەدەبی بڕوای بە دۆزینەوەی نووسەر هەیە:

"دۆزینەوە، ڕێگەیەکە بۆ دەستکەوتنی ئەزموون، دۆزینەوە گرنگییەکی زۆری بۆ ڕۆمان نووسی هەیە"[1].

بەڵام لە ڕۆژنامەوانیدا وەك چۆن باوە، لە جیاتی دۆزینەوە، ئەزموونی واقعی لە داهێنانی بابەتدا لە هەموو شتێك گرنگترە.

*ڕەگی بەدبینی لە دەقی ڕۆژنامەوانیدا: دەرئەنجام

لە سەرەتای ئەم بابەتەدا قسەیەکی "جۆرج دی کوپن" مان هێنایەوە کە دەڵێت: "ئەگەر بڕیار بێت خوێنەر لە مەبەستەکانی نووسەر بگات، پێویستە نووسەریش لە خواستەکانی خوێنەر بگات". ئێستا دەبێت بزانین مەبەستی خوێنەر لە خوێندنەوەی شیعرێك یان ڕۆمانێك چییە؟ ئایا هەمان مەبەستی هەیە بۆ خوێندنەوەی هەواڵێکی ڕۆژنامەوانی، یاخود نە؟

گومان لە وەدا نییە کە جۆرەها دەق بە مەبەستی جیا جیا دەخرێنە ڕوو، بە هەڵە کەڵك وەرگرتنی خوێنەر لەو دەقانە، دەبێتە هۆی بەدبینیی خوێنەر لێیان، بەڵام هۆکارەکانی بەدبینیی ڕەخنەگران و قەڵەم بە دەستان سەبارەت بە دەقی ڕۆژنامەوانی، دەکرێت لەم دوو خاڵەدا ببینرێتەوە:

---

1-مارکیز، ساعت شوم، ص19.

www.pertwk.com

1-هاوتـابوونی ڕۆژنامـه نووسـەکان لەگـەڵ ناودارەکـانی بـواری ئەدەب، لە سەدەی هەژدەیەم، بووە هۆی ئەوەی ئەوان هەر لە سەرەتاوە بە چاوی سووکەوە سەیری دەقی ڕۆژنامەوانی بکەن. "پییر ئالبر"و "فرنانـد تـرو" دەڵـێن" خـاوەنی "گازیتـە" لـە سـەدەی هەژدەیەمـدا بـە کەسـێکی سـووك دادەنراو ڕۆژنامـەوانیش بە لای نوخبـە کۆمەڵایـەتیو فیکرییەکانـەوە، لەبـەر ئـەوەی "کوتـە-ئـەدەبی" دەنووسـییەوە، بـە بـێ نـرخو بـەها لـە قەڵـەم دەدرا. ژان ژاك ڕۆسـۆ (1712-1778) نووسـەری بەناوبانگی فەرەنسا لە ساڵی (1775) لەم بارەیەوە دەنووسێت:

"کتێبی زنجیرەیی چییە؟ بەرهەمێکی مردووی نا شایستەو بـێ کەڵکـە، خوێندنەوەی دەبێتە هۆی سووك کردنی ئەهلی ئەدەبو هیچ سوودێکی نییە، جگە لەوەی خزمەت بە ژنانو گێلو نەفامەکان دەکات"[1].

دواتـر "دیـدرۆ"ی (1713-1784) فەیلەسـووفو دامەزرێنـەری دائیرەتوالمعارفی فەڕەنسی، لە دائرە المعارفەکەی خۆیدا دەنووسێت:

"هەموو ئەم کاغەزانە، ئالیکی نەزانەکانن، سەرچاوەن بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت بە بێ خوێندەوە قسە بکەنو حوکم بدەن، ئافەتی ئەوانەن کە کاردەکەن. ئەم کاغەزانە هەرگیز نەیانتوانیوە ئاراستەیەکی باش بۆ ڕۆحی باش دیاری بکەنو هەرگیز نەیانتوانیوە ڕێگربن لەبەردەم نووسەرێکی خراپ تاکو بەرهەمێکی خراپ نەنووسرێتەوە، هـەروەها "ڤۆڵتێر/1694-1778" نووسەرو فەیلەسووفی فەرەنسی گازەتەکان بە چیرۆکێکی پـووچو بـێ مانـا دەزانێت"[1].

بە داخەوە ئەم جۆرە حوکمانە لە سەدەی هەژدەیەمەوە تاکو ئێستا درێژەیان هەیەو بوونەتە هۆی بەدبینی بۆ دەقی ڕۆژنامەوانی.

---

1-سەرچاوەی پێشوو.

1-سەرچاوەی پێشوو.

www.pertwk.com

2-لە پاڵ ئەو پێشینە مێژووییە بەدبینییەی ئەدیب و فەیلەسووفەکان، بەرامبەر بە دەقی ڕۆژنامەوانی هەڵەی زۆری زمانەوانی و چوونە دەرەوەی لە زمانی پێوانە (ستاندارد) لەماوەی ساڵەکانی چالاکیی ڕۆژنامەوانیدا، کارێکی وایان کردووە ئەو بەدبینییە فراوانتر بێت. لە ڕاستیدا چەندین ساڵە (هەڵەی چاپ) بووەتە بەشێك لە کاری چاپەمەنییەکان! ئەگەر سەیری ڕۆژنامەیەکی بەیانییان یان ئێواران بکەیت و بە وردی لێی رامێنیت، دنیایەك زاراوەی بێگانە دەبینیت، کە نامۆن بە هزرمان، ئەوە جگە لە کاریگەریی ڕێزمانی بێگانە لەسەر دەقە ڕۆژنامەوانییەکان..

سەرەڕای هەموو ئەوانە، دەقی ڕۆژنامەوانی هێشتا دەقی پێوانەیە و لە پاڵ دەقە ئەدەبی و زانستییەکانی تردا، درێژە بە ژیانی خۆی دەدات، چونکە یەکێك لە خەسڵەتەکانی زمان لە کۆمەڵەکەماندا ئەوەیە "لە کاتی گۆڕانکارییەکاندا توانای خۆ گونجاندنی هەبێت".

□ سەرچاوەکان لای ڕۆژنامەکەیە :

www.pertwk.com

دەزانـین بڵاوكراوەكـان لـە پـاڵ ئـەو سـەدان هـەواڵو ڕاپـۆرتو شـیكردنەوانەی كـە دەیخەنـە بەردەسـت خوێنـەرەكانیان، بـە ناچـاری هەنـدێ بابـەتی زانسـتیو ئیسـتدلالیو ئیسـپاتی یـان وەسـفی بـڵاو دەكەنەوە.

بە داخەوە لە زۆربەی ئەو بابەتانەی كە لە چاپەمەنییەكانی ئەمڕۆی ئێرانـدا بڵاودەبنـەوە، تەنانـەت ئـەو بابەتانـەی كـە زۆر پێویسـتیان بـە بەڵگـەو دۆكیومێنـت هەیـە، بـۆ سـەلماندنیان "سەرچـاوەكان" كـە گرنگترین شتن دیاری ناكرێت یان ئەگەریش دیاری بكرێت بە تەواوەتی ناخرێتە ڕوو. بەم دواییانە بووەتە باو ڕستەیەك لە كۆتایی بابەتەكەدا دەنووسن "سەرچاوەكان لای ڕۆژنامەكەدایە!" بەم كارەش خوێنەر بۆ بینینی سەرچاوەكان دەبێت سەردانی بارەگای ڕۆژنامەكان بكات. ئەم مەسـەلەیەش بەتایبـەت لـە بابەتـە وەسـفییەكاندا دەردەكـەوێت كـە نووسـەر دەیـەوێت بیروبـاوەڕی كەسـانی تـر بزانێـت. تەمـەڵی هۆیـەكی سـەرەكیی نـە نووسـینی سەرچـاوەكانە، جگـە لـەوەش نـە نووسـینی سەرچـــاوەكان نیشـــانەی نـــەبوونی ڕاســـتگۆییو ســـەربەخۆییو ناشارەزایی نووسەرەكەیە لە شێوازی لێكۆڵینەوە.

بـۆ نەهێشـتنی ئـەم ئافەتـە، دەبێـت نووسـەری بابەتـەكان بـزانن دیاریكردنی سەرچاوە، زانستی بوونی بابەتەكانیان دەسەلمێنێتو بار سـووكییان بـۆ دروسـت دەكـات، نـاو هێنـانی سەرچـاوە هـەم بـۆ نوسـەرەكەی باشـەو هـەم ڕێـز لێنانیشـە لـە خـەڵكی تـر. واتـە ڕەنجـی كەسانی تر لەبەر چاو دەگیرێت. ئەگەر چاو لە مەسەلەی گرنگیی مافی نووسـینو كـۆپی رایـت بپۆشـین، مەسـەلەی متمانـە زۆر گرنگـە. نـاو هێنانی سەرچاوە، دەبێتە هۆی زیادبوونی متمانەیخوێنەر.

www.pertwk.com

شێوازی ناپەسەندیی ناو نەهێنانی سەرچاوە، ئافەتێکی وێرانکارەو گیانی زانستی لە بابەتە بەکەڵکەکان دەردێنێتو ڕێگە خۆش دەکات بۆ دزینی بیرو ئەندێشەو بەرهەمی خەڵکانی تر. بە داخەوە لە هەندێ ڕۆژنامەدا کە سەرچاوەکان دیاری دەکرێن، بە شێوەیەکی زانستی وا پەیڕەو ناکرێت کە جێگەی پەسەند بێت. بۆ نموونە بڵاوکراوەیەك حەزی لە چارەی نووسەرێك نییە، بۆیە هەڵدەستێ بە لادانی ناوەکەی یان لە ڕێگەی نەزانینەوە چاوپۆشی دەکات لە مێژوو یان شار یان جێگەی بڵاوبوونەوەی سەرچاوەکەو ڕێگەی لێکۆڵینەوە لەبەردەم لێکۆڵەرەوەکانی تر دادەخات. ناو نەهێنانی مانشێتی بابەتەکە یەکێکی ترە لە ئافەتە باوەکانی ناو نەهێنانی سەرچاوەکانو هەندێك لە ڕۆژنامە بەربڵاوەکان لە پێڕستەکەدا تەنیا ناوی ڕۆژنامەکەو مێژووەکەی دەنووسن! [1].

ڕەچاوکردنی بنەما پیشەییەکان لە کاتی بڵاوکردنەوەی بابەتدا، جگە لە بەرزکردنەوەی ئاستی بابەتی چاپەمەنییەکان، سەرنجو متمانەی خوێنەریش ڕادەکێشێت. ئاساییە ئەو وردبینیو دڵە ڕاوکێیەی کە هەواڵنووسەکان لە کاتی پەخشکردنی هەواڵەکاندا خەرجی دەکەن، دەبووایە بە دوو قات بۆ پەخشکردنی بابەتەکانی تریش خەرجی بکەن، بۆ ئەوەی چاپەمەنییەکان تووشی ئافات نەیەن.

- **خراپ نووسینو مەجهول نووسین:**

---

1-دفتر پزر هشهای کیهان، نیمه پنهان سیمای کار گزاران فرهنگ وسیاست، روزنامه کیهان- شماره 16418.

www.pertwk.com

پــەیامنێرو نووســـەرە بـــە ئـــەزموون و حیرەفییـــەکان، کاتێـــك قەڵەمـەکانیان دەگـرن بـە دەسـتەوە، جـەماوەری جۆراوجـۆر لەبەرچـاو دەگرن کە ڕەخنەیان لە خراپ نووسین و مەجهول نووسیی ئـەوان هەیـە. ئــەوەی ئــەو جــەماوەرە هەمەچەشــنە ڕێکــدەخات، تــەنیا ئــەو خاڵــە گرنگەیــە. خــەڵك چــاوەڕێی ئــەوە لــە نووســەرەکان دەکــەن، بــە پێــی تێگەیشتنی ئەوان بنووسن، نەك بە پێی تێگەیشتنی خۆیـان. کەچـی سـەرەڕای ئـەوەش هێشـتا هەنـدێك نووسـەری لاو هـەن، کاتێـك یەکـەم بەرهـەمیان لـە چاپکراوەکاندا بڵاودەبێتـەوە، خۆیانیـان لێ ون دەبێـت و ئـەوەی کـە دەینووسـن تـەنیا خۆیـان و هەنـدێ لـە نزیکـەکانیان لێـی تێدەگەن. هەڵبەت وا باشترە ئەو نووسەرانە خەریکی نووسینی چیرۆك، ئـەویش چـیرۆکی ڕەمـزی" بـن، چـونکە ڕۆژنامـەکان بـۆ سـادەو ڕەوان نووسینن، نـەك بە ڕەمز نووسینی ڕووناکبیرییانە کە دەرئەنجامەکەی خراپ نووسین و مەجهول نووسین دەبێت.

**بێ هۆ نییە کە دەڵێن:**

> "هەندێك ئەکادیمیك هەن کە تـەنیا بـۆ خۆیـان دەنووسـن، بـە زمـانی خۆیان و بۆ خۆیان یـان نیوەکـەی تـری خۆیـان کـە خێڵـی ئەکادیمییەکانـە دەنووسن. ئەمە نەك تەنیا بێ بەشە لە زمانی گشتی (عامە)، بەڵکو پـەیمانی بەستووە کە بە ڕەمز بنووسێت و خۆی لە دۆڵی داخـراوی دوور نەخاتـەوە، بـە خراپ دەنووسێت تاکو کەس لێی تێنەگات. لەوانەشە خراپ نەنووسێت، بـەڵام لەبەر ئەوەی خاڵە سەرەکییەکان لەبەر چـاو ناگیرێـت و قسـەکانی لـە دڵـەوە نایەت، بۆیە لەسەر دڵیش جێگیر نابێت"[1].

(تــود گیــتلین–Todd Gitlin) لێکۆڵــەرەوەی ئــەمریکایی لــە بــواری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، دوو هۆکار بەکاریگەر دەزانێت بۆ خراپ نووسین و مەجهول نووسینی نووسەرە ئەمریکاییەکان، ئەویش:

---

1-تود گیتلین، بدنوسی و مجهول نوسی در ارتباطات، مترجم: حسن نورایی بیدخ رسانە- س4، ص59.

www.pertwk.com

1–شێوازەکانی لێکۆڵینەوەکە ڕۆڵیان هەیە لەسەر دروستبوونی ئەم جۆرە زمانە. واتە "خراپ نووسین و مەجهول نووسین". خوێندنەوەی ڕێژەو ئەزموونی تەجریدی هۆکاری تری سەرهەڵدانی ئەو دۆخەیە.

شێوەکانی ئەزموونگەرایی ئەبستراکتی ئەمریکایی ( Abstract Empricism) بە داخەوە لە ڕێگەی زانکۆوە، کەوتوونەتە خزمەتی دەسەڵات و پارەوە. ئەم لێکۆڵینەوە ڕێژەییانە بە زۆری لەسەر خواستی دامودەزگا و ڕێکخراوە حکومی و کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکانەوە ئەنجام دەدرێن، مەودایەکی زۆر لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان دوورکەوتوونەتەوە. ئەم لێکۆڵینەوانە بوونەتە نموونەی ئەو زانستانەی کە لە خزمەتی دەسەڵاتدان. لە هەموو حاڵەتەکاندا ئێستا ئەو نووسراوانەی کە پشت بە لێکۆڵینەوەی ڕێژەیی دەبەستن، لەبەر فراوانیی فۆرمەڵە و جەدوەلەکانیان، بوونەتە کۆمەڵە دەقێکی ماتماتیکیی دیار.

2–لە بەرامبەر خوێندنەوە و چەندایەتیدا، بە داخەوە لێکۆڵینەوە چوونایەتییەکانیش لە بواری زمانەوانیدا لە خوێندنەوە ئەزموونگەراییەکان دەچن و ئێستاش لە ئەدەبیاتی (Discouise) قەیرانێکی لەو چەشنە هەیە. جگە لەوەش زمانی ئەدەبیاتی ئەو پەیوەندییانەی کە پشت بە لێکۆڵینەوەی جۆرایەتی دەبەستن، لەبەر نەبوونی پەیوەندی لەگەڵ توێژەکانی کۆمەڵدا بووەتە جۆرێک لە "بەڕێوەبەرایەتیی نوێنەرایەتیی ئەو دونیایە"، کە ناتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت. جگە لەوە، نابێت ئەوە لە بیر بکەین کە ئاڵوگۆڕکردنی کولتووریی لە نێوان نەتەوە جیاجیاکاندا بە زمانە جیاجیاکان، ئەگەر لەگەڵ ئاوێتە نەبوونی لۆژیکی کولتوورو زماندا هاوتەریب نەبێت، ئەوا بەخشینی گومرگی بەربڵاو ڕێگەی بۆ هاتنە ناوەوەی زاراوەو ڕستەی

www.pertwk.com

نادیار بۆ ناو زمانەکان خۆشکردووە. بەم جۆرە کۆمەڵ دووچاری هێرشێکی بەربلاوی وشەی بێ ماناو ڕستەی مەجهول دەبێتو ڕێگە بۆ خراپ نووسینو داخراویی نووسینو لە هەمووی ناڕەواتر مەجهول نووسینو داڕشتنی خراپ دەگرێتەوە.

تود گیتلین دەنووسێت:

**"بۆ دەقی خراپ؟ پێش هەر شتێك دەبێت ڕوونکردنەوەیەکی پێویست لەسەر دەقی خراپ بخرێتە ڕوو. دەقی خراپ بۆیە سەر هەڵدەدات، چونکە پاسەوانە حرفەییو دامەزراوە ئەکادیمییەکان دەچنە ژێر باڵییەوەو تەنانەت هانیشی دەدەن"[1].**

هەندێ جار دژوار نووسین، لە ئەندێشەی دژوارەوە سەر هەڵدەداتو ئەم جۆرە خەڵکانەش کەمتر گلەییان لێ دەکرێت، چونکە دەیانەوێت ئەندێشەو ئیستدلالەکانی خۆیان بخەنە ڕوو، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە نووسەر بێبەش بێت لە سادە نووسین. ئەوانەی گلەیی لە خراپ نووسین دەکەن، زیاتر گلەیی لەو نووسەرانە دەکەن کە نووسینەکانیان ئەم خەسڵەتانەی تێدایە (بێ دەر ئەنجامی، داخراوەیی، زۆریی ڕەمز).

**"لە داڕشتنی خراپدا، زیاتر کرداری مەجهول بەکار دەهێنرێت، چونکە نووسەر سەری بۆ کۆمەڵگایەکی زیاد لەحەد پتەوو سەرسەخت داچەماندووە، ئەو کۆمەڵگایەی کە دروستبوونی هەر گۆڕانکارییەك بەدەرە لە تواناکانی مرۆڤ، لەوانەشە نووسەر بەرپرسیارێتیی دەربڕینی بۆچوونەکانی لەبەر ئەوە خستووەتە لاوە، چونکە حەز دەکات ئارەزووەکانی بخاتە ژێر بەردەوە، یان باشتر بڵێین لە (Hard Disk)دا بییان شارێتەوە"[2].**

---

1-سەرچاوەی پێشوو، ص60.

2-هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص61.

www.pertwk.com

دونیای خراپ نووسەکان، جیهانێکی تاریکەو قابیلی تێگەیشتن نییە، ئەوان بەردەوام دژی دارشتنی مێدیایی دەنووسنو بزانن یان نەزانن، دەبنە هۆی بچرانی پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ خوێنەرەکانیان.

www.pertwk.com

- **چۆنێتیی داڕشتنی بابەتە زانستییەکان لە مێدیاکاندا:**

خوێندنـەوەی بابـەتی زانسـتی بـۆ ئـەو کەسـانەی شـارەزاییان لـەو جۆرە زانستەدا نییە، کێشەیەکە بۆ خۆی، کێشەکەش دەرئەنجامی ئەو ڕاستییەیە کە بابەتی زانستی بە جۆرێك دادەڕێـژێت کـە پێچەوانەی داڕشتنی مێدیاییە. بابەتی زانستی ئامانجی خستنە ڕووی ئەندێشەو زانستە، بەڵام مێدیاکان ئامانجی سەرەکییان دروستکردنی پەیوەندیو خستنە ڕووی شارەزاییە. لە بابەتە زانستییە نا مێدیاییەکاندا، نووسەر ئەگەری ئەوەی لای خۆی داناوە کە خوێنەرەکانی ئاشنایەتییان هەیە لەگەڵ هەموو ئەو زاراوانەی کە لە بابەتەکەدا بەکارهاتووەو لە ئامارو ژمارەو فۆرمەڵەو نموونەو جەدوەلەکانی حاڵی دەبن.

ئاڵۆزیی لە ڕادە بەدەری بابەتە زانستییەکان، کاردەکاتە سەر دەرك نەکردنی خوێنەران بە لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەکانی نووسەر. ئەمەش وایکردووە ڕۆژنامەنووس، ڕاپۆرت نووس و نووسەری ڕۆژنامەکان، هەموو تواناکیان بخەنە کار بۆ ئەوەی لە ڕێگەی شێوازی داڕشتنی مێدیاییەوە، بابەتە زانستییەکان بەلای خوێنەرەوە ئاسان بکەنەوە. ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر بابەتی زانستیو پەروەردەیی دەگەنە بەشەکانی ڕۆژنامە، بەڵام لەبەر دوو هۆی باو، ئەو بابەت و هەواڵانە ڕێگەی بڵاوکردنەوەیان پێ نادرێت:

www.pertwk.com

*هۆی یەکەم:

نەبوونی شارەزایی پەیامنێرو داڕێژەرانی بەشی زانستی و پەروەردەیی بە چەمك و ناوەرۆکی نووسەری بابەتە زانستییەکە. چونکە دەرك کردنی بابەتەکە بۆ ئەوان سەختە، بۆیە لە جیاتی خۆ ماندووکردن بە بابەتێك کە زاراوەی نائاشنا و ڕستەی درێژو ئاڵۆزی تێدابێت، دەچن بە دوای بابەتێکی تر کە بە شێوەیەکی باشتر داڕێژرابێت و ماناکەی زووتر خۆی بدات بە دەستەوە.

*هۆی دووەم:

توانا نەشکاندنی پەیامنێر یان نووسەران بە ئامادەکردنی بابەتە هاتووەکان و ناردنیان بۆ چاپکردن. ئەگەر نووسەرێك نەتوانێت بابەتێکی زانستی لەسەر شێوازی مێدیایی بۆ خوێنەران ئامادە بکات، با ئەو بابەتەش بەهایەکی هەواڵیی گرنگیشی هەبێت، بە باشی دەزانێت بابەتەکە بخاتە لاوە، یان بخاتە سەتڵی پیسییەکانەوە. بەڵێ ڕۆژانە دەیان بابەتی گرنگ و پێویستی زانستی لەبەر بێ توانایی هەواڵ نووسەکانی ڕۆژنامەکان، بە لاوە دەنرێن و تەنیا جێگەیەك کە ڕێگەی بڵاوکردنەوەیان دەدات، گۆڤارە زانستییە تایبەتییەکانە، بە داخەوە لەوێش لەبەر داڕشتنی زانستییانەو نامێدیایی بابەتەکان، تەنانەت تێگەیشتنیان بۆ پسپۆڕانی بابەتە زانستییەکانیش ئاسان نییە.

*چوار بنەما بۆ داڕشتنی مێدیایی بابەتە زانستییەکان:

www.pertwk.com

بــۆ كــار ئاســانكردنی داڕشــتنی بابەتــە زانســتییەكان و نزیــك كردنەوەیان لە تێگەیشتنی زۆربەی خوێنەرانی ڕۆژنامەكان، ئەم چوار بنەمایەی خوارەوە پێشنیار دەكرێن:

*بنەمای یەكەم: خۆتان لە جێی خوێنەران دابنێن:

بۆ زانینــی باشــترین شــێوەی داڕشــتنی نووســراوێك، دەبێــت بــزانین خوێنــەرانی ئــەو بڵاوكراوەیــە چــۆن دەســت بــە خوێندنــەوەی بابەتــەكان دەكەن و چاوەڕێی چی لە نووسەر دەكەن؟

هــەر لەبــەر ئەمەشــە دەوترێــت: "ئەگــەر بڕیــار بێــت خوێنــەر لــە مەبەســتەكانی نووســەر بگــات، پێویســتە نووســەریش لــە خواســتەكانی خوێنــەر بگــات". ئــەوەمان لــە یــاد نەچــێت، كاتێــك خوێنــەر بابــەتێك دەخوێنێتــەوە، تــەنیا پەیوەنــدیی بــە دەقەكــەوە هەیــەو نووســەری لا مەبەســت نییــە. خوێنــەر دەیــەوێت چــێژ لــە خوێندنــەوەی بابەتەكــە وەربگرێت، هەر لەبەر ئەمەشە خوێنەران تەنیا بابەتەكان ناخوێننەوە، بەڵكو ڕاڤەشــی دەكــەن. هەڵبــەت ڕاڤــەی خوێنــەران بــۆ بابــەتێك دەكرێــت جیاوازو دژ بە یەكیش بێت. ئەمەیان گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە كە هەر خوێنــەرێك بگریــت، بــە باشــی لــە بابەتەكــە حــاڵی بووبێــت، ئــەگینا ناتوانێت ڕاڤــەی بابەتــەكان بكــات. بــۆ زیــاتر تیشــك خســتنە ســەر ئــەم بابەتــە، نموونــەی ڕاپۆرتــە هــەواڵێك لەســەر وەرگرتنــی پلــەی گــەرما دەهێنینەوە.

با وای دابنێین لێكۆڵەرەوەیەك بۆ وەرگرتنی پلەی گەرمای شلەیەك لــە زەمــەنێكی دیــاریكراودا، هــەر ســێ دەقیقــە جارێــك پلــەی گەرماكــە وەردەگرێت و تۆماری دەكات. دەتوانین دراوەكە (معطیات)ە بە دەست

هاتووەکان بە چەند شێوەیەك بخەینە ڕوو، ئێمە لێرەدا باس لە سێ شێوەیان دەکەین.

1-لە شێوەی یەکەمیاندا، دەتوانین پێوانەکانی گەرما بەم جۆرە بنووسین:

t (کات) = ° و T (پلە) = 25° و T = 15 T = 32°

t = 6 و T = 29° t = 3 و T = 27°

t = 12 و T = 32° t = 9 و T = 31°

خوێندنەوەی ئەم نووسینە بۆ زۆربەی خوێنەران سەختەو لەوانەیە لە توانا بەدەر بێت، چونکە پێویستە ئەوان ئاشنای هێماو فۆرمۆلەکانی زانستی فیزیا بن و لەوەش تێبگەن کە هێمای کات و پلەی گەرما چییە؟

ئێستا ئەو پەیامنێرەی کە لەوە گەیشتووە خوێنەرانی ڕۆژنامەکە ئاشنایەتییان لەگەڵ ئەو هێماکارییانەی سەرەوەدا نییە، هەوڵ دەدات چارەسەرێك بدۆزێتەوە بۆ بابەتەکەی سەرەوەو لە جەدوەلێکی دوو ستوونیدا دەیخاتە پێش چاوی خوێنەران:

| ( پلە ) گەرما | ( دەقیقە ) کات |
|---|---|
| 25 | 5 |
| 27 | 3 |
| 29 | 6 |
| 31 | 9 |
| 31 | 12 |
| 32 | 15 |

www.pertwk.com

لــە هــەردوو حاڵەتەکــەدا هــەمان زانیــاری دراوە، بــەڵام زۆربــەی خوێنەران دەزانن کە بابەتی دووەم تێگەیشتنی ئاسانترە، لەوانەیە بە هـۆی ئاشـنایەتییان لەگـەڵ پێکهاتـەی جـەدوەل، نـاوەرۆکی (کـات) بـە شــێوەیەکی ئاســانتر دەگاتــە خوێنــەر کــە تێیــدا بەشــی گرنگــی زانیارییەکانی (گەرما) دەتوانرێت ڕاڤە بکرێت.

ئێستا ئەگەر شوێن گۆڕکێ بە دوو ستوونەکە بکەین، خوێندنەوەی دژوار دەبێت.

| ( پلە ) گەرما | ( دەقیقە ) کات |
|---|---|
| 25 | 5 |
| 27 | 3 |
| 29 | 6 |
| 31 | 9 |
| 31 | 12 |
| 32 | 15 |

دژواریی تێگەیشتن لە بابەتەکە لە کوێوە سەر هەڵدەدەن؟ لەوەی کە لـە زمانـەکانی لاتینـدا لـە چەپەوە بۆ ڕاسـت دەخـوێنن، نـاوەرۆکی لای چــەپ بــە گــرنگتر دەزانــن، لای چــەپ خوێنــەر زیــاتر دەخاتــە ژێــر کاریگەرییــەوە. زانیارییــە گــرنگ و تازەکــان دەخەینــە لای ڕاســتەوە، ئامانجمـان ئەوەیـە کـە سـەرنجی خوێنـەر ڕابکێشـین، بـە شـێوەیەکی سروشتی لەبەر ئەوەی نووسینی فارسی و عەرەبی (کوردیش-وەرگێڕ) لە لای ڕاستەوە دەست پێدەکات، بۆیە بابەتە گرنگەکان دەخەنە لای چـەپەوە، تـاکو خوێنـەر بـە ئاسـانی لێـی تێبگـات. ئەگـەر خۆمـان لـە جێگەی خوێنەر دابنێین، زانیارییەکان دەخەینە جێگەیەك کە خوێنەر چاوەڕێی بینینی دەکات. چاوەڕوانی خوێنەران تەنیا کار لە ڕاڤەکردنی جەدوەل، وێنەکان ناکات، بەڵکو کاریگەرییان هەیە بۆ سەر ڕاڤەکردنی

www.pertwk.com

نووسـینەكانیش. خوێنـەران لـە بـارەی ئـەو مەسـەلەیەی كـە لـە چ جێگەیـــەك لەگـــەڵ ناوەرۆكەكـــەدا پێكـــدا دەدەن، چـــاوەڕوانیی دیاریكراویان هەیە. ئەگەر نووسەران ئاشناو ئاگای ئەو جێگایانە بن، دەتوانن شارەزاییەكی فراوانتریان لەسەر ئاستی گرنگیدانی خوێنەران بە بەشە گرنگ‌و جیا جیاكانی زانیارییە دراوەكان هەبێت. نووسەرە باشەكان بە شێوەیەكی میكانیكی ئاگایان لە داخوازیی خوێنەرەكانیان هەیە.

چەمكی زەمەنی "چاوەڕوانی"، خوێنەر دەتوانێت بە زەقترین شێوە لــە ئاســتەكانی یەكــەی نووســینە درێژەكانــدا دەردەكــەوێت (هــەر یەكەیەكی نووسین بەو شتە دەوترێت كە خاوەنی دەستپێك‌و كۆتاییە، وەك دەستە واژەیەك، ڕستەیەك، بەشێك، بابەتێك) بابەتێكی لێكۆڵینەوە دەكرێتە بەشی جیاواز وەك پێشەكی، ڕەوشە ئەزموونییەكان‌و ئەنجام‌و شیكردنەوە. كاتێك بەشەكان تێكەڵ بكرێن، زۆربەی خوێنەرانیش گێژ دەبن. لە یەكەكانی نووسیندا (بچووكتر) بەشە جیا جیاكان لە ڕێگەی ناوونیشـانەوە لـە یـەكتر جیـا دەكرێنـەوە، بـەڵام خوێنـەران بـەردەوام چاوەڕوانیی تریان هەیەو لە جێگە تایبەتییەكاندا چاوەڕوانی زانیاریی ترن.

ئەگەر بە بەردەوامی ئەو چاوەڕوانییە بونیادییانە پێشێل بكرێن، خوێنەران لە جیاتی خۆ هیلاك كردن بە تێگەیشتنی ناوەرۆكە كەوە، دەگەڕێن بە دوای كردنەوەی گرێكانی ئەو پێكهاتەیەو بە شێوەیەكی سروشـتی، هاوكـات لەگـەڵ ئـاڵۆزیی ڕێـژەیی ناوەرۆكەكـەدا ئەگـەری ڕاڤـەكردنی هەڵـەی بابەتەكـە دروسـت دەبێـت‌و لەوانەشـە هـەر هـیچ ڕاڤەیـەكت بـۆ نـەكات. ئێسـتا بـۆ ناسـینی چاوەڕوانیی خوێنـەران بـۆ دەقێكی مێدیایی، باس لە سێ جۆر چاوەڕوانیی گرنگی وەك (بكەرو كردار)، (جێگەی جەخت)و (جێگەی بابەت) دەكەین.

www.pertwk.com

*بنەمای دووەم: نزیکیی بکەرو کردار:

چـاوەڕوانیی خوێنــەرانی بابەتــە مێدیاییــەکان، ئەوەیــە کــە بکــەر ڕاسـتەوخۆ کـرداری بـەدوادا دێـت (بـە پێـی ڕێزمـانی ئینگلیـزی) یـان باشتر بڵێین ڕستەکە کورت بێت (بە پێی ڕێزمانی فارسی).
هـەر ماوەیـەك بکەوێتـە نێـوان بکـەرو کـردارەوە بـە بچـڕان لـە قەڵـەم دەدرێت‌و لە ئەنجامدا گرنگیی کەمتری پێ دەدرێت.
-بە وردی سەیری ئەو بابەتانەی خوارەوە بکەن:

> "لەتاقیگەیـەکی کیمیاییـدا، بـۆ بـەکارهێنانی گەردیلەیـەکی ئـاو، بـە لەبەرچاو گرتنی هەموو یاساکانی تاقیگەیی‌و بە جۆرێك کە هەلومەرجەکە بـە تـەواوی ئامـادە بێـت، بـە لوولـەکێکی تاقیگەییـدا، دەبێـت دوو گەردیلـەی هایـدرۆجین لەگـەڵ یـەك گەردیلـەی ڕەگـەزی ئۆکسـجین ئاوێتـەی یـەکتر بکرێن".

ئەگـەر دە کـەس لەوانـەی کـە ئـەم بابەتـە دەخوێننـەوە، بپرسـن بـۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە بە لاتانەوە گرانە؟ بە دڵنیاییەوە (9) کەسیان زاراوە زانسـتییەکان بـە هۆکـار لـە قەڵـەم دەدەن، جگـە لـەوەش دەڵـێن تێگەیشتن لەو زاراوانە پێویستیی بە زانیاریی پسپۆریی پێش وەخت هەیە. لە کاتێکدا ئەو مەسەلە باسکراوانە بەشێکی بچووکی کێشەکەن. کێشــەی دەقەکەلــە نــاو هێنــانی زاراوەکــانی "گەردیلــە"و "ڕەگــەز"و "هایدرۆجین"و "ئۆکسجین"و "ئاوێتەو ..نییە. کێشـەکە لـە پێکهاتـەی دەقەکە دایە، جیابوونەوەی بکەر لە کردار!
لە "تاقیگەیەکی کیمیایی" کە بەشی نیهادی ڕستەکەیە، تا دەگاتـە "ئاوێتەی یەکتر بکرێن"، نزیکەی (30) وشە هەیـەو ئەمـەش ماوەیـەکی درێژی خستووەتە نێوان هەردووکیانەوە، نابێت ئەوە لـە یـاد بکـەین کـە پێداویســتیی خوێنــەر، لــە هەلوەشــانەوەی قاڵبــەکانی ڕێزمانــەوە

www.pertwk.com

سەرچاوە دەگرێتو ئەویش بە گەیشتنی "کردار" جێبەجێ دەبێت، بە بێ کردار ئێمە نازانین بکەر چی دەکات، یان ڕستەکە لە بارەی چییەوەیە؟

لە ئەنجامدا سەرنجی خوێنەران بەرەو لای کردار ڕا دەکێشرێتو بە ئاگایی خۆی لە ناسینەوەی هەر بابەتێك، بابەتی گرنگیش بن، دەدرێتەوە. بە داخەوە خوێنەر لەم حاڵەتەدا گرنگییەکەی هەست پێناکات، تا درەنگی بەسەردا دێت، واتە ڕستەکە بێ ئەوەی وەستانی (بکەر-کردار)ی تێدابێت، کۆتایی هاتووە. ئەو بابەتە ئاڵۆزە، جارێکی تر بە خستنە لاوەی ڕەگەزە نا قۆڵاکانی ناو پێکهاتەی بابەتەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دەنووسینەوە:

> "لە ڕێگەی تێکەڵ کردنی دوو ڕەگەزی هایدرۆجینو ئۆکسجین ئاو دروست دەبێت" بەو سادەیە بابەتێکی (37) وشەییمان گۆڕی بۆ بابەتێکی (12) وشەیی. ئەوە جگە لە ئاسانکردنەوەی ناوەرۆکی بابەتەکە. لەوانەیە بپرسیت چ کاتێك درێژە؟ دەبێت لە وەڵامدا بوترێت داڕێژەرانی یاسای (ڕوخوانی) ئەو باوەڕەیان لای ئێمە دروست کردووە، کە ژمارەی زاراوەکان نەگۆڕن. ئەوان ژمارەی زاراوەکانیان بە (29) زاراوە داناوە. لە نووسینی مانشێتی بابەتی ڕۆژنامەکان (11) وشە دیاری کراوە.
>
> هەرچەندە ئەو ژمارەیە بۆ دروستکردنی ڕستەیەك بە گونجاو دەزانرێت، بەڵام لە بواری پراکتیکدا ناکرێت پەسەند بکرێت، چونکە ئێمە زۆر ڕستەی (10) وشەییمان داناوە کە قابیلی تێگەیشتن نەبوون، لە بەرامبەردا ڕستەی (100) وشەییمان دیوە کە زۆر بە ڕەوانی تا خاڵی تێگەیشتنی بابەتەکە دەچێتە پێشەوە".

جی. دی. گوپن (G.D.Gopen)، پێوانەیەکی تری لە جێگەی سنووردارکردنی وشەکان بۆ ڕستە کورتەکان داناوە:

> "لە جیاتی چەمکی کەمکردنەوەی وشەکان، ئەم پێناسەیەی خوارەوە دەخەمە ڕوو: ئەو کاتە ڕستە درێژە کە هەڵبژاردنی زۆر بۆ (جێگەکانی

www.pertwk.com

**جەخت) زیاتر لە (جێگەکانی جەخت) لەبەر دەستا بێت. بە بێ کلیلی ناوچەیی جێگەی جەختەکە بابەتەکانی جەختی لەسەر کراوە، خوێنەران سەر پشك دەکرێن لەوەی چ بەشێکی تر لە ڕستەکەدا شایانی جەخت لەسەر کردنە"[1].**

لە چاککردنی دەقی نموونەییدا، ئەوەی کە ئێمە ئەنجامان دا، جگە لە نزیك کردنەوەی بکەرو کردارو کەمکردنەوەی باری ڕێزمانی لەسەر ڕستەکەشە. هەر لەبەر ئەوەیە ئەو بابەتانەی کە نەمانتوانی پەیوەندییەکی گرنگییان لە نێواندا پەیدا بکەین، دەمانخستە لاوە.

بە لادانی ئەو ڕەگەزانەی لەگەڵ پێکهاتەی دەقەکەدا ناگونجێن، دۆخێکی ڕوونترمان دروستکرد، هەر چەندە ئەو دەقە نوێیە مەرج نییە هەموو بۆ چوونەکانی نووسەر بخاتە ڕوو. بە واتای ئەوەی کە تەنیا ڕاڤەکردنی ئێمە لە ڕێگەی بۆچوونەکانی نووسەرەکەوە دەخاتە ڕوو. ئەم ڕاڤەکردنە دۆخێکی باشترو حاڵی بوونی خوێنەران لە دەقەکە دروست دەکات، چونکە تا پێکهاتەی دەقەکە دژوار تر بێت، ئەگەری ئەوە کەم دەبێتەوە کە زۆرترین خوێنەر لە بۆچوونی نووسەرەکە حاڵی بووبێتن.

*بنەمای سێیەم: جێگەی جەخت:

خوێنەران چاوەڕێی ئەوە لە هەر یەکەیەکی نووسراو، بەتایبەتی ڕستەی ئاشکرا دەکەن کە یەك کرداریان هەبێتو یان یەك خاڵ ڕوون بکەنەوە. ئەویش بێ گوێدانە ژمارەی وشە یان درێژیی ڕستەکە.

لە بارەی ڕستەیەکەوە، خوێنەران چاوەڕوانی ئەوەن کەخاڵ بێ مەبەست لە جێگەی تایبەتیدا دەربکەوێت کە بۆ جەخت لەسەر کردن

---

1- G.D.Gopen ، علم نگارش علمی، جمله علوم و تکنولوژی، ص74.

www.pertwk.com

لەبەر چاو گیراوە. ئەگەر ئەم چاوەڕوانییەی خوێنەر جێبەجێ بکرێت، گەیشتنی پەیامی نووسەر بە خوێنەر زۆر بە ئاسانی سەر دەگرێت.

خاڵێکی باو هەیە لە زمانناسیدا، ئەوەمان بۆ دەر دەخات کە خوێنەرانی هەر دەقێك بە شێوەیەکی سروشتی جەخت لەسەر ئەو بابەتەی کە لە کۆتایی ڕستەکەدا دێت، واتە ئەو جێگەیەی کە کردارەکەی تێدا دە نوسرێت، دەکەن و پێی دەڵێن“ "جێگەی جەخت".

"جێگەی جەخت" مەرج نییە لە کۆتایی ڕستەو کرداری ڕستەدا بێت. ئەگەر نووسەر هوشیارانە هەڵسوکەوت بکات، دەتوانێت ئەو زانیارییانەی کە جەخت لەسەر کردن دەخوازن، بخاتە جێگەیەکی ڕستەکەوە کە خوێنەر بە شێوەیەکی سروشتی سەرنجییان لێ بدات و باشتر بیانخوێنێتەوە.

ئەگەر هات و نووسەرێك بابەتە شایانی جەخت لەسەر کردنەوە لە شوێنێکی دوور لە "جێگەی جەخت" دانا، ئەوا دوو ڕووداوی نەخوازراو سەر هەڵدەدەن:

1-لەوانەیە خوێنەر جێگەی جەخت کردنەوەکە لە بابەتێکدا ببینێتەوە کە بە ئاشکرا بەهای جەخت لەسەر کردنی تێدا نییە، لەم حاڵەتەدا خوێنەر دەبێت بە زەحمەتێکی زۆر جێگەکە لە هزری خۆیدا دابنێت، ئەویش بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ورد نووسینەکە بە گوێرەی ویستی نووسەرەکە شی بکاتەوە.

2-لەوانەیە خوێنەر، جێگەی جەخت لە چوارچێوەی بابەتێکدا ببینێت کە جەخت لەسەر کردن بخوازێت، هەر چەندە نووسەر نەیەوێت جەختی لەسەر بکاتەوە، لەم حاڵەتەدا خوێنەر جەخت لەسەر بابەتێکی نابەجێ دەکات و نووسەرەکەش هەلێکی گەورەو گرانی بۆ کارکردنە سەر تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی خوێنەر لە دەست دەچێت.

www.pertwk.com

(جی. دی. گوپن) ئوستادی زمانناسیی زانکۆی شیکاگۆی ئەمریکا لە بارەی "جێگەی جەخت" لە ڕستەو ئەوەی کە دەبێت نووسەر لەبەر چاوی بگرێت، دەنووسێت:

"دەکرێت جێگەی جەخت لە رووی ئەندازەوە لە رستەیەك بۆ رستەیەكی تر بگۆڕێت، هەندێ جار ئەم بەشە لە یەك وشە پێكدێتو جاری واش هەیە تا چەند رستەیەك درێژ دەبێتەوە. هۆكاری چارەنووسساز لەوە دایە كە جێگەی جەخت لەگەڵ كۆتایی قاڵبی رێزمانیی رستەكەدا جووت دەبێت. خوێنەر گەیشتووەتە سەرەتای شوێنێك كە دەزانێت رستەكە هیچی تێدا نەماوە، هەر بۆیە دەكرێت پێشنیاری كۆمەڵێك شوێن بۆ جێگەی جەخت لە رستەدا دیاری بكرێت، بەڵام دەبێت ئەوە بەروونی دیاری بكرێت، كە ئەوەی لە رستەكەدا ماوەتەوە هەر ئەوەندەیە.

هەر ئەندامێك دەتوانێت قاڵبی رێزمانیی خۆی دروست بكات. لە ناو رستەیەكدا دەكرێت جێگەی جەختی ناوەند، لە رێگەی پێشاندانی خاڵ یان فاریزە خاڵدارەكان پێك بهێنرێت" بابەتەكان پێش خاڵبەندی دەبێت خۆیان لە شێوەی رستەی تەواودا رێك بخەن.

بۆیە رستەكان دەتوانن زۆر بە ئاسانی لە رێگەی چەندین وشەوە پەرە بە خۆیان بدەن، بەڵام بەو مەرجەی كە قاڵبی رێزمانیی نێوان رستەكان بۆ هەر بەشێك زانیاریی نوێو جەخت پەسەندیی خۆی هەبێت"[1].

ئێستا جارێکی تر دەگەڕێینەوە لای دەقە دەستکاری کراوەکەی پێشوو، واتە نموونەی ئاوێتەکەی هەردوو ڕەگەزە کیمیاییەکە.

"لە تاقیگەدا لە ڕێگەی تێکەڵکردنی دوو ڕەگەزی هایدرۆجین و ئۆکسجین ئاو دروست دەبێت".

لە سەرەتادا درێژیی ڕستەکەو زۆریی وشەکان مەسەلەیەك نەبوون، دەقە چاككراوەكە بە شێوەیەكی دیار زۆر كورتتر نییە لە دەقە

---

1-سەرچاوەی پێشوو، ص72-73.

ئەسڵییەکە، بەڵام حەتمەن لەوەدا لەگەڵ ئێمە هاوبیرن کە ماناکەی ڕوونترە لەوەی پێشوو، ڕاڤە کردنیشی زۆر ئاسانە. لادانی وشە ئەو کاتە بە لای خوێنەرەوە ماناکەی لە دەست دەدات، کە لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی "جێگەی جەخت"ەوە ، یارمەتیی دەدەین لە باشتر حاڵی بوون لە دەقەکەو ڕاڤەکردنی لەم ڕستەیەدا، دەستە واژەی "دروست دەبێت" دەر ئەنجامێکی لۆژیکییانەی "تێکەڵ" کردنەکەیە.

"هەردوو جێگەی جەخت" کە بە وشەکانی "هایدرۆجین"و "ئۆکسجین" مانای تەواو وەردەگرن. ئەمە خاڵێکی گرنگە بۆ جێبەجێکردنی خواستی خوێنەرو لە ڕستە چاککراوەکەدا بە تەواوەتی ڕەچاو کراوە.

هەندێك جار ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێبەکان لەڕێگەی نووسینی پیتەکانەوە بە گەورەیی یان هێڵ کێشاوە بە ژێر وشە یان ڕستەو یاخود دەرخستنی پیتەکان بە فۆنتی جۆراوجۆرو ڕەنگی جیاواز دەنوێنن، "جێگەی جەخت" بۆ باشتر حاڵی بوونی خوێنەران لە بابەتەکە دیاری بکەن.

بە تەماشای خێرای لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکانو زمان لە مانشێتی یەکەمو دووەم دەتوانین بە شێوەیەکی باشتر "جێگەی جەخت" لە ناو بابەتەکاندا بدۆزیتەوە، هەروەها خاڵبەندی دەتوانێت شوێنی جەختی ناوەندمان بۆ دروست بکات تاکو خوێنەر بتوانێت ئەندێشەی نووسەرەکە بدۆزێتەوە.

یەکێك لەو خاڵبەندییانەی کە بە شێوەیەکی فراوان بەکاردێت "فاریزە" یان "فاریزەی خاڵدار"ە. دەتوانین لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو دووانەوە جێگەیەکی جەخت لەسەر کراوی ناوەندیمان دەست بکەوێت.

www.pertwk.com

جارێکی تر دەگەڕێینەوە لای دەقە چاککراوەکەی پێشوو، لە دەقە چاککراوەکەدا بڕیاری ئاشکرامان لەسەر مەسەلەی لادانیو جەخت لەسەر کردنی شتەکان دا، هەستاین بە نزیککردنەوەی بکەرو کردار لە یەکترو کەمکردنەوەی قورسایی ڕێزمانی لەسەر ڕستەکەو ئەو بابەتانە کە لامان وا بوو بەهای جەخت لەسەر کردنیان تێدایە، هەڵگرتو لە جێگەی جەخت دامانناو ئەو بابەتانە کە هەستمان دەکرد پەیوەندییەکی پتەویان بە دەقەکەوە نییە لادران. بەم گۆڕانکارییانە توانیمان دەقێکی ڕوونتر دروست بکەین، هەرچەندە ئەم دەقە دەربڕی هەموو مەبەستەکانی نووسەرەکە نییە، لە ڕاستیدا پێکهاتەی ڕستەکە تا ئاڵۆز بێت، ئەگەری تێگەیشتنی بە لای خوێنەرانەوە کەمتر دەبێت، لەم حاڵەتەدا پێویستە باس لە "جێگەی بابەت" بکەینو ئەم گرفتە لەوێ چارەسەر بکەین.

*بنەمای چوارەم: جێگەی بابەت

پەیامنێرو نووسەران بەباشی ئاشنای پێشینەی هەواڵن، مەبەستمان لە پێشینەی هەواڵ، ئەو ڕستانەیە کە لە کۆتایی هەواڵەکە یان لە نێوان پەرەگرافەکانی تردا دەنووسرێتو باس لە ڕووداوەکە دەکات. ئەم کارەش بۆ ئەوە ئەنجام دەدرێت، تاکو خوێنەران بە باشی لە هەواڵەکە تێبگەنو مەبەستەکانی پەیامنێرە یان لە خستنە ڕووی بابەتە تازەکانی هەواڵەکە بۆ دەربکەوێت. لە ڕاستیدا "جێگەی بابەتە"کە شوێنی چاو خشاندن بە ناوەرۆکی هەواڵەکەیە، چونکە خوێنەران چاوەڕوانی ئەوە دەکەن ئەو ئەو بابەتانەی کە لە شوێنی "جێگەی بابەت" دانراون، (ڕابردوو)و (داهاتوو)ی ڕووداوەکەیان بۆ بخاتە بەردەست. زانیارییەکانی (جێگەی بابەت)، خوێنەران ئامادە دەکات بۆ بابەتی پەیوەندیداری تر بە ڕووداوەکەو لە هەمان کاتیشدا

www.pertwk.com

دەیگەڕێنێتــەوە بــۆ باکگراوەنــدی ڕووداوەکــە. هەرچــەندە دەکرێــت ناوەرۆکی ڕووداوەکە لە چەند سەرچاوەیەکەوە پێکەوە گرێ بدرێت، بەڵام لە بنەڕەتدا لەو بابەتەوە دەست دەکەوێت کە خوێنەر پێشتر لە نـاوەرۆکی دەقەکـەدا بەرچـاوی کـەوتووە. ئـەو بابەتانـەی کـە پێشـتر خراونەتــە ڕوو، پێیــان دەوترێــت "زانیــاریی کــۆن"، بــە پێچــەوانەی ئەوەشەوە ئەو بابەتانەی کە بۆ یەکەمجار لە دەقەکەدا دەیان خوێننەوە، پێیان دەوترێت "زانیاریی نوێ".

(کاتێك زانیارییە نوێیەکان) زۆر گرنگ بن، دەتوانن باشترین ڕۆڵ لە "جێگـەی جـەخت" ببیـنن، بـەڵام ئەگـەر "زانیـاریی کـۆن" لـە جێگـەی بابەتدا دابنرێت، یارمـەتیی خوێنـەران دەدات تـاکو بـە باشـی وتارەکـە ڕێکبخـەن و سـەرنجی خۆیـان، لەسـەر ئـەو بابەتـە کـە پەیوەنـدیی بـە ڕابــــردوو ئایینــــدەوە هەیــــە کۆبکەنــــەوە، بــــەڵام ئەگــــەر "جێگــــەی بابەت"بەشتێك پڕ بکرێتەوە کە نەتوانێت پەیوەندیی پێویست لە نێوان ناوەرۆکـە کـە دا دروست بکـات، ئـەو کاتـە خوێنـەر تووشـی سـەر لـێ شـێوان دەبێـت، چـونکە خوێنـەر لـە تێگەیشـتن لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ ڕستەکەی پێشوودا و، هەم لە ڕۆڵی دیاری ڕستە تازەکە لە ناو پانتایی پەرەگرافەکەدا تووشی گرفت دێت.

(جی. دی. گوپن) نموونەیەکی سەرنج ڕاکێش لەسەر ئەم مەسەلەیە دەخاتە ڕوو:

> "زانیارییەکانی سەرەتای ڕستە دەستپێکێکە بۆ خوێنەر تاکو ڕستە وەك یەکەیەکی تەواو تەماشا بکات، خوێنەران لەو باوەڕەدان کە یەکەی نووسین چیرۆکی ڕووداوێکەو لە سەرەتاوە باسی لێوە دەکرێت:

www.pertwk.com

"هەنگـەکان هەڵاڵـەکان بڵاودەکەنـەوە"و "هەڵاڵـەکان بـە هـۆی هەنگەکانـەوە بـڵاو دەبنـەوە.." دوو ڕسـتەی زۆر جیـاوازن. ڕسـتەی یەکەم هەندێك شتمان لەسەر هەنگەکان پێ دەڵێت ، بەڵام نادیاریی ڕستەی دووەم بە تـەنیا خـۆی چۆنایەتیی ڕستەکە لەکەدار ناکات. لە ڕاستیدا ڕستەی "هەڵاڵەکان بە هۆی هەنگەکانـەوە بڵاودەبنـەوە" ڕستەیەکی باشترە، بەمەرجێ لە پەرەگرافێکدا بخرێتە ڕوو کە تێیدا مەبەسـتەکان دیـاری بکرێـتو ئـەوە دەربخـات کـە چـیرۆکەکە پاشماوەی هەیـە. لەو حاڵەتـەدا چیرۆکی بڵاوبوونـەوەی هەڵاڵـەکان حاڵەتێکی نادیارە.[1]

بۆیــە ئەگــەر بڕیــار وابێــت ڕسـتەیەکی باشـتر بخەینــە بــەر دیــدی خوێنـەران، دەبێـت ئەگـەر بـە کـورتیش بێـت، چـیرۆکی بڵاوبوونـەوەی هەڵاڵەکان لـە "جێگـەی تایبـەت"دا دابنـێین، تـاکو خوێنـەر لـە بابەتەکە تێبگات. زۆر کەس هـەن ئامۆژگاریی نووسـەرە تازەکان دەکـەنو پێیان دەڵـێن" دەبێـت زانیارییـە کۆنـەکان لـە (جێگـەی تایبـەت)و زانیارییـە تازەکـان لـە (جێگـەی جـەخت) دابنـێن. جـێ بـەجێکردنی ئـەو جـۆرە ئامۆژگارییانـە زۆر سـەختە، چونکە بـە پێـی ئـەو زانیارییانـە کـە ئێمـە لەسەر کۆنو نوێ هەمانە هەموو زانیارییەکانی پانتایی نێوان "جێگەی تایبەت"و "جێگەی جەخت" بە زانیاریی کۆنو نوێ پڕکەینەوە.

پێشـنیاری نووسـەرە پیشـەییەکان (حرەفییـەکان) بـۆ چارەسـەر کردنی ئەم قەیرانە ئەمەیە: لە "جێگەی بابەت" ئەو زانیارییە کۆنانەی کە پەیوەندییان بە ڕابردووەوە هەیە، بهێنینو لە "جێگەی جەخت" ئەو زانیارییانەی کەدەمانەوێت ببنە (جێگەی جەخت) بۆ خوێنەر دابنێین،

1-هەمان سەرچاوە، ص 74.

www.pertwk.com

دەتوانین ئەو بنەمایە بە لەبەرچاو گرتنی ئەم خاڵانەی خوارەوە بەکار بهێنین:

1-ئەو زانیارییە کۆنانەی کە پەیوەندن بە رابردووەوەو لە "جێگەی بابەت" دابنرێن.

2-کەس، شت یان ئەو چەمکەی کە چیرۆکەکەی باس دەکرێت لە "جێگەی بابەت" دابنرێت.

3-ئەو زانیارییە نوێیانەی کە شایەنی جەخت لەسەر کردنن لە "جێگەی جەخت" دابنرێت.

بەکارهێنانی ئەو بنەمایانە پەیوەندییان بە شێوازی کەسی نووسەرەوە هەیە. شێوازی کەسی نووسەر، بریتییە لە کۆمەڵی هەڵبژاردەی بونیادی کە نووسەر هەوڵ دەدات لە کاتی داهێنانی دەمێکدا بەکاری بهێنێت.

ئەو نووسەرانەی کە کێشەیان لە دارشتنی بابەتی زانستیو پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ خوێنەراندا هەیە، دەتوانن شێوازی دارشتنەکانیان بگۆڕن بۆ هەتا هەتایە ئەو شێوازەی کە لەسەری ڕاهاتوونو خوێنەرانی پێ دەرەنجێن، بخەنە لاوە.

دەرئەنجام:

خوێندنەوەی بابەتی زانستی لە لایەن خوێنەرە ئاساییەکانی ڕۆژنامەو ماس میدیاکان کارێکی سەختە، ئەو ئەندێشە ئاڵۆزانەی کە بابەتە زانستییەکانی تر دەیخەنەڕوو، هێندەی تر خوێنەران بەرەو بەدحاڵی بوون پەلکێش دەکات. نووسەرە پیشەییەکان لە میدیاکان دەبێت لە ڕێگەی ئەم چوار بنەمایە" (1-جیاکردنەوەی بکەرو کردار. 2-جێگەی جەخت لەسەر کردن. 3-جێگەی بابەت. 4-گۆڕینی

www.pertwk.com

پێکهاتەی ڕستە زانستییە ئاڵۆزەکان.) کارێکی وا بکەن بابەتە زانستییەکان قابیلی بڵاوکردنەوەبن لە ڕۆژنامەکاندا.

جارێکی تر دەگەڕێینەوە سەر چوار بنەماکە، بۆ ئەوەی ئەوە بزانین کە لە کاتی گۆڕینی پێکهاتەی بابەتەکەدا، دەبێت نووسەرە لاوەکان چ خاڵێك لەبەر چاو بگرن"

1-تا دەکرێت بکەرو کردارەکە لە یەکتر نزیك بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ڕستەکان کورت ببنەوە.

2-لە جێگەی جەختدا ئەو زانیارییە نوێیانە دابنێن کە نووسەری دەقەکە دەیەوێت جەختی لەسەر بکات.

3-زانیارییە کۆنەکان یان باکراوندەکان لە جێگەی بابەت دابنێن، ئەویش بۆ دروستکردنی پەیوەندیو ناوەڕۆك.

4-ناوی ئەو کەسو شتو لایەنانەی کە چیرۆکی بابەتەکەیان بە ناوەوەیە، لە سەرەتای ڕستەکەو لە جێگەی جەخت دانێن.

5-ڕۆڵی هەر ڕستەیەك لە کردارەکەیدا ئاشکرا بکەن.

6-پێش ئەوەی داوا لە خوێنەران بکەیت، بیر لە شتی تازە بکاتەوە، ناوەڕۆکی تازەیان پێ بدە، تاکو لە ناوەڕۆکی دەقەکە تێبگەن.

7-پێش هەر شتێك دڵنیابە کە جەختە ڕێژەییەکانی سەر بابەتەکە لەگەڵ خواستە ڕێژەییەکان بۆ جەخت لەسەر کردندا یەکبگرێتەوە.

8-ئەوە لە یاد مەکە کە دەتوانیت لە ڕێگەی خاڵبەندییەوە (خاڵ، فاریزە، فاریزەی خاڵدار، دوو خاڵ، شاریحە، ..هتد) جەختی زەمەنیو جێگەی جەختی ناوەند دروست بکەیتو هاوکاریی خوێنەران بکەیت لە تێگەیشتن لە بابەتەکە.

دوایین قسەشمان ئەوەیە کە لە کاتی داڕشتنی زانستانەی بابەتی زانستیدا دەبێت بزانیت کە"

www.pertwk.com

ئەگەر بڕیار بێت خوێنەر لە مەبەستی نووسەر بکات، پێویستە نووسەرانیش لە داخوازیی خوێنەران بگەن.

□ **کورت نووسین:**

"هەواڵ" بەربڵاوترین بابەتی ماس مێدیاکانە، لە ئامادەکردنی هەواڵ، گرنگترین ئەرکی پەیامنێر نووسینی پێشەکی (لید)ە، پێشەکیش دەبێت زۆر بە کورتی و پڕ مانا بنووسرێتەوە. لە ڕاستیدا (لید) بریتییە لەو چەند ڕستەیەی سەرەتای هەواڵ و خوێنەر بۆ ناوەڕۆکی هەواڵەکە ڕادەکێشێ. لیدەکانی ڕۆژنامە لاپەڕە گەورەکانی وەك "فاینانشیاڵ تایمز–Financial Times"ی بەناوبانگی ئینگلتەرا لە چاو ڕۆژنامە لاپەڕە بچووکەکاندا (Populars) درێژترن. لە ڕۆژنامەیەکی تری ئینگلیزی وەك "ئیندیپێندنت–Indipendent" ناوەندی لیدەکانی

www.pertwk.com

(29)وشـەیە، بـەڵام لـە "دەیلـی ئێكسـپرێس–Daily Express"ی چـاپی لەندەن (21) وشەیە.

ڕۆژنامـەی "سـەن–SUN"ی ئۆستراليا نووسـينی ليـدی (12) وشـەی سـەپاندووەو داوای لـە پـەیامنێرەكانی كـردووە كـە لـە بابەتەكانيانـدا درێژ دادڕی نەكەنو لە هەمووی گرنگتر نابێت شتی ناديار بنووسن، بە كورتی دەبێت "كورت" بنووسن.

كورت نووسين، لە گەورەترين چاپەمەنييەكانی ئەورووپاو ئەمريكاو ناوەنـدەكانی بڵاوكردنـەوەی دەنگيـی وەك "BBcو ABC" لـە ئـەمريكاو بەريتانيا زۆر بە باشی پەيڕەويی لیٚ دەكرێت.

پەيامنێرە پيشەييەكان دەزانن (ليد) تا كورت بێت سەرنج ڕاكێشتر دەبێـت. ئـەوان دەڵـێن (ليـد)ی بـاش لـە (10–15)وشـەيە، هەڵبـەت تـا كورت تر بێت باشترە.

ئـەم قسـانە لـە لايـەن دەروونـنـاسو زمانناسەكانيشـەوە پەسـەند كراونو ڕايانگەياندووە كە هـزری مرۆڤ بۆ دروستكردنی پەيوەنـدی لـە ڕسـتە (17) وشـەييەكاندا تووشـی كێشـەو گرفـت دێـت، ئـەمڕۆ كـە ڕۆژنامـە تـيراژ زۆرەكـان لـە نووسـينی مانشـێتی بابەتەكانيانـدا، هەوڵـدەدەن لـە (11) وشـە زيـاتر بـەكار نـەهێننو تـا بۆيـان دەكرێـت مانشێتەكان (بكـەر)ی تێدا بێتو هـەموو خاڵبەندييـەكان تێدا ڕەچاو بكرێت. هەڵبەت لە كۆتايی مانشێتدا خاڵ دانانرێت، بۆ ئەوەی خوێنـەر يەكسەر ليدەكە پاشان دەقەكە بخوێنێتەوەو سەرنج لە هەواڵەكە بدات.

*بۆ بە كورتی دەنووسين؟

www.pertwk.com

بۆ ئەوەی خوێنەر بە باشی پەی بە مانای بابەتەکە ببات. ڕستە درێژەکان هەراسانی دەکەن. هزر هیلاك دەکەن و لێی حاڵی نابین..

ڤۆڵتێر–Volter ی نووسەری بە ناوبانگی فەرەنسی وتوویەتی:

**"هەموو نووسینێك باشە، جگە لەوەی هەراسانمان دەکات"[1].**

لیۆن تۆڵستۆی–Leon Tolstoy نووسەری ناوداری ڕوسیا، ڕستەکەی ڤۆڵتێر بەم شێوەیە تەواو دەکات:

**"دەتوانین لە بارەی هونەریشەوە بڵێین" هەموو جۆرەکانی هونەر باشە، جگە لەوانەی مەفهومیان نییە"[2].**

بە ڕاستی ئەگەر هات و ئێمە ڕستەیەك یان پەرەگرافێك بنووسین، خوێنەر لە مەبەستەکانمان تێنەگات، بەهای نووسینەکەی ئێمە لە چیدایە؟

درێژ نووسین کاری ئەو کەسانەیە کە هیچ شتێکیان بۆ نووسین پێ نییەو فێری هونەری ئاخاوتن و پەیوەندی لەگەڵ خوێنەردا نەبوون. لە بەرامبەر ئەم جۆرە نووسەرانەدا هەوڵ نووسەکان تا بۆیان دەکرێت وشەو دەستەواژە زیادەکان بەلاوە نێن. تەنها لەو ڕێگەیەوە دەتوانین هونەری کورت نووسین فێری تازە نووسەرەکانی بواری داڕشتنی پیشەیی بکەین.

لیۆن تۆڵستۆی لە بارەی چۆنییەتی ئەو فێرکردنەوە دەڵێت"

**"پێشتر باسم لە قسە پڕ ماناکانی وێنەکێشی ڕوس (بریلوڤ–Brylov) کردەوە کە لەسەر هونەر کردوویەتی، بۆیە جارێکی تر هەمان قسە دەڵێمەوە، چونکە لە هەموو شتێك باشتر ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لە قوتابخانە هونەرییەکاندا لە کاتی باشکردنی پۆرترێتی یەکێك لە خوێندکارەکان،**

---

1-لیۆن تۆڵستۆی، هنر چیست؟، مترجم کاوە، دهگان، ص117.

2-هەمان سەرچاوە، ص117.

www.pertwk.com

بريلۆۋ يەك دوو جار لە چەند جێگەيەكدا هاوكاريى كرد، پۆترێتە بێ گيـانو بەها كە لە ناكاودا ڕەنگو ڕووى تێكـەوت، فێـر خـوازێكى هونـەر وتـى" تـۆ "نەختێ" دەسكاريت كرد، كەچى هەموو شتێكى گۆڕا، بريلۆۋ وتـى" هونـەر لەوێوە "دەست پێدەكات". بـەم قسـەيە بەرجەسـتە تـرين سـيفەتى هونـەرى ديارى كرد"[1].

ئايا كاتى ئەوە نەهاتووە كە "كەمێك" دەسكارى نووسينەكانمان بكەينو نووسينە مردووەكانمان، جارێكى تر زيندوو بكەينەوە؟

*چۆن بە كورتى بنووسين؟

دەكرێت هەر نوسينێك بە دوو شێوە كورت بكەينەوە:

1-لە ڕێگەى لادانى بابەتە زيادەكانى ناو دەقەكە بە جۆرێك كە وشەو دەستەواژە سەرەكييەكانى دەقەكەو مەبەستەكانى نووسەرەكەى تێدا بمێنێتەوە. بەم شێوەيە يان زياتر لە كورت كردنەوەى ئەو بابەتو وتارانەدا بەكار دێت كە بۆ ڕۆژنامەكان ئامادە كراون. ئەو شێوەيەى كە بۆ نووسينى (ليد) ى هەواڵ بەكار دێت، بريتييە لەم شێوەيە.

2-نووسينى ناوەرۆكو كورتكردنەوەى بابەتەكە يان پاك نووسكردنەوەو لادانى زيادەكان. ئەم شێوەيە زياتر بۆ كورتكردنەوەى دەقى كتێب، بەتايبەت چيرۆكى درێژ بەكار دێت، هەرچەندە ڕۆژنامە نووسەكان لە ڕێكخستنى بابەتەكانى خۆياندا زياتر شێوەى يەكەم بەكار دەهێنن، بەڵام لە كاتى "ڕاپۆرت نووسين"دا بە پێچەوانەى "هەواڵ نووسين" تا بۆيان دەكرێت وشەو دەستەواژەكانى نووسەرەكە دەپارێزن، چونكە يەكێك لە مەرجەكانى كورت كردنەوەى نووسين

---

1-هەمان سەرچاوە، ص138.

www.pertwk.com

پاراستنی ئەمانەتەو ئەمەشیان بە بەکارهێنانی شێوەی یەکەم دێتە دی.

کێشەیەك کە نووسەرە تازەکان بە زۆری ڕوو بە ڕووی دەبنەوە، ئەوەیە جیاوازیی ناکەن لە نێوان "کورت نووسین"و "سادە نووسین" دا. ئەوانە دەبێت بزانن سادە نووسین، سادەکردنەوەی بابەتە ئاڵۆزەکانە. دەکرێت ئەو سادە نووسینەش پێویستیی بە کورتکردنەوە هەبێت. بۆ نموونە ئەگەر نووسەرێك بیەوێت جارێکی تر بابەتێکی زانستی بۆ ئەو کەسانە بە سادەیی بنووسێتەوە کە شارەزاییەکی وایان لەسەر ئەو زانستە نییە، ئەوا سادە نووسی کردووە. لەم حاڵەتەدا لەوانەیە نووسەرەکە چاوپۆشی لە هەندێ لایەنی سەرەکیی بابەتەکەش بکات و فۆرمەڵەو هاوکێشە یان زاراوەش بەلاوە بنێت. لادانی خاڵە سەرەکییەکان لە هەموو حاڵەتێکداو بۆ هەموو بابەتێك ڕاست نییەو تەنها لە سادەکردنی بابەتەکاندا دەکرێت شتی وا بکرێت و بە هیچ شێوەیەك لە کورتکردنەوەی ئەو ڕاپۆرت و بابەتانە کە بۆ خەڵکی شارەزاو خاوەن پلە دەنووسرێت کاری وا ناکرێت.

بۆ کورتکردنەوەی بابەتە دوورو درێژو تاقەت پڕوکێنەکان ئەم خاڵانەی خوارەوە پێشنیار دەکرێت:

1-پێش هەر شتێك بە وردی دەقەکە بخوێنەوەو هەوڵ بدە مانا سەرەکییەکانیتان بۆ دەربکەوێت و هێڵ بە ژێر ئەو مانایانەدا بکێشن.

2-لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکەدا وشە لێك چوو و هاو ماناکان بسڕنەوە، چونکە تەنها ئازاری هزرو ڕۆحی خوێنەر دەدات.

3-بابەتە لابەلایی و وەسفییەکان کە بۆ زیاتر تێگەیشتنی خوێنەر نووسراونەتەوەو پەیوەندییان بە ناوەرۆکەکەوە نییە، بسڕنەوە.

www.pertwk.com

4–ئەو رستانەی بابەتەکانی شی دەکەنەوەو نەبوونیان لە بابەتەکە کەم ناکاتەوە، لایبدەن.

لە هەندێ حاڵەتدا دەتوانی لە ڕێگەی ڕەچاوکردنی ئەم چوار خاڵەوە، دەقێکی دوورو درێژ بە ڕێژەی یەك لە دە کورت بکەینەوەو هاوکاریی خوێنەریش بکەیت لە تێگەیشتنی مانای ڕستەو نووسینەکە بۆ ئەوەی لە خوێندنەوەی بابەتەکە چێژ وەربگرێت.

نووسەرە پیشەییەکان لە ڕێگەی زەوق و توانای خۆیان، دەتوانن هەندێ لەو خاڵانەش لەبەر چاو نەگرن و کورتیش بنووسن. ئەوەی لە کورت نووسیندا گرنگە، پاراستنی ڕەسەنایەتیی دەق و خۆ پاراستنە لەسەرو ژێرکردنی بابەتەکە–نابێت لە بیرمان بچێت کە دەبێت بناغەو قەدی دەقەکە بپارێزین، بۆ ئەوەی دەست درێژی نەکرێتە سەر ئەندێشەی نووسەرە ئەسڵییەکە.

□

□ چۆنێتیی داڕشتن لە ڕۆژنامەوانیی ئەلکترۆنیدا :

لــە کــەنارەکانی ســەدەی بیســتو یەکــدا، قۆنــاغێکی نــوێ بــۆ دروستکردنی ئاڵو گۆڕی زانیاری لە نێوان کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتیدا دەسـتی پێکـردووە، دیـارترینو گرنگترینیـان دروسـتبوونی ڕۆژنامـەی ئەلکترۆنی یان دیجیتاڵە (Digital).

هەوڵو تەقەلاکانی مرۆڤ بۆ بەدەست هێنانی زانیاری بە شێوەیەکی خێراو کەم خەرج، شیکردنەوەو گۆڕینی ئەو زانیارییانە بۆ زانست لە ساڵەکانی کۆتـایی سـەدەی بیسـت دا، سـەری گـرت"و ئێسـتا مرۆڤـی هوشـیار بـە بـەکار هێنـانی تـەکنۆلۆژیا و لـە ڕێگـەی کۆمپیوتـەرەوە دەتوانێت لە ماوەیەکی زۆر کورتدا دەستی بگاتە هەواڵو زانیارییـەکی یەکجار زۆر. تەکنۆلۆژیای نوێ، لە بواری پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکاندا گۆڕانێکی گەورەی دروست کردووەو دەکرێت بڵێین ئەم بوارە لە هەموو بوارەکـانی تـری زانسـتی مرۆڤایـەتی، زیـاتر کـەڵکی لـە تـەکنۆلۆژیا وەرگرتوە. لەوانەیە ئەو ڕۆژەی بۆ یەکەمجار کۆمپیوتەر خۆی کرد بە ژووری هــەواڵ لــە ڕۆژنامــەو ئاژانســەکانی دەنــگو باســدا، ڕۆژنامــە نووسـەکانو دەسـتەی نووسـەران خـەیاڵیان بۆ ئـەوە نەدەچوو کـە ئـەم ئامێرە تازە هاتووە نەناسراوە لە ڕێگەی توانا و خێراییەکەوە گۆڕانێکی گەورە دروست دەکاتو بەرە لە ژێر ئامێرەکانی تیلکس، تایپو فایلە گــەورەکانی ئەرشــیف ڕادەکێشــێتو دەیانخاتــە مۆزەخانــەکانی مێژووەوە. ئێسـتا نـەك لـە ژووری هـەواڵ، بـەڵکو لـە هـەموو ژوورەکـانی ڕۆژنامــەو ئاژانســەکانی هەواڵــدا، تەنانــەت لــە ژووری بەڕێوەبــەرو لێپرسـراوانی نووسینیشـدا کۆمپیوتـەر هەیـە، بـێ هـیچ زیـاد ڕۆییـەك "خێرایـی" گـرنگترین ڕەگـەزە کـە ڕۆژنامـەوانیی ئـەلکترۆنی بەسـەر ڕۆژنامەوانیی نووسیندا زاڵ کردووە.

www.pertwk.com

ڕۆژنامەکان بۆ کەڵک وەرگرتن لەم خێرایی و وردبینییە، پێویستە تەکنیکە نوێیەکانی ململانێ فێر بن، ئەگەر نەتوانن کەڵک لە کەرەستە دیجیتاڵەکان وەربگرن، لەم کێ بەرکێیە دەدۆڕێن، بۆیە ناسینی ڕۆژنامەوانی دیجیتاڵ "دەبێت"ە نەک "هەڵبژاردن"، "بە زۆرە".

*ئەندازیاریێتی پەیام لە ڕۆژنامەوانیی دیجیتاڵدا:

ڕۆژنامەوانیی ئەلکترۆنی یان دیجیتاڵ، واتە بڵاوکردنەوەی زانیاری لە قۆناغە دیارەکانداو لە قاڵبی چەند لاپەڕەیەکی گەیاندنی زانیاری یان باشتر بڵێین "ئینتەرنێت–Internet"دا. ئینتەرنێت، ڕۆژنامەوانی کەم خەرجی بۆ ئەو کەسەی کە سەرمایەکەی تەنها کۆمپیوتەرێکی شەخسییە، فەراهەم کردووە.

شێوەی کارکردن لە نووسینی ڕۆژنامەوانیی دیجیتاڵ، لە ڕۆژنامەوانیی تەقلیدی دەچێت:

سەرەتا بابەتەکان لە لایەن نووسەرو پەیامنێرەکانەوە دەنووسرێن و پاشان تایپ دەکرێن و ئینجا لە نەخشە سازیدا ڕێک دەخرێن. کۆمپیوتەرەکان بەبێ پیتی بارز، پیتچنین دەکەن، پاش پێدا چوونەوەو نەخشە سازیی لەسەر مێزو لەسەر (مۆنیتەرەکان–Monitor) ئەنجام دەدرێت و چیتر پێویست بە لکاندنی کاغەزی پیتچنین بە لاپەڕەی شەترەنجیی "گرید–Grid" ناکات. ئێستا بە (ماوس) و مۆشرو کلیک کردنێک، دەکرێت جەدوەل، وێنە، تەنانەت فیلم و دەنگیش بۆ دەقی ڕۆژنامەکان زیاد بکرێت. بەم جۆرە ڕۆژنامەوانیی دیجیتاڵ، جگە لە لادانی کۆن، لە کاتی ڕێکخستنی لاپەڕەو لیتۆگرافی و چاپدا پانتاییەکی بێ پیتچنینی بارز دەبینین، بۆ خستنە ڕووی بابەتێکی ئەلیکترۆنی، نەک هەر وێنە، بەڵکو دەکرێت دەنگ و فیلمیش بۆ بابەتەکە

www.pertwk.com

دابنرێت، بەڵام ئەو خاڵە گرنگەی کە لە ڕێکخستنی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکاندا جێگەی سەرنجە، بچووکیی قەبارەی لاپەڕەی کۆمپیوتەر یان مۆنیتەرە لە چاو شێوەی ڕۆژنامە تەقلیدییەکاندا.

لاپەڕەی ڕۆژنامە تەقلیدییەکان لە قەبارەی جیاوازو بە شێوەی وەستاو، Portriat، پێشان دەدرێن، بەڵام لاپەڕەی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان لە شێوەی خەوتوویی–Land Scape دا نمایش دەکرێن، بۆیە لە نەخشە سازیی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیدا، دەبێت هەندێ تێبینی وەك کەڵك وەرگرتنی باش لە پانتایی لاپەڕەکە لەبەر چاو بگرین، لێرەدایە کە لە پاڵ شێوەی داڕشتنی ڕۆژنامەوانیی هەڵبژاردنی پیتی گونجاو کەڵك وەرگرتن لە پانتایی بۆش، ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە.

لەم شێوازەدا، لەبەر ئەوەی "دەق" لە کۆمپیوتەردا هۆشیارییەکی کەمتر بەکار دەهێنێت، بۆیە گواستنەوەی دەقی لاپەڕەکە یان دەنگەکە زۆر کەمترە لە خێرایی گواستنەوەی لاپەڕەیەکی وێنەدار. بۆیە پێویستە وێنەی بچووك یان ئەو وێنانەی کە وردبینیی (دقە)ی هونەریو ڕەنگی کەمتری تێدایە، بەکار بهێنین، بەڵام لە بارەی دەقەوە دەبێت چی بکەین؟ ئایا دەبێت هەمان شێوەی داڕشتنی تەقلیدی بەکار بهێنین، یان پێویستە ڕێگەی تازەو شێوەی تر فێر بین؟

وەڵامەکە زۆر سادەیە. چوونی کۆمپیوتەر بۆ ناو ژووری نووسەرانو هەواڵو لیتۆگرافیو خەرجییەکانو تەنانەت پاراستنی ژینگەش. ئێستا بە هۆی کۆمپیوتەرەوە کێشەکانی نەبوونی پانتایی پێویست بۆ خستنە ڕووی هەواڵ لە چاپەمەنییەکانو بودجەی زۆر بۆ چاپو نەبوونی دەرامەت، چارەسەر کراوە.

www.pertwk.com

بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەوەی دەبێت لەبەر چاو بگیرێت ئەوەیە کە بنەماو ڕێساکانی ڕۆژنامەوانی سەرکەوتوو کە (شارەزاییە لە باش نووسین) دا هێشتا باوی ماوە، جا لە تەکنیکی کۆندا بێت یاخود لە تەکنیکی نوێدا.

*باش نووسین لە ڕۆژنامەوانیی دیجیتاڵیدا:

تەکنیکی نوێی پەیوەندییە ئەلیکترۆنییەکان، پانتاییەکی بەر بڵاویان بۆ بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوە ئەلیکترۆنیو ئینتەرنێتەکان، فەراهەم کردووە. جیاوازیی گرنگی نێو بڵاوکراوە ئەلیکترۆنییەکانو بڵاوکراوە کاغەزییەکان (تەقلیدییەکان) لە دروست کردنی پەیوەندیدا، دوو لایەنە ئەو پەیوەندییە دوو لایەنەیەش کە بریتییە لە ئاڵوگۆڕ کردنی دەقو دەنگو وێنە لە نێوان پەیامنێرو خوێنەرەکان" دەبێت ڕەچاوی سادە نووسینو دەقی ڕۆژنامەوانی بکات.

کورت نووسین، کە مەرجێکی سەرەکیو گرنگی داڕشتن بوو لە ڕۆژنامە کاغەزییەکاندا ئێستاکەش هەمان گرنگیی لە بڵاوکراوە ئەلیکترۆنییەکاندا هەیەو پێویستە پەیامنێرەکان پابەند بوون پێوەی.

هەر لەبەر ئەمە "فویوەپینگ" لە بابەتێکدا" لە ژێر ناوی "بۆ بڵاوکراوەی ئەلیکترۆنی بڵاو دەکەینەوە؟" هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی بڵاوکراوەی ئەلیکترۆنی بەم شێوەیەی خوارەوە دەخاتە ڕوو:

*بەلەبەر چاوگرتنی ئەوەی کەکاتی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لەسەر بابەتەکان کەمە، دەقە کورتەکان زیاتر سەرنج ڕادەکێشن.

*سەکۆ ئازادەکان، دۆخێك دەخولقێنن کە خەڵك یەکتر سەرگەرم بکەنو شێوەیەکی نوێ بەم ڕاگەیاندنە ببەخشن.

www.pertwk.com

*ناكرێت لە ڕێگەی گوزارشی ژۆرنالیستیو شارەزاییەكانی داڕشتنەوە ئەو هەستانە دەربڕێن كە لە سەكۆ ئازادەكاندا دەخرێنە ڕوو[1].

"دەقی كورت" دەكرێت دەنگو وێنەشی لەگەڵدا بێت، كەڵك وەرگرتن لە چوارچێوەی بچووك بۆ وێنەو دەنگ، زیاتر ڕۆژنامەی ئەلیكترۆنی دەڕازێنێتەوەو خێرا تریش كارەكان هەڵدەسووڕێنێت.

ڕەچاوكردنی هەندێ خاڵی وەك كورت نووسینو كەم كردنەوەی ماوەی نێوان نیهادو گوزارەو لادانی وشەو دەستەواژەی زیادە، لاپەڕەكانی ڕۆژنامەی ئەلیكترۆنی سەرنج ڕاكێش تر دەكات، بگرە وا لە بەكارهێنەكانی ئەم ڕۆژنامەیە دەكات تا كۆتایی بابەتەكە واز لە خوێندنەوەی نەهێنن.

*نووسینی هەواڵ لە ڕاگەیاندنی ئەلیكترۆنیدا:

هەواڵ نووسی ئەلیكترۆنی یان باشتر بڵێین "هەواڵی ئەلیكترۆنی" پەیڕەوی لە هەمان ئەو بنەمایانە دەكات كە ڕۆژنامەنووسیی تەقلیدی پەیڕەویی دەكات، پەیامنێرەكانی جیهانی نوێی ڕۆژنامەوانی، پێویستە وەك هەموو ڕۆژنامەوانە هاوچەرخەكان لە داڕشتنی هەواڵەكانیاندا یەكێك لە شێوازەكانی (هەرەمی سەرەو ژێر، مێژوویی) بەكار بهێننو لیدو ڕاڤەیان بكەن.

"یونس شكر خواه) لێكۆڵەرەو ڕۆژنامەوان، كورت بوون، خۆ پاراستن لە وشەی كتێبی ڕەچاوكردنی ڕێزمان بە "بنەما جیهانییەكانی هەواڵی ئەلیكترۆنی" دەزانێتو لەم بارەیەوە دەنووسێت:

"هەواڵی ئەلیكترۆنی دەبێت كورت بێت، چونكە نرخەكەی گرانە، گرانییەكەشی لەبەر ئەو ماوە درێژەیە كە ڕاگەیاندنە ئەلیكترۆنییەكان بەپەخش كردنی بابەتەكەوە خەرجی دەكەن،

---

1-فویوەپینگو دیگران، چرا نشریه الكترونیك منشر میكنیم؟ رسانه سال دهم س3، ص31.

www.pertwk.com

جگە لە کات، مەسەلەی جێ گـۆڕکێش لـە ئارادایـە. بێنـە پـێش چـاوی خۆتـان کـە تیمێکـی تەلەفزیۆنی بـە خـۆی و کـامێراو پرۆژکتۆرەکانیانـەوە، بـۆ ئامـادەکردنی هـەواڵێك دەچـێت بـۆ جێگەیەکی شارێك و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ ستۆدیۆو دەست دەکات بە ڕێکخستنی هەواڵەکـە بـۆ پەخشکردنی. ژۆرنالیستەکانی تەلەفزیۆن لە هەموو کەسێك زیاتر دەزانن کە هـەواڵ، گـرانترین ژانری تەلەفزیۆنییە، وەرگێڕانـی دەقـی هـەواڵی ئاژانسـەکانیش گـرانترین کـاری داڕێـژەرانی هەواڵـە، چـونکە تـا بۆیـان دەکرێـت دەبێـت خۆیـان لـە زاراوەی زیـادە بپـارێزن، بـۆ ئـەوەی پەیوەندییەکە بە خێراترین کات و هەرزانترین نرخ تەواو ببێت"[1].

ئەگـەر لـە ئاسـۆیەکی تـرەوە تەماشـاتی هـەواڵی ئـەلیکترۆنی لەسـەر شاشەی مۆنیتەری کۆمپیوتەرەکە بکەین و دەنگ و مۆسیقاشی بۆ زیاد بکەین، ئەو کاتـە بۆمـان دەردەکـەوێت ئێمـە بـە تـەنها هەواڵەکـە نابینین، بەڵکو دەبیستین و هەستی پێ دەکەین، ئەمـە ڕووداوێکـی تازەیـە بـە لای پـەیام وەرگـرە ئەلیکترۆنییەکانـەوە. گرنگـی و پێداویسـتیی دیـالۆگ لـە کـاتی داڕشــتنی هەواڵەکانــدا بــۆ بــەهێز کردنــی هەســتی گــوێگرتن "خوێنــەرانی هــەواڵ" و دوورکەوتنــەوە لــە "وشــەی قەڵــەم" لــەم دوو داوەوە سەرچاوە دەگرێت:

> "لەبـەر ئـەوەی هـەواڵی ئـەلیکترۆنی زۆر بـە خێرایـی لـە پـێش چـاوو گوێماندا تێدەپەڕێت و پێچەوانەی هەواڵی "نووسراوە" کە وەستاوو چەسـپاوە. لەبەر ئەوەی ناتوانرێت هەواڵی ئەلیکترۆنی جارێکی تر بگەڕێنرێتـەوە دواوەو سەر لە نوێ بخوێنرێتەوە، لە بواری زمانەوانییەوە زیاتر لـە ئاخـاوتن دەچـێت، ئەم مەسەلەیەش بەو مانایە دێـت کـە لـە هـەواڵ نووسـیندا نابێـت سـوود لـە "زمانی کتێب" وەربگیرێت. بە ڕێکەوت ئەگەر لـە کـاتی وتووێـژکردنی دوو کەسدا یەکێکیان لە جیاتی زمانی ئاسایی خەڵك بە "زمانی کتێـب" قسـە بکات، بەرامبەرەکەی ئاگاداری دەکاتـەوە کـە "بـۆ بـە زمـانی کتێـب قسـە دەکـەن؟!" هـەر لەبـەر ئەمەیـە، نزیـك بوونـەوە لـە زمـانی (سـتاندارد) پێداویستییەکی نووسینی هەواڵی ئەلیکترۆنییە.

---

1-یونس شکر خواه، "خبر الکترونیك جگونه نوشته می شود؟"، رسانه ش38.

www.pertwk.com

له قوتابخانه ڕۆژنامەوانییه جیهانییەکاندا به خوێندکاران دەڵێن:

فۆڕمی نووسینی ئێمه: (S+V+O)یەو ئەمەش واتا قۆڕمی نووسینی ڕسته:

بکەر (Subject)+ کردار (Verb)+ ئاوەڵکردار (Object). ئەوان به خوێندکاران دەڵێن: ئەگەر دەتانەوێت هەواڵ بۆ میدیا ئەلیکترۆنییەکان بنووسن، له هەندێ حاڵەتدا دەتوانن جێ گۆڕکێ به فۆرمەکه بکەن و بەم شێوەیه بنووسن (S+V+O)"[1].

له ڕاستیدا کورت کردنەوەی ڕسته له سێ ڕەگەزی بکەر (S) و ئاوەڵکردار (O) و کردار (V)، به مانای فڕێدانی زاراوەو وشه زیادەکانه. ئەو زاراوەو وشه زیادانه له کاتی گەیاندنی مانای پەیامەکه، پەیام وەرگرەکه تووشی سەرقاڵی و تەشویش دەکەن.

تەنانەت له ئاخاوتنه ئاساییەکانیشدا ئەم بەکار هێنانی وشەو کەم قسەکردنه، شتێکی پەسەنده. له نووسینی هەواڵی ئەلیکترۆنیدا، دەبێت بەو جۆره بنووسین که قسەی پێ دەکەین. له هەواڵی ئەلیکترۆنیدا دەبێت له وتوویژ نزیك بکەوینەوه به زمانی پێوانه بنووسین.

*ستایلی نووسینی هەواڵی ئەلیکترۆنی:

دوو هۆکاری "کات" و "اقتصاد"، له پەیوەندییه کۆمپیوتەرییەکاندا کاریگەرییەکی زۆر دەکەنه سەر ڕەچاوکردنی کەم بەکار هێنانی وشەو کورت نووسین له لای پەیامنێرو ڕۆژنامه نووسی

---

1-هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص61-62.

www.pertwk.com

ئەلیکترۆنییەکانـدا. ئـەمڕۆ لـە گروپـە هەواڵییـە ئینتەرنێتییەکانـدا، ستایلی نووسینی هەواڵ بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسەی بۆ کراوە:

1-لە خوار ئاستی خوێندنی خوێنەر بنووسن، خەڵکانی ئاسایی لە ئـەمریکا ئاسـتی خوێنـدنیان تـاکو پـۆلی پێنجەمـە (11 سـاڵەکان). ناوەندی لە ئاستی خوێندنی خەڵکانی پیشەوەر لەئەمریکا دیبلۆمە.

2-کەڵك لە پەرەگرافی کورت و شیرین وەربگرن، ئەم مەسەلەیە بە مانای کورت نووسینە نەك ڕەمز نووسین.

3-کەڵك لە پانتایی سپیی دەقەکە وەربگرن، پانتایی سپی پانتاییە تێکچووەکان نییەو یارمەتیی زیاتر ڕوون بوونەوەی بابەتەکە دەدات، پەڕاندنی سەترێك، تەنها (بایت)ێك دەخاتە سەر فایلەکە، بەڵام زیاتر بابەتەکە ڕوون دەکاتەوە.

4-لـە هەڵبـژاردنی زاراوەکانـدا زۆر وردبـین بـن، لـە وتـارە ئەلیکترۆنییەکاندا، زاراوەکان گرنگیی زۆرتریان هەیە.

5-خەڵك بە گشتی دەتوانێت لە یەك کاتدا تەنها (حەوت بابەت درك پـێ بکـەن)، لە پەرەگرافەکانتاندا ئەو بابەتە لەبەر چاو بگرن، خۆتان تووشی ئاڵۆزکاریی زمان و سەر لێ شێوانی دەق مەکەن.

6-خۆتـان لـە کـورت کردنـەوە بپـارێزن، ئەگـەر کـەڵکتان بـە کورتکردنەوە وەرگرت دەبێت بە شێوەیەکی تەواو شیی بکەنەوە-(بۆ نوونـە HHO ڕێکخـراوی تەندروسـتیی جهانییـە) یـان UN نەتـەوە یەکگرتووەکانە.

7-ئەو ڕستانەی کە پرسیارو "نەفی" یان تێدایە، کاتی زۆریان دەوێت تاکو خوێنەران لە بابەتەکەیان حاڵی بێت، بۆیە خۆتان لەو جۆرە ڕستانە دوور بخەنەوە.

www.pertwk.com

ئەمە لە یاد مەکەن کە ڕستەی نادیار، خوێنەر تووشی سەرگەردانی دەکاتو ڕستەی "نەفی"یش باس لە ڕوونەدانی ڕووداوێك دەکات، خودی ئەوەش جۆرێکە لە بێ ئاگایی. لە هەموو یان خراپتر، ڕستەی پرسیارییە، دەبێت خوێنەر پرسیار بکات. پەیامنێریش دەبێت وەڵامەکەی بدۆزێتەوە. تەنانەت ئەو پرسیارانەی کە پەیامنێرەکان لە خەڵکی دەکەن، پرسیاری خوێنەرانن‌و لە زمانی ئەوەوە لە بەرامبەرەکانیان دەکرێن بۆ ئەوەی وەڵامیان دەست بکەوێت.

8-هەوڵ بدەن هەڵە نەکەن، ئینتەرنێت تۆڕێکی جیهانییە، لەوانەیە کارمەندەکانتان، هاوسەر یان دراوسێ‌و منداڵەکانتان هەواڵەکانتان بخوێننەوەو (Co Office)ەکانی تۆیان بۆ هەتا هەتایە لە یادا بچەسپێت.

دوایین قسە ئەوەیە کە تاکو ساڵی (2006) کۆشکەکانی فرۆشتنی ڕۆژنامە، گۆڤارو ڕۆژنامە لەسەر ئامێری خوێندنەوەی ئەلیکترۆنی دەخەنە ڕوو تا لە ساڵی (2018) ڕۆژنامەی کاغەزی بە تەواوی نامێنێت، دەبێت چی بکەین؟ ئایا دەبێت خۆمان بۆ ئاینده ئامادە بکەین، یاخود پشت بە شێوازە کۆنەکان ببەستین؟!

ئەوە لە یاد نەکەین لە هەردوو حاڵەتەکەدا، لێکچوونێکی سەیر لە نێوان تیۆری داڕشتنی ڕۆژنامەی کاغەزی‌و ئەلیکترۆنیدا هەیەو کاری ڕۆژنامە نووسەکان ئاسان دەکات، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا ئاشنایی لەگەڵ کۆمپیوتەرو چۆنییەتیی بەکارهێنانی، خاڵی نوێ لە خۆی دەگرێتو پەیامنێرەکانی هەزارەی سێیەم دەبێت فێریان ببێت.

www.pertwk.com

# سەرچاوەکان

- آخوندزاده، فتحعلی، تمثیلات، به همت باقر مومنی، تهران: نشر انـدیشه، [بی‌تا].
- اسکارپیت، روبر، جامعه‌شناسی ادبیات، مترجم دکتر مرتضی کتبی، تهران: سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها (سمت)، ۱۳۷۴.
- العروضی السمرقندی، احمدبن عمربن علی النظامی، چهار مقاله، تصحیح محمدبن عبدالوهاب قزوینی، لیدز: [بی‌نا]، ۱۹۰۹ میلادی.
- ال گیبسن، دکتر مـارتین، روزنـامه‌نگاری در عـصر الکـترونیک، مـترجـم سیدمحسن تقوی، تهران: آینه‌کتاب، ۱۳۷۱.
- آنجلو، بونی، «تام ولف، رمان نویسی وقایع نگار»، کیهان فرهنگی سال ششم، تیر ۱۳۶۸.
- بدیعی، دکتر نعیم ، «معیارهای گزینش خبر»، در فصلنامه رسانه سال اول، ش ۱ بهار ۱۳۶۹.
- باطنی، محمدرضا، «جامعه‌شناسی زبان»، فصلنامه فرهنگ و زنـدگی، ش ۲۱ و ۲۶، بهار و تابستان ۱۳۵۵.

www.pertwk.com

- بهارملک الشعراء، محمدتقی، سبک شناسی تاریخ تطور نثر فارسی، جلد سوم، چاپ نهم، تهران: انتشارات مجید، ۱۳۷۶.
- بهارملک الشعرا، محمدتقی، سبک شناسی تاریخ تطور نثر فارسی جلد دوم، چاپ نهم، تهران: انتشارات بدیهه، ۱۳۷۶.
- پاترنو سترو، سیلوانا، «سه روز با گابو»، مترجم مژده دقیقی، در ماهنامه جهان‌کتاب سال دوم، شماره یازدهم و دوازدهم، خردادماه ۱۳۷۶.
- پی‌وانو، فرناندا، همینگوی، مترجم رضا قیصریه، تهران: نشر نقره، ۱۳۶۸.
- پورمرادیان، قربانعلی، بیژن نفیسی، درس خبرنویسی برای مطبوعات (روزنامه‌نگاری خبر) با ضمیمه کتابشناسی روزنامه‌نگاری در ایران، [ پلی کپی ] انتشارات دانشگاه آزاد اسلامی واحد تهران، دانشکده ادبیات و علوم انسانی، گروه علوم اجتماعی سال تحصیلی ۷۳-۱۳۷۲.
- پیر آلبر و فرناندو ترو، تاریخ مطبوعات جهان، مترجم دکتر هوشنگ فرخجسته، تهران: انتشارات پاسارگاد، ۱۳۶۳.
- تامسون، بنیاد، گزارش نویسی توسعه روزنامه نگاری توسعه انسانی ، بنیاد تامسون ، جزوهٔ یونیسف، [ پلی کپی ] تهران : مرکز مطالعات و تحقیقات رسانه‌ها، ۱۳۷۴.
- توماس، استیو، «نوشتن داستان‌های ۵۵ کلمه‌ای»، مترجم ساسان قاسمی، هفته‌نامه پیام زنجان، پنجشنبه ۱۲ آبان ۱۳۷۹، ش ۲۸۴.
- تولستوی، لئون، هنر چیست؟ مترجم کاوه دهگان، چاپ هفتم، تهران: انتشارات امیرکبیر، ۱۳۶۴.
- پژوهش‌های کیهان، دفتر، «نیمه پنهان سیمای کارگزاران فرهنگ و سیاست»، روزنامه کیهان شماره ۱۶۴۱۸، دوشنبه ۲۱ دی ۱۳۷۷.
- داد، سیما، فرهنگ اصطلاحات ادبی، تهران: انتشارات مروارید، ۱۳۷۳.
- دشتی، سیدمحمد، «از قائم‌مقام تا جمال‌زاده»، ماهنامه کیهان فرهنگی سال

www.pertwk.com

پانزدهم، مهر ۱۳۷۷.
- زارعی، حسین، «افراد خلاق چه ویژگیهایی دارند؟» در روزنامه همشهری چهارشنبه ۲۲ تیر ۱۳۷۹.
- شکرخواه، یونس «خبر الکترونیک چگونه نوشته می‌شود؟»، فصلنامه رسانه، سال ۱۰، ش ۳، پاییز ۱۳۷۸.
- صادقی، دکتر علی اشرف، «زبان معیار» درکتاب دومین سمینار زبان فارسی در صداوسیما، تهران انتشارات سروش ۱۳۷۱.
- عابدینی، حسن، صد سال داستان‌نویسی در ایران جلد اول از ۱۲۵۳ تا ۱۳۴۲، تهران: نشر تندر، ۱۳۶۹.
- عماد افشار، حسین، شیوه نگارش فارسی در مطبوعات، تهران: انتشارات دانشگاه علامه طباطبایی، ۱۳۷۲.
- عمادافشار، حسین، دستور و ساختمان زبان فارسی، تهران: مؤلف، ۱۳۶۴.
- عمادافشار، حسین، «داشتن یک رسم‌الخط واحد از نان شب هم واجب‌تر است»، روزنامه ایران، چهارشنبه ۱۲ اردیبهشت ماه ۱۳۷۵.
- عمید، حسن، فرهنگ فارسی عمید جلد دوم ذ ـ ی، تهران: موسسه انتشارات امیرکبیر، ۱۳۷۴.
- غلامحسین‌زاده، غلامحسین، راهنمای ویرایش، تهران: سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاه‌ها (سمت)، ۱۳۷۹.
- غیاثی، دکتر محمدتقی، درآمدی بر سبک شناسی ساختاری، تهران: انتشارات شعلهٔ اندیشه، ۱۳۶۸.
- فویوه پنگ و دیگران، «چرا نشریه الکترونیک منتشر می‌کنیم؟»، فصلنامه رسانه سال ۱۰، ش ۳، پاییز ۱۳۷۸.
- قاسمی، به اهتمام سیدفرید، نخستین کوشش، تهران: خانه مطبوعات، ۱۳۷۲.

www.pertwk.com

- قندی، حسین، ویراستاری و مدیریت اخبار، [ پلی کپی ] تهران: انتشارات دانشکده علوم اجتماعی دانشگاه علامه طباطبایی، [بی تا].
-کاتس، استفن، «چگونه پست مدرن حرف بزنیم و پست مدرن بنویسیم»، در پست مدرنیته و پست مدرنیسم تعاریف نظریه‌ها و کاربست‌ها، مترجم و تدوینگر حسینعلی نوذری، تهران: انتشارات نقش جهان، ۱۳۷۹.
- کوپن، جی.دی و جی.آ. اسوان، «علم نگارش علمی»، مترجم هوری میوه‌چی در مجله علوم و تکنولوژی پلیمر سال هفتم ش ۱، اردیبهشت ۱۳۷۳.
-کتاب، نشریه گزارش، خبرنامه اتحادیه ناشران وکتابفروشان تهران، سال یکم، پیش شماره ۱۰، تیرماه ۱۳۷۶.
- گایار، فیلیپ، فنّ روزنامه‌نگاری، مترجم فضل‌الله جلوه، تهران: شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، ۱۳۷۴.
-گوهرین، کاوه، «بحثی در مینیمالیسم و تطبیق آن با حکایت در ادب فارسی آینده رمان»، روزنامه آریا، شنبه ۱۶ بهمن ۱۳۷۸ سال دوم، ش ۴۲۴.
گیتلین، تاد، «بدنویسی و مجهول‌نویسی در ارتباطات»، مترجم حسن نورایی بیدخت. فصلنامه رسانه، سال ۱۰، ش ۴، زمستان ۱۳۷۸.
- مارکز، گابریل گارسیا، «واقعیت باورنکردنی در آمریکای لاتین»، مترجم صفدر تقی‌زاده، درکتاب سخن مجموعه مقالات، چاپ دوم تهران: انتشارات علمی، ۱۳۶۶.
- مارکز، گابریل گارسیا، ساعت شوم، ترجمه احمدگلشیری تهران نشر نو ۱۳۶۲.
- محمدی، کامران، «شمع‌ها خاموش نمی‌شوند»، برگزیدگان نخستین همایش داستانهای مینی مالیستی، تهران: دفتر مطالعات ادبیات داستانی، ۱۳۷۹.
- مراغه‌ای، زین العابدین، سیاحت‌نامه ابراهیم بیک، چاپ سوم تهران: نشر اندیشه، ۱۳۵۳.
-مسعودی، امید، «نثر ژورنالیستی؛ از ابهام تا واقعیت» روزنامه کیهان شنبه اول

www.pertwk.com

آذر ۱۳۷۶، ش ۱۶۰۸۹.
ـ مسعودی، امید، «خبر و زبان معیار» روزنامه کیهان سه‌شنبه چهارم آذر ۱۳۷۶، ش ۱۶۰۹۲.
ـ مسعودی، امید، «زبان معیار و ریشه‌های بدبینی» روزنامه کیهان شنبه هشتم آذر ۱۳۷۶، ش ۱۶۰۹۵.
ـ مسعودی، امید، «منابع در روزنامه موجود است!» روزنامه ایران سال پنجم، یکشنبه ۱۶ اسفند ۱۳۷۷، ش ۱۱۸۶.
ـ معتمدنژاد، دکتر کاظم با همکاری ابوالقاسم منصفی، روزنامه‌نگاری بافصلی جدید در بازنگری روزنامه‌نگاری معاصر، چاپ سوم، تهران: مرکز نشر سپهر، ۱۳۶۸.
ـ نجفی، ابوالحسن، غلط ننویسیم (فرهنگ دشواری‌های زبان فارسی)،، چاپ سوم، تهران: مرکز نشر دانشگاهی، ۱۳۷۰.
ـ یغمائیان. بهروز، «سازمان تجارت جهانی، سازمان نوین اقتصاد جهان» روزنامه نشاط، سال اول پنجشنبه ۶ اسفند ۱۳۷۷، ش ۶.

www.pertwk.com


- Colomb, Gregory G., and Joseph M. Williams. 1985. Perceiving structure in Professional prose: a multiply determined experience. In Writing in Non-Academic Settings, eds. Lee Odell and Dixie Goswami. Guiford press.

- Herbert Kay," Toward an Underststanding News Reading Behavior", Journalism Quarterly, 31 (1954).

- Georg A. Hough. News Writting. 3rd ed. Dallas, TX: Houghton

- Gopen, George D. 1987. Let the buyer in ordinary course of business beware:Suggestions for Revising the language of the Uniform Commercial Code. University of Chicago Law Review 54.

- Gopen, George D. 1990. The Common Sense of Writing: Teaching Writing from the Reader's Perspective. To be published.

- Melvin mencher, Basic News Writting, Third Edition, Delhi: Universal Book stall, 1993.

- Michael Ruffner. "An Empirical Approach For the Assessment of Jornalistic Writting"Journalism Quarterly, 58 (1981).

- Usenet News Writing Style/ http://WWW.uea.ac.uk/cpc/ Services/ Comms/ new writ. html.

- Williams, Joseph M. 1988. Style: Ten Lessons in Clarity and Grace Scott, Foresman, & Co.